ژمارە (560) دووشەممە 2019/7/1 - 10ی پووشپەڕ 2719 (750) دینار

# ئەو منداڵەی جگەری پێبەخشرا، پێنج خوشک و برای بە هەمان نەخۆشی مردوون



**رووداو – هەولێر**

دوای بانگەوازێکی (رووداو) بۆ بەهاناوەچوونی منداڵێکی یەک ساڵان کە بەدەست نەخۆشیی ڤایرۆسی جگەرەوە ژیانی لە مەترسیدایە، فاتیح مەولەوی زادە، سکرتێری پێشووی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، پارچەیەک لە جگەری خۆی پێ بەخشی. فاتیح مەولەوی زادە، رۆژێک پێش نەشتەرگەریی بەخشینی جگەری بەو منداڵە بە (رووداو)ی گوت: "بانگەوازەکەم لە رووداو بینی، پزیشک شەش مانگی بۆ هەنگاو دانابوو کە ئەگەر نەشتەرگەریی چاندنی جگەری بۆ نەکرێت دەمرێت، بۆیە وەکو کارێکی مرۆیی و لەپێناوی خودا بڕیارم دا پارچەیەک لە جگەری خۆمی پێببەخشم".

رۆژی 2019/6/28 لە نەخۆشخانەی فۆرتیس لە هیندوستان نەشتەرگەرییەکی قورس کە زیاتر لە 8 سەعات و نیوی خایەند، بۆ فاتیح و هەنگاو بە سەرکەوتوویی کرا.

عارف جەرجیس، باوکی هەنگاو، 18 ساڵە هاوسەرگیری کردووە و لەو ماوەیە 7 منداڵیان بووە، بەڵام تەنیا دوویان لە ژیاندا ماون. عارف دەڵێت: "تاوەکو ئێستا سێ کوڕ و دوو کچی دیکەم بە هەمان نەخۆشی مردوون، پزیشکەکان دەڵێن بەهۆی خزمایەتیی نێوان من و هاوژینەکەمە کە منداڵەکانمان تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن".

«2



**رێبوار کەریمی:**
**رۆژهەڵاتی ناوداران!**

18

**کۆمپانیا بیانییەکان**
**روو لە هەرێمی کوردستان دەکەنەوە**

8

**سەرەتا رێگە بە دوو لیوای پێشمەرگە**
**دەدرێت بگەڕێنەوە کەرکووک**

3

# یەکێتی ناوێکی نوێ بۆ پارێزگاری کەرکووک دەداتە پارتی

**رووداو – سلێمانی**

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەڵێت کۆبوونەوەی دووشەممەیان لەگەڵ پارتی دوایین کۆبوونەوە دەبێ لەگەڵ پارتی لەسەر پرسی دانانی پارێزگارێک بۆ کەرکووک، هەر لەو کۆبوونەوەیە ناوێکی نوێ دەدەنە پارتی.

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2019/7/1 شاندی پارتی بە سەرۆکایەتی مەحموود محەممەد و شاندی یەکێتی بە سەرۆکایەتی قادر حەمەجان، لە هەولێر کۆببنەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (رووداو)ی راگەیاند: "یەکێتی بە چەند ناوێکەوە دێتە نێو کۆبوونەوەکە، ئێمەش چەند ناوێکمان پێیە و هەوڵدەدەین لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر ناوێک رێکبکەوین کە هەردوولا پێی رازی بین".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پارتی چەند ناوێکی بێلایەنی بەدەستەوەیە و دەیەوێت بیخاتە سەر ئەو مێزەی یەکێتی ناوەکانی خۆی لەسەر دادەنێت و یەکێک لە بەربژێرە دڵخوازەکانی پارتیش بۆ ئەو پۆستە عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگاری پێشووتری کەرکووکە، بەڵام یەکێتی هەوڵ دەدات هەرچۆن بووە پارتی بە عومەر ئینجە یان خالید شوانی رازی بکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکانی یەکێتی و پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند، پارتی و یەکێتی هەوڵ دەدەن لە پێناو رێککەوتن و پێکهێنانی حکومەت لەم کۆبوونەوەیەدا رێکبکەون "ئەگەر رێکنەکەوتن، دوور نییە پێشنیازی دانانی پارێزگارێکی کاتی بکەن، تاوەکو ئەوکاتەی دەگەنە رێککەوتنی کۆتایی بۆ دانانی پارێزگارێک کە هەردوولا قایل بکات".

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ کۆبوونەوەی دووشەممە دواهەمین کۆبوونەوەیە لەگەڵ پارتی "یەکێتی ناوی نوێ دەدات بە پارتی، ئەگەر رێککەوتن ئەوە باشە، ئەگەریش رێکنەکەوتن، ئیدی دانیشتنی دیکە ناکرێت و هیچ ناوێکی نوێ ناخرێتە بەردەست".



لەبارەی ناوە نوێیەکانیشەوە، رەتیکردەوە کەسانێک بن کە پۆستی بەرزی حیزبییان هەبێت، بەڵام گوتی "ئەو ناوانە دواهەمین ناوی یەکێتی دەبن کە گفتوگۆیان لەسەر بکات، چونکە ئەمە کۆتا دانیشتنی یەکێتی و پارتییە لەوبارەیەوە".

زیاد جەبار، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی سەوز دەڵێ، دەبێت لیژنەکە کۆبوونەوەیەکی ئیجابی بکەن و بگەنە رێککەوتن و چاوەڕوانی خەڵک کۆتایی بێت "دەبێت تاوەکو 12ی مانگ هەموو شتێک ببڕێتەوە و کاندیدەکان پێشکەش بکرێن، من وەک خۆم گەشبینم بە رێککەوتن". بەڵام جەمال حەوێز، ئەندامی هەمان فراکسیۆن زیاتر گەشبینە و پێیوایە بەرەوپێشچوونی زۆر روویداوە: "لەرێگەی مەکتەبی سیاسییەوە هەواڵمان پێدراوە کە نزیکبوونەوە روویداوە و بڕیارە بگەنە ئەنجامێکی باش".

«3

## چاوی لە پشتگیریی هەرێمی کوردستان و رەزامەندیی بەغدایە

# تورکیا بەنیازی زۆنێکی ئەمنییە لە خواکوڕک

**رووداو–هەولێر**

ماوەی نزیکەی مانگێکە ئۆپەراسیۆنێکی چڕی تورکیا لەدژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەناو خاکی هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووە، سەرچاوە ئەمنییەکانیش دەڵێن تورکیا پلانی ئەوەی هەیە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە هەرێمی کوردستان بنکەی سەربازی و لۆجستیکی دابنێ.

نزیکەی مانگێک دەبێ تورکیا دەستی بە ئۆپەراسیۆنی "چنگ" کردووە، ئۆپەراسیۆنەکە لە ناوچەی خواکوڕکە و دەکەوێتە سەر سنووری نێوان هەرێمی کوردستان، تورکیا و ئێران. بەگوێرەی راپۆرتەکە، لەو ئۆپەراسیۆنەدا 4000 سەربازی تورک لە دوو فیرقەی کۆماندۆ و هەندێک هێزی تایبەت بەشدارن. بۆ یەکەمجاریش کەڵک لە مووشەکی زەمین - بۆ - زەمینی بۆرا (تۆفان) وەرگیراوە و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تی بی 2 و فڕۆکەی جەنگیی ئێف 16ش بەشدارن.

کۆمەڵێک سەرچاوەی ئەمنی بە (ئەلمۆنیتەر)یان راگەیاندووە "ئۆپەراسیۆنی چنگ" هاوشێوەی "ئۆپەراسیۆنی بەرەبەیان"ـە لە ساڵی 1997 کە بۆ ماوەی سێ مانگ درێژەی کێشا و لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنەدا کۆمەڵێک بنکەی سەربازیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دانران، لەوانەش هێزەکانی تورکیا بنکەیان لە زاخۆ، دهۆک، باتیفا، بێگۆڤا و شێلادزێ و هێڵی بەرگری لە چیای گارە و چیای مەتین و ناوچەی زاپ و ئاڤاشین دانا.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری تورکیا، بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی، بە ماڵپەڕەکەی راگەیاندووە کە ناردنی هێز و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە خواکوڕک سەختە، بۆیە تورکیا دەیەوێ بۆ درێژماوە لەو ناوچەیە بمێنێتەوە و وەک 2008 پشت بە تەکتیکی لێدان و دەرچوون نەبەستێ.

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە تورکیا دەیەوێ لە رێگەی "ئۆپەراسیۆنی چنگ"ەوە زۆنێکی ئەمنی لە خواکوڕک دروستبکات، بۆ ئەوەش چاوی لە "پشتگیریی هەرێمی کوردستان و رەزامەندیی بەغدا"یە. سەرچاوەکە دەڵێ "ئێمە دەزانین کە نە بەغدا و نە هەولێر خۆیان بە تەنیا هێزی ئەوەیان نییە پەکەکە لە خواکوڕک دەربکەن".

بەپێی راپۆرتەکە "لەوانەیە تورکیا لە قۆناغەکانی داهاتووی ئۆپەراسیۆنی چنگدا ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هاوبەش لەگەڵ پێشمەرگە بکات و دوای پاشەکشەی پەکەکە، ناوچەکە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەوە". ئەوە لەکاتێکدایە کە پێشمەرگە بە درێژایی زیاتر لە 20 ساڵی رابردوو خۆی لە شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا بەدوور گرتووە و نەبووەتە بەشێک لەو هەڵمەتە سەربازییانە.

«5

# لیژنەیەک لە کڕینی کەلوپەلی خانووی پەرلەمانتاران دەکۆڵێتەوە

**رووداو–هەولێر**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت پارەیەکی زۆر لە کڕینی کەلوپەل و نۆژەنکردنەوەی خانووی پەرلەمانتاراندا بە هەدەر دراوە. سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ئەو گومانە پێکدێنێ.

دابان محەممەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "پاش ئەوەی خولی تازەی پەرلەمان دەستبەکار بوون، دەبوو شوقە و خانووەکانی پەرلەمانتارانی خولی پێشوو نۆژەن بکرێنەوە و بدرێن بە پەرلەمانتارانی تازە، بەڵام کارەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کراوە، ئەو پارەیەی کە بۆی تەرخانکراوە نازانرێت چەندە، زانیاریمان هەیە کە لە کڕینی کەلوپەلەکاندا گەندەڵی کراوە". ئەو پەرلەمانتارە هەروەها دەڵێت "لە سەرووی 300 ملیۆن دینار بەهەدەر دراوە".

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: "لە پسوولەی کڕینی کەلوپەلەکاندا کەموکووڕی هەیە و ئەو نرخانەی لەسەر پسوولەکانن لەگەڵ نرخی راستەقینەی کەلوپەلەکان یەکناگرنەوە، بۆیە گومان لەسەر پسوولەکان و ئەو پارانەش هەیە کە لیژنەی کڕین خەرجی کردوون".

بەڵام هیوا نەسرەدین، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی پەرلەمان لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێمە لە پەرلەمان بەدواداچوون بۆ کارەکانی لیژنەکە دەکەین، هێشتا هیچ ئەنجامێک دەرنەکەوتووە، پەرلەمانتارەکان هیچ زانیارییەکیان نییە، بۆیە هەر زانیارییەک کە دەیدەن ناتەواوە، ئێمە خۆمان بۆ جاری دووەم شتەکان چێک دەکەینەوە".

بەپێی زانیارییەکان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە پێکهێناوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بابەتەکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "پێشتر لیژنەیەک پێکهێنرابوو، بەڵام بە فەرمانی د.ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکە هەڵوەشێنراوەتەوە و لیژنەیەکی تازە دروستکراوە. لێکۆڵینەوە لە سەرجەم شوقە و خانووەکانی پەرلەمانتاران دەکرێت کە چ کەلوپەلێک بۆ نێو ماڵەکانیان کڕدراوە، لێکۆڵینەوەش لەگەڵ لیژنەی کڕین، لیژنەی چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی خانووی پەرلەمانتاران و بەڕێوەبەرایەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوانی پەرلەمان دەکات و بەدواداچوون بۆ نرخ و چۆنیەتی کڕینی کەلوپەلەکانیش دەکات".

«4

تاراوگە 11

**ئەڵمانیا ڤیزا ناداتە تیمە کوردییەکەی پەبجی**



راپۆرت 4

**بەناوی پرۆژەی کاتی کڕین و فرۆشتن بە زەوییەکانی شارەوانییەوە دەکرێ**

راپۆرتە هەواڵ 2

**لە دهۆک 70 کەس چاوەڕێی سزای لەسێدارەدانن**



ژنان 12

**دوو لە تۆمەتبارانی کەیسی کچە حەوت ساڵانەکە هێشتا نەگیراون**





## منداڵە گەشتیارێکی عەرەب کەوتە نێو ئاوی بێخاڵ

**ڕووداو– هەولێر**

ڕۆژی 2019/6/30 منداڵێکی گەشتیاری عەرەب کەوتە نێو ئاوی بێخاڵ و ئاو بردوویەتی، تیمەکانی بەرگری شارستانی سەرقاڵی دۆزینەوەین. کاروان میراودەلی، بەرپرسی بەشی هونەریی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "منداڵەکە کەوتووەتە نێو سەرچاوەی ئاوی بێخاڵ و ئاوەکە بردوویەتی، بەهۆی زۆریی ئاوەکەش گەڕان بەدوایدا و دۆزینەوەی زۆر ئەستەمە". کاروان میراودەلی هەروەها گوتی "منداڵەکە لەگەڵ دایک و باوکی لە شاری بەغداوە وەک گەشتیار هاتوونەتە ناوچەکە و تەمەنی شەش ساڵە". لە دووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان منداڵێکی دیکەی عەرەب کە تەمەنی چوارساڵ بوو کەوتە نێو ئاوی بێخاڵ و تاوەکو ئێستاش نەدۆزراوەتەوە.

# لە دهۆک 70 کەس چاوەڕێی سزای لەسێدارەدانن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

هەفتەی ڕابردوو دادگای دهۆک سزای لەسێدارەدانی بۆ بکوژی دلین ئەحمەد دەرکرد، پارێزەرەکەی مانگێکی لەبەردەمە بۆ تانەدان لە بڕیاری دادگا. دواتر لەسێدارەدانی بکوژی دلین دەوەستێتە سەر ئەو ئیمزایەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەیخاتە سەر بڕیاری لەسێدارەدانەکە.

دلین ئەحمەدی تەمەن 10 ساڵ لە ئێوارەی دووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی ئەمساڵدا دیار نەما، دوای سێ ڕۆژ تەرمەکەی لە نزیک یاریگای دهۆک دۆزرایەوە، هەر هەمان ڕۆژ کەسێک بەناوی (ن.س) کە لەلایەن پۆلیسەوە وەکو گومانلێکراو دەستگیرکرابوو، دانی بە تاوانەکەدا نا.

ڕۆژی 2019/6/25 دادگایی بکوژی دلین بە ئامادەبوونی دایکی و باوکی و ژمارەیەک چالاکڤان و خەڵکی دهۆک بەڕێوەچوو. سەرەتا دایکی و باوکی و پارێزەرانی هەردوولا قسەیان کرد، دواتر بکوژ قسەی کرد و گوتی "من ئەو ڕۆژە سەرخۆش بووم، ئاگام لە خۆم نەبوو. دلین بە ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵم هات". گوتیشی: "پەشیمانم لەو کارەی کردم، داوا دەکەم لێم خۆش ببن".

بەڵام پەشیمانی و پاڕانەوە دادی بکوژی دلینی نەدا، دوای دوو سەعات دادوەر بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ بکوژ دەرکرد. دایک و باوکی دلین کاتێک گوێیان لە بڕیارەکە بوو، فرمێسکی شادی بە چاوانیاندا هاتە خوارێ. باوکی دلین گوتی: "هەر لە سەرەتاوە ئومێدێکی زۆرم بە یاسا هەبوو، دڵنیا بووم مافی کچەکەم نافەوتێ، ئێستاش زۆر خۆشحاڵم بە دەرچوونی ئەو سزایە بۆ بکوژی کچەکەم، بەڵام هەتا سزاکەی جێبەجێ نەکرێ، دڵم ئۆقرە ناگرێ".

دوای دەرچوونی سزاکەی، بکوژی دلین نێردرایە زیندانی زرکا. دلێر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە دهۆک دەڵێت سەردانی بکوژەکەی کردووە لە زیندان. قسەکانی بکوژی گێڕایەوە و گوتی: "بکوژەکە دەڵێت لە کاتی ڕووداوەکە سەرخۆش بووم. لێم پرسی چۆن دلینت برد بۆ ئەو شوێنە؟ گوتی: نازانم چۆن بوو، بەڵام نزیکەی 45 خولەک بەپێ ڕۆیشتین و دواتریش لەو شوێنە کوشتم".

دلێر عەبدوڵڵا دەڵێت ئەوان دژی لەسێدارەدانی بکوژی دلینن، چونکە ڕەنگە دواجار بێتاوان دەربچێ. ئەو نموونە بە گەنجێک دێنێتەوە کە سزای 15 ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچووە، بەڵام دوای سێ ساڵ دەرکەوتووە بێ تاوانە.

دلێر لەو باوەڕەدایە سزای لەسێدارەدان نابێتە هۆی کەمبوونەوەی تاوان و دەڵێت: "سەیری ئێران بکەن کە سزای لەسێدارەدانی هەیە، بەڵام بەردەوام تاوان لە هەڵکشاندایە".

بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە دهۆک گوتیشی: "75 کەس لە دهۆک سزای لەسێدارەدانیان هەیە، وا حیساب بکە ئەوان هەموو ڕۆژێک لەسێدارە دەدرێن، چونکە نە سزاکەیان جێبەجێ دەکرێ و نە دەشگۆڕدرێ".

پارێزەری بکوژ مانگێکی لەبەردەمە بۆ تەمیزکردنەوەی بڕیاری دادگا. ئەگەر بڕیارەکە تەمیزکرایەوە و دیسان سزای لەسێدارەدان بۆ بکوژی دلین دەرچوو، ئەوە پلەی قەتعی وەردەگرێ و جێبەجێکردنی بڕیارەکە تەنیا پێویستی بە واژۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ.

## چیرۆکی ئەو خێزانەی لە پێنج خولەکدا خنکان

# ئەو منداڵەی بووە هۆی خنکانی پێنج کەس، ڕزگاری بوو

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

خێزانێکی هەشت کەسی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش دەچنە گوندی میسکا لەسەر ڕووباری خابوور، بەڵام تەنیا سێ کەسیان بە زیندوویی دەگەڕێنەوە. کاتێک منداڵێکی ئەو خێزانە دەکەوێتە ناو ئاوەکە و هەوڵی ڕزگارکردنی دەدەن، منداڵەکە ڕزگاری دەبێ، بەڵام پێنج ئەندامی خێزانەکە دەخنکێنن.

ئەوانەی خنکاون، دایک و باوکی منداڵەکە و کچێک و دوو کوڕن، تەرمی چواریان لە ئاوەکە دەرهێنران، بەڵام تەرمی باوکەکە بە ئاوەکەدا چووە و تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە.

ئەو ڕووداوە سەعات شەشی ئێوارەی 28ی حوزەیرانی 2019 لە گوندی میسکا لە ناوچەی باتیفای سەر بە قەزای زاخۆ لەسەر ڕووباری خابوور ڕوویدا.

حەمید حاجی، مامی حەسەن عەبدولقادری تەمەن 45 ساڵ کە سەرۆکی ئەو خێزانە بووە و هێشتا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە، گوتی: "ئەو ڕۆژە حەسەن لەگەڵ ژن و منداڵەکانی چوونەتە گوندی میسکا لەسەر ڕووباری خابوور، گوتبوویان دەچین هەوایەک دەگۆڕین و دەگەڕێینەوە".

حەسەن لەگەڵ هاوژینەکەی و دوو کچە 17 و 18 ساڵانەکەی و چوار کوڕەکەی کە تەمەنیان لە نێوان 6– 12 ساڵە، بە یەک ئۆتۆمبێل چوونەتە ئەو شوێنە.

حەمید نازانێ کامیان یەکەمجار کەوتووەتە نێو ئاوەکە، کچە 17 ساڵانەکە و دوو کوڕی حەسەن کە تەمەنیان 6 و 7 ساڵانە ماون، بەڵام دوو کوڕەکە تووشی شۆک بوون و قسەیان بۆ ناکرێ. کچە 17 ساڵانەکەش کەوتووەتە نێو ئاو، 50 مەترێک بە ئاوەکەدا ڕۆیشتووە و ڕزگار کراوە.

کچەکەی دەڵێت: "یەکەمجار برایەکم کەوتە ناو ئاو، باوکم کە مەلەزانە ویستی ڕزگاری بکات، بەڵام کەوتە ژێر ئاو، دایکم تەحەمولی نەکرد و ئەویش خۆی بە ئاوەکەدا دا. پاشان برا تەمەن 12 ساڵانەکەم، دوای ئەویش برا 10 ساڵانەکەم و خوشکەکەم خۆیان هاوێشتە ناو ئاوەکە، بەڵام هەموویان خنکان".

هەر زوو تەرمی دایکەکە و کچەکە و کوڕێکیان دۆزرانەوە و دەرهێنران، ڕۆژی دواتریش تەرمی کوڕەکەی دیکەیان دۆزرایەوە و دەرهێنرا، بەڵام تەرمی باوکەکە هێشتا نەدۆزراوەتەوە و لە خێزانەکەش تەنیا ئەویان مەلەی زانیوە.

ڕائیدی مافپەروەر بێوار عەبدولعەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی بەرگریی شارستانی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەتا ئێستاش بە دوای تەرمی حەسەندا دەگەڕێن. گوتیشی: "تەنیا لە مانگی حوزەیراندا نۆ کەس لە سنووری دهۆک خنکاون، جگە لە تەرمی حەسەن تەرمی چوار کەسی دیکەش هێشتا نەدۆزراونەتەوە کە دوویان ئافرەتن".



## برایەکی دیکەشی هەمان نەشتەرگەری بۆ کراوە

# ئەو منداڵەی فاتیح جگەری خۆی پێبەخشی، پێنج خوشک و برای بە هەمان نەخۆشی مردوون

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

دوای بانگەوازێکی (ڕووداو) بۆ بەهاناوەچوونی منداڵێکی یەک ساڵان کە بەدەست نەخۆشیی ڤایرۆسی جگەرەوە ژیانی لە مەترسیدایە، فاتیح مەولەوی زادە، سکرتێری پێشووی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، پارچەیەک لە جگەری خۆی پێ بەخشی. باوکی منداڵەکەش دەڵێت پێشتر 5 منداڵی دیکەی بەهۆی هەمان نەخۆشییەوە مردوون.

ڕۆژی 2019/4/27 ئینستاگرامی (ڕووداو) بانگەوازێکی بۆ بەهاناوەچوونی منداڵێک بەناوی (هەنگاو عارف)، تەمەن یەک ساڵ بڵاوکردەوە کە جگەری لاواز بووە و پزیشکەکانی گوتبوویان پێویستی بە چاندنی جگەر هەیە، بەڵام جگەری هیچ ئەندامێکی کەسوکارەکەی بۆ نەدەبوو. فاتیح مەولەوی زادە دوای ئەوەی بانگەوازەکەی بینیبوو، بڕیاری دابوو پارچەیەک لە جگەری خۆی پێ ببەخشێ.

فاتیح ڕۆژێک پێش نەشتەرگەریی بەخشینی جگەری بەو منداڵە بە (ڕووداو)ی گوت: "بانگەوازەکەم لە ڕووداو بینی، پزیشک شەش مانگی بۆ هەنگاو دانابوو کە ئەگەر نەشتەرگەریی چاندنی جگەری بۆ نەکرێت دەمرێت، بۆیە وەکو کارێکی مرۆیی و لەپێناوی خودا بڕیارم دا پارچەیەک لە جگەری خۆمی پێببەخشم".

مەولەوی زادە کە پێشتر گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە بووە، هەنگاو و بنەماڵەکەی نەناسیوە و پێشتریش یەکتریان نەبینیوە، فاتیح دەڵێ: "مانگێک پێش ئێستا لە ڕێگەی ئەو ژمارە مۆبایلەی لە ڕووداو دانرابوو پەیوەندیم بە باوکی هەنگاوەوە کرد، بەڵێنم پێدا پارچەیەک لە جگەرم بە هەنگاو ببەخشم".

لە هەولێر و هیندوستان پشکنین بۆ فاتیح و هەنگاو دەکرێت. فاتیح دەڵێت: "خۆشبەختانە ئەنجامی پشکنینەکان ئەوە بوو کە جگەری من بۆ منداڵەکە گونجاوە".



فاتیح مەولەوی زادە و هەنگاو عارف پێش نەشتەرگەرییەکە

ڕۆژی 2019/6/28 لە نەخۆشخانەی فۆرتیس لە هیندوستان نەشتەرگەرییەکی قورس کە زیاتر لە 8 سەعات و نیوی خایەند، بۆ فاتیح و هەنگاو بە سەرکەوتوویی کرا.

عارف جەرجیس، باوکی هەنگاو، 18 ساڵە هاوسەرگیری کردووە و لەو ماوەیە 7 منداڵیان بووە، بەڵام تەنیا دوویان لە ژیاندا ماون. عارف دەڵێت: "منداڵەکانی دیکەم تاوەکو تەمەنی شەش مانگی هیچ کێشەیەکیان نەبوو، بەڵام دواتر تووشی نەخۆشیی ڤایرۆسی جگەر دەبوون و دەمردن، تاوەکو ئێستا سێ کوڕ و دوو کچی دیکەم بە هەمان نەخۆشی مردوون، پزیشکەکان دەڵێن بەهۆی خزمایەتیی نێوان من و هاوژینەکەمە کە منداڵەکانمان تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن".

ئێستا هەنگاو خاوەنی برایەکە کە مامێکی لە مردن ڕزگاری کردووە. عارف جەرجیس دەڵێ: "کوڕێکی دیکەشم بەناوی هەڵگورد کە ئێستا تەمەنی 13 ساڵە، هەمان نەخۆشی هەبوو. ساڵی 2013 برایەکم بەشێک لە جگەری خۆی پێدا و لە مردن ڕزگاری کرد. ئەمجارەش کاک فاتیح ژیانی هەنگاوی ڕزگار کرد".

باوکی هەنگاو دەڵێت 20 هەزار دۆلاری لە نەشتەرگەرییەکەی هەڵگورد خەرجکردووە، بۆ خەرجیی نەشتەرگەرییەکەی هەنگاویش دەڵێت: "سوپاسی نووسینگەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەکەم کە بڕیاریاندا هەموو تێچووی چارەسەر و نەشتەرگەرییەکەی هەنگاو لەئەستۆ بگرن".

باوکی هەنگاو سوپاسی ڕووداو و فاتیح مەولەوی زادە دەکات و دەڵێ: "زۆر سوپاسی ڕووداو دەکەم کە بانگەوازیان بۆ چارەسەری کوڕەکەم کرد و لەڕێگەی ئەوانەوە خودا فریشتەیەکی وەکو فاتیح مەولەوی زادەی بۆ ئێمە نارد کە نەماندەناسی، بەڵام ئامادەبوو ژیانی خۆی بۆ کوڕەکەم بخاتە مەترسییەوە و بەشێک لە جەستەی خۆی پێ ببەخشێ".

## 366 کەس هێشتا دەستگیرنەکراون

# 1758 کەس بە تۆمەتی ساختەکردنی تابلۆی ئۆتۆمبێل دراونەتە دادگا

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان دادگا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ 1758 کەس دەرکردووە کە تابلۆی ئۆتۆمبێلیان ساختە کردووە. زۆربەیان دۆسیەکانیان لە دادگا یەکلاکراوەتەوە و زیندانی کراون و سزای دارایی دراون، بەڵام 366 کەس لەو تۆمەتبارانە فەرمانی دەستگیکردنیان هەیە و هێشتا دەستگیرنەکراون. بەرپرسانی هاتوچۆش دەڵێن لەنێو تۆمەتبارەکاندا کەسانی بیانیش هەن.

عەمید سیروان عەلی، بەڕێوەبەری بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێشتر خەڵکانێک ساختەکارییان لە تابلۆی ئۆتۆمبێلدا دەکرد، بەڵام دوای دروستکردنی سیستەمی ئای تی لە گومرگی خاڵە سنوورییەکان، هەموو ئۆتۆمبێلێک دەبێت بەو فیلتەرەدا تێپەڕێت، ئەگەرنا ساختەکارییەکە ئاشکرا دەبێت، جا لە ڕابردوودا کردبێتی یان ئێستا بیکات".

عەمید سیروان زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو سیستەمە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "سیستەمە تازەکە پەیوەندی بە خاڵە سنوورییەکانەوە هەیە، هەر ئۆتۆمبێلێک هاوردە دەکرێ دەبێ تابلۆ بکرێ، ڕاستەوخۆ دەینێرن بۆ بەشی ئای تی، ئەوانیش لەڕێگەی خاڵە سنوورییەکەوە لەو نووسراوە فەرمییە دڵنیا دەبنەوە کە بۆ ئۆتۆمبێلەکە کراوە، ئەگەر نووسراوەکە بەناوی ئۆتۆمبێلێکی دیکەوە بێت ساختەکارییەکە ئاشکرا دەبێت و دەچێتە نێو نووسراوە ساختەکانەوە".

لەو مامەڵە ساختەیە کڕیار و فرۆشیاریش تێوەدەگلێن، عەمید سیروان دەڵێ: "کڕیار و فرۆشیاری مامەڵەکە تێوەدەگلێن، بەڵام ڕەنگە کەسێک ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی هێنابێت و فرۆشتبێتییەوە، کڕیارەکە بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت ژمارەکەی ساختەیە ئۆتۆمبێلەکەی کڕیوە و بەناویشی کراوە، بەڵام لەکاتی نوێکردنەوەی ساڵیانەکەی ئاشکرا دەبێت کە تابلۆکە ساختەیە، بۆیە ئەویش ناوی دەچێتە نێو فایلی ساختەکارییەکە و دەبێت لەبەردەمی دادوەر ئامادەبێت و وتەی خۆی بدات بە دادوەر کە کەی و چۆن کڕیویەتی".

سەبارەت بە ڕێکارە یاساییەکانیش لەدژی کەسی ساختەکار، بەرپرسی بەشی یاسایی هاتوچۆی هەولێر گوتی: "خۆمان لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ سکاڵا لەسەر کەسی ساختەکار تۆمار دەکەین، لە ڕۆژی دادگاییەکەش نوێنەری یاساییمان ئامادە دەبێت، بەڵگەکان پێشکەشی دادوەر دەکات، ئەویش هەر بڕیارێکی لەسەر دۆسیەکە دا ئێمە پابەند دەبین پێوەی".

بەرپرسانی هاتوچۆ نیگەرانن لەوەی بەشێک لەو ساختەکارانە بەر لێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاد دەکرێن. عەمید سیروان دەڵێ: "دادگا کێشەی گەورەی بۆ دروستکردووین، خەڵکانێک هەن ساختەکاری گەورەیان لە تابلۆی ئۆتۆمبێلێکی بێشوماردا کردووە، ئێمە ڕێکاری یاسایی توندمان بەرامبەر گرتوونەتەبەر، بەڵام لە دادگا بەر بڕیاری لێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاد دەکرێن".

دادەوەر فەرمانی دەستگیرکردن بۆ هەموو ئەو کەسانە دەردەکات کە ساختەکاری لە تابلۆی ئۆتۆمبێلدا دەکەن، عەقید عەلی بورهان، بەرپرسی بەشی داواکارییەکانی هاتوچۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە دوو ساڵی ڕابردوودا 1758 کەیسمان هەبووە کە بەتۆمەتی ساختەکاری لە تابلۆی ئۆتۆمبێل سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە. 1392 کەسیان دادگایی کراون. 1192 کەس زیندانیکراون و سزای داراییش دراون، 200 کەسیش تەنیا سزای دارایی دراون، بەڵام 366 تۆمەتبار هێشتا دەستگیرنەکراون".

سەبارەت بەو ژمارە ساختانەش کە لە ئۆتۆمبێل دەبەسترێن، د. سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پڕۆژەیەکمان لەبەردەستدایە هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ بەڕێوەبەرانی پۆلیسی هاتوچۆ گفتوگۆمان کردووە، بەم نزیکانە سیستەمێکی ئەلیکترۆنی دادەمەزرێنین کە هەموو دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ژمارەی کاتی نامێنێ، ئەو ئۆتۆمبێلەی هاوردە دەکرێت دەبێت لەماوەی 5 تاوەکو 7 ڕۆژ لەسەر ناوی کۆمپانیا یان لەسەر ناوی کەسێک تۆمار بکرێت".

## واژۆ بۆ لێپرسینەوە لە فوئاد حوسێن کۆدەکرێتەوە



**رووداو- هەولێر**

لە پەرلەمانی عێراق واژۆ بۆ لێپرسینەوە لە دکتۆر فوئاد حوسێن، وەزیری دارایی عێراق کۆدەکرێتەوە. سامر زیبان حەسون حەمدانی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی فەتح بە (رووداو)ی راگەیاند "کۆکردنەوەی واژۆکان دەستپێکردووە و تاوەکو ئێستا زیاتر لە 60 واژۆ بۆ لێپرسینەوە لە وەزیری دارایی کۆکراوەتەوە". لەبارەی هۆکاری کۆکردنەوەی واژۆکان، سامر حەمدانی گوتی: "هەندێک لە پەرلەمانتاران گلەیی ئەوە دەکەن کە ناتوانن وەزیری دارایی ببینن و وەڵامی پرسیار و بەدواداچونەکانیان ناداتەوە. هەندێکی دیکەش بابەتەکە پەیوەست دەکەن بە جێبەجێکردنی یاسای بودجە و رادەستنەکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە".

# یەکێتی ناوێکی نوێ بۆ پارێزگاری کەرکووک دەداتە پارتی

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

کۆبوونەوە و راگۆڕینەوە نهێنییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ پێکهێنانی حکومەت و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان لەبارەی کەرکوکەوە، هەردوو لای هێنایە سەر ئەو باوەڕەی لەسەر ئاستی شاندێکی باڵا کۆبوونەوەیەکی ئاشکرا بە هەندێک دەستشلکردنەوە بکەن. بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: "پێش کۆبوونەوەکە بەرپرسانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانمان ئاگادار کردووەتەوە کە بۆ ئەوە کۆدەبینەوە لەسەر کۆی کێشەکانی پارێزگای کەرکووک گفتوگۆ بکەین و پارێزگار بەشێکە لەو گفتوگۆیانە". پەرلەمانتارێکی یەکێتیش گەشبینە بە گەیشتنە رێککەوتن.

بە ئامانجی رەخساندنی دەرفەتێکی دیکە بۆ ئەوەی پێکهێنان و راگەیاندنی کابینەی نوێی حکومەت بارگاوی نەبێت بە ناکۆکیی خراپتر لەوەی ئێستا هەیە، پەرلەمانی کوردستان چاوپۆشی لە بەشێکی پشووەکانی خۆی کرد و 15 رۆژ کەمتر پشوو وەردەگرێ. ئەوەش بە هیوای ئەوەی تاوەکو رۆژی 12ی مانگی تەمموز، مەسروور بارزانی لیستی ناوی وەزیرەکانی لەبەردەستدا بێت و بیداتە پەرلەمان. هیوایەک کە لایەنەکان پێیانوایە دەکرێ کێشەکانی تێدا یەکلایی بکرێتەوە و چارەسەر بکرێن.

جەمال حەوێز، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەرمانی کوردستان، پێیوایە ئەو دەرفەتەی پەرلەمان خستییە بەردەم لایەنەکان بەگشتی و حیزبەکەی و پارتی بەتایبەتی "متمانەی زیاتری لە نێوان یەکێتی و پارتی دروستکرد بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بۆیە ئەوە کارتێکی باش بوو".

هەندێک لە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی پێیانوایە لە هەفتەیەکی یەکلاکەرەوەدان، بەڵام رووداوەکانی چەند مانگی رابردوو کە پڕ بوو لە هۆشداری و زەنگی وریاکەرەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، دەریانخست هێشتا ئەو دوو حیزبە نایانەوێ یەکتری بەجێبهێڵن، هەرچەندە مەرجەکانیان پێکەوەهەڵکردنی قورسترکردووە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، باسی کۆبوونەوە و راگۆڕینەوەکانی هەفتەی رابردوو دەکات لەنێوان پارتی و یەکێتی کە لیژنەی ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکووک و دانانی پارێزگارێک بۆ شارەکە دوور لە چاوی میدیاکان کردوویەتی. هەردوو حیزب لە کۆبوونەوەکانی پێشتریاندا هاوڕابوون لەسەر ئەوەی لێدوانە زبرەکانی بەرپرسانی هەردوولا، کاری شاندەکانی گرانتر کردووە "هەر بۆیە کاک کۆسرەت داوای لە هەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی کرد بە هەموو شێوەیەک خۆیان بپارێزن لە قسەی بریندارکەر" چونکە لە ئاگادارکردنەوە و داواکارییەکەیدا هاتووە "یەکێتی و پارتی لەسەر رێگەی رێککەوتنن و نابێ دۆخەکە بشێوێتەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاو نەکرێتەوە، دەڵێ لەو ماوەیە جگە لە بێزاربوونی خەڵک "گوشارەکانی ئەمریکا و هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا زیاتر بوون و ئەوانیش داوایان کردووە لەوە زیاتر پێکهێنانی حکومەت پەکنەخرێت، هەر بۆیە رێگایەکی دیکە نییە جگە لە رێککەوتن، یەکێتی نەرمی دەنوێنێ لەسەر ئەوەی هەندێک لە داخوازییەکانی پارتی جێبەجێ بکات، دەبێت پارتیش رازی بێ بە پاڵێوراوێک بۆ پارێزگاری کەرکووک".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی سەرەتای دانوستاندنەکان وەبیر دەهێنێتەوە کاتێک یەکێتی پێداگیری لەسەر دانانی رزگار عەلی دەکرد و پارتی رەتیدەکردەوە: "بەڵام ئێستا یەکێتی نەرمیی نواندووە و تەنانەت لەسەر داخوازیی پارتی ئامادەیە کەسێک بۆ پارێزگار دیاری بکات کە ئەندامی سەرکردایەتیش نەبێت، دەبێت پارتیش نەرمی بنوێنێ".

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2019/7/1 شاندی پارتی بە سەرۆکایەتی مەحموود محەممەد و شاندی یەکێتی بە سەرۆکایەتی قادر حەمەجان، لە هەولێر کۆببنەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ: "یەکێتی بە چەند ناوێکەوە دێتە نێو کۆبوونەوەکە، ئێمەش چەند ناوێکمان پێیە و هەوڵدەدەین لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر ناوێک رێکبکەوین کە هەردوولا پێی رازی بین".

بڕیار بوو رۆژی 19ی حوزەیران کۆتایی بە چاوەڕوانییەکان بێت و پرسی رادەستکردنی ناوی بەربژێرەکان یەکلایی ببێتەوە، بەڵام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سوورە لەسەر ئەوەی پێش ساغکردنەوەی ناوی بەربژێرەکانی، پرسی پارێزگاری کەرکووک رێککەوتنی لەسەر بکرێت. ئێستا هەوڵەکان بە ئاراستەی ئەوەن لەم هەفتەیەدا ناوی پارێزگاری داهاتووی کەرکووک مۆری هاوبەشی هەردوو حیزبی لێبدرێت.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پارتی چەند ناوێکی بێلایەنی بەدەستەوەیە و دەیەوێت بیخاتە سەر ئەو مێزەی یەکێتی ناوەکانی خۆی لەسەر دادەنێت و یەکێک لە بەربژێرە دڵخوازەکانی پارتیش بۆ ئەو پۆستە عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگاری پێشووتری کەرکووکە، بەڵام یەکێتی هەوڵ دەدات هەرچۆن بووە پارتی بە عومەر ئینجە یان خالید شوانی رازی بکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکانی یەکێتی و پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند، پارتی و یەکێتی هەوڵ دەدەن لە پێناو رێککەوتن و پێکهێنانی حکومەت لەم کۆبوونەوەیەدا رێکبکەون "ئەگەر رێکنەکەوتن، دوور نییە پێشنیازی دانانی پارێزگارێکی کاتی بکەن، تاوەکو ئەوکاتەی دەگەنە رێککەوتنی کۆتایی بۆ دانانی پارێزگارێک کە هەردوولا قایل بکات". بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ کۆبوونەوەی دووشەممە دواهەمین کۆبوونەوەیە لەگەڵ پارتی "یەکێتی ناوی نوێ دەدات بە پارتی، ئەگەر رێککەوتن ئەوە باشە، ئەگەریش رێکنەکەوتن، ئیدی دانیشتنی دیکە ناکرێت و هیچ ناوێکی نوێ ناخرێتە بەردەست".



> **ئەمە دوایین کۆبوونەوەمان دەبێ لەگەڵ پارتی لەسەر پۆستی پارێزگاری کەرکووک**
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

لەبارەی ناوە نوێیەکانیشەوە، رەتیکردەوە کەسانێک بن کە پۆستی بەرزی حیزبییان هەبێت، بەڵام گوتی "ئەو ناوانە دواهەمین ناوی یەکێتی دەبن کە گفتوگۆیان لەسەر بکات، چونکە ئەمە کۆتا دانیشتنی یەکێتی و پارتییە لەوبارەیەوە".

زیاد جەبار، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی سەوز دەڵێ، دەبێت لیژنەکە کۆبوونەوەیەکی ئیجابی بکەن و بگەنە رێککەوتن و چاوەڕوانی خەڵک کۆتایی بێت "دەبێت تاوەکو 12ی مانگ هەموو شتێک ببڕێتەوە و کاندیدەکان پێشکەش بکرێن، من وەک خۆم گەشبینم بە رێککەوتن". بەڵام جەمال حەوێز، زیاتر گەشبینە و پێیوایە بەرەوپێشچوونی زۆر روویداوە "لەرێگەی مەکتەبی سیاسییەوە هەواڵمان پێدراوە کە نزیکبوونەوە روویداوە و بڕیارە بگەنە ئەنجامێکی باش".

قسەکردن لەسەر بەربژێرەکانی یەکێتی بۆ پۆستەکانی حکومەت لەناو ئەو حیزبەدا وەستاوە، بەڵام بەشێکی زۆریان یەکلابوونەتەوە. هاوکات ئەندامێکی ژووری پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند کە کۆتایی ئەم هەفتەیە ناوی بەربژێرەکانی گۆڕان یەکلایی دەبێتەوە.

شوناس شێرکۆ، باسی کۆبوونەوەکانی جڤاتی گشتی و جڤاتی نیشتیمانی دەکات و دەڵێ "لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا بەربژێرەکانی گۆڕان یەکلایی دەبنەوە و تاوەکو رۆژی 11ی ئەم مانگەش پێکهێنانی کابینەی نۆیەم تەواو دەبێت".

# سەرەتا رێگە بە دوو لیوای پێشمەرگە دەدرێت بگەڕێنەوە کەرکووک

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

گفتوگۆکانی دوو ساڵی رابردووی نێوان شاندەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەبارەی پرسی کەرکووکەوە تاوەکو ئێستا بە ئەنجامێکی رۆشن نەگەیشتوون، بەڵام بەرپرسێکی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ: "ئەگەر لەگەڵ بەغدا رێکبکەوین، رێگە بە گەڕانەوەی هەمان ئەو ژمارە پێشمەرگەیە نادەن کە پێشتر لەوێ بوون". ئەندامێکی بەرەی تورکمانیش پێداگیریی توندی حیزبەکەی لەسەر رەتکردنەوەی پێشمەرگە دووپاتدەکاتەوە و دەڵێ "قبوڵکراو نین".

پێش سێ هەفتە لە دەنگدانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر پرۆژە بڕیارێک بۆ درێژکردنەوەی وادەی کاری یۆنامی لە عێراق کە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ئەمساڵ بوو، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نامەیەکی ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و لەو نامەیەدا داوای کرد نەتەوەیەکگرتووەکان رۆڵی نێوبژیوان بگێڕێ لە ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکووک و جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق.

نامەکەی بارزانی، دوای ئەوە هات کە چەندجارێک لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق و بەرپرسانی سەربازیی بەغدا، تاوتوێی قۆناغی نوێیان کردبوو بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و سەربازییەکانی نێوانیان، بەڵام ئێستا پرسی گەڕانەوەی پێشمەرگە و وردەکارییەکانی، یەکێک لەو فایلانەیە کە چاوەڕوانی بەیەکگەیشتنەوەی شاندی سەربازیی هەولێر و بەغدا دەکات.

نووری حەمەعەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کە بەرپرسی میحوەری کەرکووکی هێزەکانی پێشمەرگەشە، دەڵێ بەلای ئەوانەوە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ کەرکووک وابەستەیە بە چەند پرسێکی دیکەوە، هەرکاتێک لەگەڵ بەغدا دانوستاندنی لەبارەوە بکەن، وەک یەک پاکێج دەخرێنەڕوو، نەک بەتەنیا باسی گەڕانەوەی پێشمەرگە بکرێت "ئەو پرسە لای ئێمە هاوکات بە مانای گەڕانەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا، چۆڵکردنی بارەگا حیزبی و سەربازییەکان و گەڕانەوەی ئاوارەکان و گەڕانەوەی ئاسایش و پۆلیسە".

نووری حەمەعەلی، دەڵێت پرسی گەڕانەوەی پێشمەرگە بووەتە قسەی نێو ئەو کۆبوونەوانەش کە ئەمریکییەکان بەشداریی تێدا دەکەن لەگەڵ کورد و بەغدا، بەڵام ئاماژە بە وردەکاریی بۆچوون و روانگەی ئەمریکییەکان ناکات و دەڵێ: "ئێمە لەگەڵ بەغدا لەسەر هێڵین بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و میکانیزمی باش. نامەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان جووڵەیەکی داوە بەو رێکخراوە و هاتنی شاندی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ بەغدا، پەیامێکی روونی داوەتە دەسەڵاتدارانی عێراق کە دەبێت ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت و پێشمەرگە بگەڕێتەوە کەرکووک".

دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، پێشمەرگە بەدرێژایی هەزار کیلۆمەتر لە ناوچە ناکۆکییەکان کشایەوە. ئەوەش وەک هەلێکی زێڕین بوو بۆ ئەو چەکدارانەی داعش تاوەکو سەرلەنوێ دەست بە جووڵە بکەن و پەلاماری هێزە عێراقییەکان بدەنەوە، هەروەها دووبەرەکی بخەنە نێو نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق، بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی ناوچەکان، بۆیە ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان پێشنیازیان کردووە پێشمەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراق، ئەو ناوچانە بەڕێوەببەن.

> **بەرپرسێکی بەرەی تورکمانی**
>
> **دەبێ تەنیا 32 %ی هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک کورد بن**

فەریق جەمال ئیمینکی، سەرۆکی ئەرکانی هێزی پێشمەرگە، دەڵێت هێشتا لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق نەگەیشتوونەتە ئەنجام "تاوەکو ئەنجامەکان نەبنە فەرمی و وەک رێککەوتن واژۆی لەسەر نەکرێ، ناتوانین لەبارەی ئەوە قسە بکەین". ناوبراو نەیشاردەوە لەگەڵ بەغدا بەردەوامن لە وتووێژی سیاسی و سەربازی "بەڵام شاندە سیاسییەکە هێشتا بە ئێمەیان نەگوتووە بە چی گەیشتوون".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، لە ناوەڕاستی مانگی رابردوو شاندەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و شاندی وەزارەتی بەرگریی عێراق دانوستاندنیان کردبوو لەسەر بڕیاری گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ کەرکووک، شاندی سەربازیی بەغدا بەرهەڵستی ئەو داوایەی پێشمەرگەیان نەکردووە، بەڵام گوتوویانە تاوەکو کاتی رێککەوتن لەوبارەیەوە، هێزێکی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەهێنرێتە کەرکووک و بازگەکانی دەوروبەری شارەکە بەهاوبەشی لەگەڵ پێشمەرگە دەپارێزرێن، هێزە ئەمنییەکان-یش لەناو شاردا دەبن و هیچ هێزێکی دیکە لە نێو شاری کەرکووکدا نامێنێتەوە.

بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگە بە (رووداو)ی راگەیاند، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ ئەوەیە کێشەی ناوچە کێشەلەسەرەکانیش لەگەڵ کورد چارەسەر بکات و لاریی لە گەڕانەوەی پێشمەرگە نییە "بەڵام پێکهاتەکان و لایەنە شیعییەکان و بەتایبەت ئەوانەی کار لەسەر دروستکردنی کێشە دەکەن بۆ حکومەتەکەی، کارێکیان کردووە نەتوانێ بڕیار بدات". ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە هەروەها گوتی: "ئەوەی تاوەکو ئێستا لە بەرپرسانی سەربازیی عێراق تێگەیشتووین، ئەوان سەرەتا رێگە بە گەڕانەوەی دوو لیوای پێشمەرگە دەدەن و دەبێت ئەو هێزانەش بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراق پێکەوە کاربکەن و ناچنە ناو شاری کەرکووکەوە".

ئەو بەرپرسە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ لەبەر ئەوەی هێشتا رێککەوتنی فەرمی لەسەر نەکراوە "پێدەچێت گەڕانەوەی پێشمەرگە کاتی زۆرتر بخایەنێت".

بەڵام بەرپرسێکی بەرەی تورکمانی، گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە رەتدەکاتەوە و دەڵی ئێمە بەهیچ جۆرێک رازی نابین بە گەڕانەوەی پێشمەرگە "لەسەردەمی پێشمەرگەدا کۆمەڵێک گرووپی میلیشیایی و چەکدار هەبوون، دزییان دەکرد و ئۆتۆمبیلی خەڵکیان دەبرد و جیاوازیی نەبوو لەگەڵ سەردەمی سەددام".

عەلی هورمزی، ئەندامی بەرەی تورکمانی هەروەها دەڵێ، تەنیا رێگەی چارەسەر ئەوەیە "هێزی هاوبەش دروستبکرێت و کورد بەڕێژەی 32% لەو هێزەدا بەشداریی بکات، دەبێت ئەوانەش کوردی ناو کەرکووک بن نەک پێشمەرگە".



# لێژنەیەک لە کڕینی کەلوپەل و نۆژەنکردنەوەی خانووی پەرلەمانتاران دەکۆڵێتەوە

شکار ئەحمەد
رووداو – هەولێر

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت پارەیەکی زۆر لە کڕینی کەلوپەل و نۆژەنکردنەوەی خانووی پەرلەمانتاراندا بە هەدەر دراوە. سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ئەو گومانە پێکدێنێ.

دابان محەممەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "پاش ئەوەی خولی تازەی پەرلەمان دەستبەکار بوون، دەبوو شوقە و خانووەکانی پەرلەمانتارانی خولی پێشوو نۆژەن بکرێنەوە و بدرێن بە پەرلەمانتارانی تازە، بەڵام کارەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کراوە، ئەو پارەیەی کە بۆی تەرخانکراوە نازانرێت چەندە، زانیاریمان هەیە کە لە کڕینی کەلوپەلەکاندا گەندەڵی کراوە و چەند جارێک لیژنەی کڕین گۆڕدراون".

بەپێی قسەی ئەو پەرلەمانتارە، لە نۆژەنکردنەوەی خانووەکاندا جیاوازی لە نێوان پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکان کراوە "بۆ نموونە پەرلەمانتاری هەندێک حیزب بایی دەیان هەزار دۆلار کەلوپەلیان بۆ کڕدراوە، بەڵام پەرلەمانتاری حیزبی دیکە هەیە رەنگە بایی هەزار دۆلار کەلوپەلیان بۆ نەکڕیبێ. ئەوەش دەرکەوتووە کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پارەیەکی زۆریان بۆ خەرجکراوە لە کڕینی کەلوپەل و سێرڤزکردنی ماڵەکانیاندا".

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: "لە پسوولەی کڕینی کەلوپەلەکاندا کەموکووڕی هەیە و ئەو نرخانەی لەسەر پسوولەکانن لەگەڵ نرخی راستەقینەی کەلوپەلەکان یەکناگرنەوە، بۆیە گومان لەسەر پسوولەکان و ئەو پارانەش هەیە کە لیژنەی کڕین خەرجی کردوون".

سەبارەت بە کەلوپەلە کۆنەکانیش، ئەو

> 300 ملیۆن دینار لە کڕینی کەلوپەل و نۆژەنکردنەوەی خانووی پەرلەمانتاراندا بەهەدەر چووە
>
> پەرلەمانتارێک

پەرلەمانتارە گوتی: "دەبوو بگەڕێندرێنەوە بۆ کۆگای پەرلەمان و لە موزایەدەیەکی ئاشکرادا بفرۆشرێنەوە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو کەلوپەلانە دیار نەماون". ئەو مەزەندە دەکات لە سەرووی 300 ملیۆن دینار بەهەدەر درابێ.

هیوا نەسرەدین، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی پەرلەمان لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێمە لە پەرلەمان بەدواداچوون بۆ کارەکانی لیژنەکە دەکەین، هێشتا هیچ ئەنجامێک دەرنەکەوتووە، پەرلەمانتارەکان هیچ زانیارییەکیان نییە، بۆیە هەر زانیارییەک کە دەیدەن ناتەواوە، ئێمە خۆمان بۆ جاری دووەم شتەکان چێک دەکەینەوە".

بەپێی زانیارییەکان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە پێکهێناوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بابەتەکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "پێشتر لیژنەیەک پێکهێنرابوو، بەڵام بە فەرمانی د.ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکە هەڵوەشێنراوەتەوە و لیژنەیەکی تازە دروستکراوە".



سەرچاوەکە گوتیشی: "لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەش لەسەر دۆسیەکە پێکهێنراوە و لێکۆڵینەوە لە سەرجەم شوقە و خانووەکانی پەرلەمانتاران دەکرێت کە چ کەلوپەلێک بۆ نێو ماڵەکانیان کڕدراوە، لێکۆڵینەوەش لەگەڵ لیژنەی کڕین، لیژنەی چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی خانووی پەرلەمانتاران و بەڕێوەبەرایەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوانی پەرلەمان دەکات و بەدواداچوون بۆ نرخ و چۆنیەتی کڕینی کەلوپەلەکانیش دەکات".

ئەو لیژنەیەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەکات، نوێنەری هەموو فراکسیۆنەکانی تێدایە.

دابان محەممەد گوتی: "سەرەتا لیژنەی کڕین تۆمەتبارکران، بەڵام ئەوان گوتیان سەرۆکایەتی پەرلەمان گوشاریان لەسەر دروستکردوون بۆ کڕینی کەلوپەل بۆ ماڵەکانی خۆیان و تۆمەتەکانیان ئاراستەی ئەوان کرد، بۆیە سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی لە هەموو فراکسیۆنەکان و فەرمانبەرانی پەرلەمان پێکهێنا، دواتر ئەندامی لیژنەی دەستپاکیشیان هێنایە نێو لیژنەکە و تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامە لەسەری".

دابان محەممەد کە ئەندامی لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمانیشە، ئەوەی روویداوە بە "گەندەڵی" و "کارەسات" ناو دەبات و دەڵێت: "دەبێت لێپرسینەوە و سزادانیش هەبێت، هەرکەسێک بەشدارە لەو گەندەڵییە ئێمە رازی نابین چاوپۆشی لێ بکرێت، یان بەتەنیا دووربخرێتەوە، بەڵکو دەبێت سزاش بدرێت".

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشدارن لەو بەهەدەردانە و دەڵێت: "بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمان دەبێت ئاگاداری ئەو بابەتە بێت، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش کەمتەرخەمن و خۆشیان بەشدارن لەو بەهەدەردانە. بەهەدەردان و گەندەڵیش هەیە لەو بابەتەدا، رەنگە فەرمانبەرێکی لیژنەی کڕین دزی کردبێت و بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی پەرلەمانیش چاوپۆشی لێ کردبێت".

> بەدواداچوون بۆ کاری لیژنەکە دەکەین، بەڵام هێشتا هیچ ئەنجامێک دەرنەکەوتووە
>
> بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی پەرلەمان

گوتیشی: "ئێمە زانیاریمان لەسەر دۆسیەکە هەیە، بەڵام چاوەڕوانی لیژنەکە دەکەین کارەکانی تەواو بێت، ئەگەر لە چەند رۆژی داهاتوودا نەگەیشتنە ئەنجامێک، ئێمە بۆ رای گشتی بڵاوی دەکەینەوە".

# بەناوی پرۆژەی کاتی، کڕین و فرۆشتن بە زەوییەکانی شارەوانییەوە دەکرێ

شکار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

شارەوانیی هەولێر بەشێوەی کاتی و بەبێ دیاریکردنی ماوەی زەمەنی، زەویی دەداتە کەسێک بۆ ئەوەی "شووشتنگەیەکی کاتی" لەسەر دروست بکات، سەرۆکی لیژنەی شارەوانیش لە پەرلەمانی کوردستان ئەو کارە بە "نایاسایی" و "گەندەڵی" دەزانێ.

بەپێی نووسراوێکی سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر بۆ شارەوانیی چوار کە دەست (رووداو) کەوتووە و واژۆی سامان محەممەد، سەرۆکی

> شارەوانی تەنیا دەتوانێت بە موساتەحە زەوی بدات
>
> پەرلەمانتارێک

شارەوانیی هەولێری لەسەرە، لە رۆژی 2019/5/6 فەرمانی تەرخانکردنی زەوییەکی شارەوانی لە سنووری شارەوانییەکە بە ژمارە (7/7439 ک 93) لە گەڕەکی حەسارۆک کە رووبەرەکەی 700 مەترە، بۆ کەسێک بەناوی (ە.س.ع) تەرخانکراوە، بۆ ئەوەی شووشتنگەیەکی بەشێوەی کاتی لەسەر دروستبکات.

بۆتان تاهیر خۆشناو، سەرۆکی شارەوانیی چواری هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو کەسە داواکاری پێشکەشی ئێمە کردووە بۆ ئەوەی زەوییەکی شارەوانی پێبدرێت و شووشتنگەیەکی لەسەر دروست بکات، ئێمە داواکارییەکەمان بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر بەرزکردووەتەوە، ئەوانیش رەزامەندییان لەسەر داوە و بۆ ئێمەیان ناردووەتەوە".

سەبارەت بەلایەنی یاسایی کارەکە، بۆتان خۆشناو گوتی: "ئێمە لایەنی جێبەجێکارین و هەر فەرمانێک لە سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێرەوە بۆ ئێمە بێت جێبەجێی دەکەین. حاڵەتی پێدانی زەوییش بەشێوەیەکی کاتی لە هەر شەش شارەوانییەکەی هەولێر هەیە و بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆی سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێرە و دەسەڵاتەکانی خۆی جێبەجێ دەکات".

هەرچەندە لە نووسراوەکەی سەرۆکی شارەوانیی هەولێردا ئاماژە بەو وادەیە نەکراوە کە هاووڵاتییەکە دەتوانێت زەوییەکەی شارەوانی بەکاربێنێ، بەڵام شارەوانی هەولێر بڕیارەکە بە یاسایی دەزانێ.

کرمانج دەشتەکی، بەرپرسی راگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "راستە ئەمە ناچێتە چوارچێوەی پێدانی زەوی بە کەسێک بەشێوەی موساتەحە، بەڵام شارەوانی بەشێوەیەکی کاتی مۆڵەتی بە دروستکردنی شووشتنگەکە لەسەر زەویی شارەوانی داوە و بڕیارێکی فەرمی و یاساییە".

بەڕێوەبەری راگەیاندنی شارەوانی هەولێر دەشڵێ: "ئەو بڕیارانە لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوانییەوە دەدرێن، هەر بڕیارێکی ئەنجوومەن کە 9 ئەندامی ئەنجوومەن لەگەڵی بن، بۆ وەزارەتی شارەوانی دەنێردرێت، لیژنەیەکی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شارەوانییەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی پێداچوونەوە بە بڕیارەکە دەکەن و لەماوەی سێ هەفتەدا وەڵامی ئەنجوومەنی شارەوانی دەدەنەوە، جا یان رەتیدەکەنەوە یان پەسەندی دەکەن".

بە گوتەی دەشتەکی، زۆربەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی لەلایەن لیژنە یاساییەکەوە رەتدەکرێنەوە، بەڵام بڕیاری پێدانی زەوییان بەشێوەیەکی کاتی بۆ درووستکردنی شووشتنگە لەسەر زەویی شارەوانی پەسەند کردووە، بۆیە شارەوانیش دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە".

بەڵام لیژنەی شارەوانی لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارەکە بە "نایاسایی" دەزانن. هاوڕێ مەلا ستار، سەرۆکی لیژنەکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "شارەوانی تەنیا بەشێوەی موساتەحە دەتوانێت زەوی بدات بە وەبەرهێنەر، بەڵێندەر، کۆمپانیا یان کەسێک، بێجگە لەوە هەر زەوییەکی شارەوانی بدرێت بە کەسێک لە دەرەوەی یاسا و رێنماییەکان هەژمار دەکرێت".

هاوڕێ مەلا ستار پێیوایە سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر لە تەرخانکردنی زەوی بۆ ئەو کەسە چاوپۆشی کردووە و دەڵێ: "شارەوانی هەولێر چاوپۆشی کردووە لەو کەسە و هەر کەسێکی دیکەش کە بەشێوەیەکی کاتی زەوی پێدابێت، ئەمە گەندەڵییەکی روونە، چونکە ناکرێ زەوی بەبێ موساتەحە و دیاریکردنی کاتەکەی بە هیچ کەسێک بدرێ، دەبوو کاتەکەی دیاری بکرێ و دوای تەواوبوونی کاتەکە زەوییەکە بکرێتەوە بە موڵکی شارەوانی".

لیژنەی شارەوانی لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە دەکات، سەرۆکی لیژنەکە گوتی: "ئێمە لیژنەیەک پێکدێنین و سەردانی شوێنەکە و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێریش دەکەین کە بەشێوەیەکی نایاسایی زەوییان داوە بەو کەسە، بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو شوێنانەی دیکەش دەکەین کە بەم شێوە نایاساییە زەوی شارەوانییان بۆ تەرخان کراوە".

بەپێی قسەی خاوەن نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە، زیاتر لە دوو ساڵە شارەوانی بەشێوەی کاتی زەوییەکانی دەدات بە خەڵک، خاوەن نووسینگەیەکی خانووبەرە بە (رووداو)ی گوت: "ئەو زەویانە لەنێو نەخشەدا هیچ ژمارەیەکیان بۆ دانەنراوە، تەنیا شارەوانی شوێنەکانیان دەزانێت، زیاتر لە دوو ساڵیشە شارەوانی هەولێر بەشێک لە زەوییەکانی دەدات بە خەڵک بۆ ئەوەی بەنزینخانە، شووشتنگە، مارکێت و باڵەخانەی لەسەر دروست بکەن".

بە گوتەی خاوەن نووسینگەکان، زۆربەی زەوییەکان پرۆژەیان لەسەر دروست ناکرێ و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێ. خاوەن نووسینگەیەک دەڵێت: "زەوی هەیە بەشێوەیەکی کاتی دراوە بە کەسێک و بەنزینخانەی لەسەر دروستکردووە و پارەیەکی زۆری تێدا خەرج کردووە، ئەگەر دڵنیا نەبێت کە لێی وەرناگیرێتەوە، بەشێوەی کاتی وەریناگرێت و ئەو پارە زۆرەی تێدا خەرج ناکات".

گوتیشی: "ئەو کەسە زەوییەکەی بە 25 هەزار دۆلار وەرگرتووە و ئێستا 250 هەزار دۆلاری دەدەنێ، بەڵام نایفرۆشێت، بۆیە پێمولیە ئەمە جۆرە گەندەڵییەکی دیکەیە کە لە زەوییەکانی شارەوانیدا دەکرێ".

> هەیە زەوییەکی بە 25 هەزار دۆلار وەرگرتووە و ئێستا 250 هەزار دۆلاری دەدەنێ نایفرۆشێ

# دەستەی نەزاهە دۆسیە بۆ یانەی وەرزشیی هەولێر دەکاتەوە

شکار ئەحمەد
رووداو – هەولێر

ئەنجوومەنی وەزیران دۆسیەی "تێوەگلانی بەرپرسانی یانەی وەرزشیی هەولێر لە گەندەڵی" ئاراستەی دەستەی دەستپاکی دەکات و ئەوانیش دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە کردووە، سەرۆکی یانەی هەولێر رەتیدەکاتەوە گەندەڵییان کردبێت و دەڵێت: "هەوڵی ناشیرینکردنی یانەکەمان دەدرێ".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، ئەنجوومەنی وەزیران دۆسیەی "تێوەگلانی بەرپرسانی یانەی وەرزشیی هەولێری لە گەندەڵی" بۆ دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان ناردووە، لیژنەی لێکۆڵینەوەی دەستەکەش بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دەستە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەکەن.

سەرچاوەیەک لە دەستەی دەستپاکی بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەپێی ئەو راپۆرتەی لەژێر دەستی دەستەی دەستپاکیدایە، ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ یاریزانەکان کراون گومانێکی زۆریان لەسەرە و بڕەکەشی بە سەدان ملیۆن دینار دەخەملێنرێت، یانەکەش قەرزداری چەند یاریزانێکە کە پێشتر گرێبەستی لەگەڵ کردوون". سەرچاوەکە گوتیشی: "یانەی هەولێر موڵکێکی زۆری هەیە و داویەتی بە وەبەرهێنەرێک بەناوی (ئیبراهیم) کە پرۆژەی دووکان و بازاڕ و هۆڵی وەرزشی لەسەر دروستکراوە و یانەکە داهاتێکی زۆری هەیە، بەڵام هێشتا قەرزداری یاریزانەکانیانن".

بەڵام سەرۆکی یانەکە هەموو ئەو تۆمەتانە بە ناڕاست دەزانێت. عەبدوڵڵا مەجید، سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر دەڵێت: "باس لەوە دەکرێت گوایە گەندەڵی لە پرۆژەکانی وەبەرهێناندا هەیە کە لەسەر زەوییەکانی یانەکە دروستکراون. ئێمە لە ساڵی 2007 رامانگەیاند کە پرۆژەی وەبەرهێنانمان هەیە، بەڵام هیچ وەبەرهێنەرێک بەدەنگمانەوە نەهات. دواتر وەبەرهێنەرێک چەند پرۆژەیەکی دروستکرد".

بەپێی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ وەبەرهێنەرەکە کراوە، 45%ی داهاتی پرۆژەکان بۆ یانەی هەولێر دەگەڕێتەوە. عەبدوڵڵا مەجید دەڵێت: "لەسەر ئەو داهاتە خۆمان بەڕێوەدەبەین و کەسیش هاوکاری نەکردووین".

> کەسانێک هەوڵی ناشیرینکردنی یانەی هەولێر دەدەن
>
> سەرۆکی یانەی هەولێر

سەبارەت بە گرێبەستی یاریزانەکانیش، عەبدوڵڵا مەجید دەڵێ: "هەموو گرێبەستەکان دیارن و دەتوانن لەگەڵ یاریزانەکانیش قسە بکەن. لەوانەیە لە یانەکانی دیکە کەم و زیادی لە گرێبەستەکاندا کرابێت، بەڵام لە یانەی هەولێر نەکراوە. من 14 ساڵە سەرۆکی یانەی هەولێرم و تەحەدای هەموو کەسێک دەکەم بە بەڵگە بیسەلمێنێ لە گرێبەستی هەر یاریزانێک دینارێک زیاتر یان کەمترمان نووسیبێ".

بەڵام یانەی هەولێر پارەی چەند یاریزانێکی نەداوە کە شەش ساڵ لەمەوبەر گرێبەستی لەگەڵ کردوون، بۆ ئەمەش عەبدوڵڵا مەجید گوتی: "راستە لە ساڵی 2012 گرێبەستمان لەگەڵ چەند یاریزانێک کرد، بەڵام ئەوکاتە میزانیە نەهات و تاوەکو ئێستاش پارەی یاریزانەکانمان نەداوە".

بەپێی قسەی سەرۆکی یانەی هەولێر، چەند ساڵێکە هیچ هاوکارییەکیان لە حکومەت و هیچ کەس و لایەنێک وەرنەگرتووە. عەبدوڵڵا مەجید دەڵێت: "لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ یانەیەک ناتوانێ خۆی بژێنێت ئەگەر حکومەت هاوکاری نەکات، ماوەی پێنج ساڵە حکومەت پارەمان ناداتێ، بەڵام ماوەی چوار مانگە مانگانە 70 ملیۆن دینارمان دەداتێ، ئەویش تەنیا بۆ تۆپی پێی یانەکەیە لەگەڵ مووچەی یاریزانەکان کە لەسەرووی 80 ملیۆن دینارە، لەکاتێکدا ئێمە لە یارییەکانی تۆپی پێ، باڵە، پایسکلسواری و بەرزکردنەوەی قورسایی لە پاڵەوانێتییەکانی کوردستان و عێراقیش بەشداری دەکەین".

گوتیشی: "خەرجیی یانەکە زۆر زۆرە، بەشداریکردنی یانەی هەولێر لەو هەموو یاریانە پێویستی بە خەرجییەکی زۆرە، یاریزانەکانیش مووچەیان دەوێت. بێجگە لە دەستەی کارگێڕی و فەرمانبەرانی یانەکە و چاککردن و خاوێنکردنەوەی یاریگاکان، هەروەها تێچووی هاتوچۆ بۆ یارییەکان. بە نموونە لەو ماوەیە بۆ دوو یاری چووینە بەغدا 18 ملیۆن دینارمان خەرجکردووە کە لە خراپترین هۆتێلیش دەماینەوە، لەکاتێکدا پێشتر لە باشترین هۆتێل دادەبەزین".

سەرۆکی یانەی هەولێر پێیوایە وورووژاندنی بابەتی تێوەگلانی یانەکە بە گەندەڵی دەستی چەند کەسێکی تێدایە، ئەگەرنا دەستەی دەستپاکی لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو یانەکانی کوردستان دەکات.

ئەو گوتی: "دەستەی دەستپاکی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ هەموو یانەکانی کوردستان کردووە، ساڵێک لەمەوبەر هاتوون و هەرچییەکیان پێویست بووە داومانە پێیان، کەسانێکی فاشیل چاویان لەو کورسییەی یانەی هەولێرە، بۆیە دەیانەوێت یانەی هەولێر ناشیرین بکەن و لەو رێگەیەوە پێی بگەن، بەڵام پێیان ناکرێت".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، تەنیا یانەی هەولێر نییە کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵکو چەند یانەیەکی دیکەی کوردستانیش گومانیان لەسەرە کە لە گەندەڵی تێوەگلابن.

بودجەی مانگانەی یانەی هەولێر 70 ملیۆن دینارە

# لە لەندەن بەبێ نوێنەرانی کەرکووک قسە لەسەر کەرکووک کرا

زنار شینۆ
ڕووداو- لەندەن

لە کۆنفرانسی ئایندەی نەوتی عێراق کە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لە لەندەن بەڕێوەچوو، حکومەتی عێراق هانی وەبەرهێنەرانی بیانی دا بۆ ئەوەی بەشداری لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ و کەرکووکدا بکەن، ئەویش لە ڕێگەی چەند پانێلێکی کۆنفرانسەکە، بەڵام هیچ نوێنەرێکی کەرکووک لەو پانێلانەدا بەشدار نەبوون.

باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق، لە پانێلی یەکەمی تایبەت بە کەرکووک و مووسڵ کە وەزیری نەوتی عێراق، جێگری سەرۆکی سندووقی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق، پارێزگاری مووسڵ، پارێزگاری سەڵاحەدین و بریکاری وەزیری ژینگەی عێراق بەشدار بوون، پێشنیاری کرد لە پلانی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵدا کار بۆ ئەوە بکرێ کە خەڵکی مووسڵ لە بیریان نەچێ داعش چی لە شارەکەیان کرد.

سامر غەزبان، وەزیری نەوتی عێراق کە یەکێک بوو لە بەشداربووە سەرەکییەکانی کۆنفرانسەکە، ڕایگەیاند لەدوای نەمانی داعشەوە داهاتی نیشتیمانییان بە ڕێژەی 2% زیادی کردووە و پێشبینی کرد ئەمساڵ زیاتریش بێ.

وەزیرەکەی عێراق بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی سندووقی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق، دەڵێت پێویستیان بە 77 ملیار دۆلارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە وێران بوون.

> ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە وێران بوون پێویستی بە 77 ملیار دۆلارە
>
> وەزیری نەوتی عێراق



مووسڵ پێویستی بە 5 ترلیۆن دینار هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە پێش 2014 (فۆتۆ: ڕووداو)

غەزبان باسی لەوەش کرد کە هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ پەرەدان بە کێڵگە نەوتییەکانی مووسڵ، بە تایبەتی کێڵگەی نەوتی گەیارە کە ئێستا بەرهەمی ڕۆژانەی 30 هەزار بەرمیلە. جگە لەوەش ئاماژەی بە دروستکردنی چەند پاڵاوگەیەک و ڕاکێشانی بۆڕیی نەوت کرد.

جێگری وەزیری ئاوەدانکردنەوە کە جێگری سەرۆکی سندووقی ئاوەدانکردنەوەی عێراقیشە، گوتی ئەوان بۆ پرۆژەکان لەسەر سێ ئاست کار دەکەن: پرۆژەی کورتمەودا، مامناوەندی و درێژخایەن. بۆ پرۆژەی کورتمەودا گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان کاری لەپێشینەیانە. بەڵام گوتی قەرەبووکردنەوە بووەتە ئاستەنگی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان.

### مووسڵ پێویستی بە 5 ترلیۆن دینارە

مەنسوور جبووری، پارێزگاری نوێی نەینەوا یەکێک بوو لە قسەکەرانی پانێلەکان. ڕووی گلەیی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە مووسڵ ئاوەدان ناکەنەوە و گوتی: "خەڵکی مووسڵ لە جیاتی هەموو جیهان قوربانییان دا، بەڵام ئەوە دوو ساڵە لە دەستی داعش دەرهێنراوە و هیچی بۆ نەکراوە".

پارێزگاری نەینەوا کە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، گوتی هێشتا 230 هەزار ئاوارەی مووسڵ نەگەڕاونەتەوە. گوتیشی: "مووسڵ پێویستی بە 5 ترلیۆن دینار هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە پێش 2014". ئەو داوای لە وەبەرهێنەرانی بیانی کرد کە سەردانی مووسڵ بکەن و ئەگەر بە چاوی خۆیان ڕەوشی ئەمنیی پارێزگاکە ببینن ترسیان نابێ لەوەی وەبەرهێنان لەوێ بکەن. بە گوتەی پارێزگاری مووسڵ فەرەنسییەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە کە فڕۆکەخانەی مووسڵ نۆژەن بکەنەوە.

### باسی کەرکووک کرا و بەرپرسەکانی لەوێ نەبوون

لە پانێلەکاندا باسی کەرکووکیش کرا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو، هیچ بەرپرسێکی شارەکە لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار نەبوون. تاکە کەرکووکیی بەشداربووی کۆنفرانسەکە عەلی ساڵەیی بوو کە پێشتر سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز بووە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک. ساڵەیی بە (ڕووداو)ی گوت: "کێشەکانی ئەو شارە بەو جۆرە کۆنفرانسانە چارەسەر نابن، بەڵکو بە دروستکردنی کۆدەنگی لە نێوان پێکهاتەکانی شارەکە لەسەر پرسەکان چارەسەر دەبن".

لە کۆنفرانسەکەدا عێراقییەکان زۆرترین هەلی وەبەرهێنانیان بۆ کۆمپانیا بیانییەکان ڕوونکردەوە، بە تایبەتی لە کەرکووک و مووسڵ، کۆمێنتی زۆربەی کۆمپانیاکان لەسەر نەبوونی سیستمی پێشکەوتووی بانکی بوو لە عێراق کە ئەوانی خاوکردووەتەوە بۆ وەبەرهێنان لە عێراق. لە کاتی پرسیار و ڕاگۆڕینەوەکانیشدا، نوێنەری کۆمپانیایەکی ئەمریکی گلەیی لە بەغدا کرد و گوتی بەهۆی بیرۆکراسییەوە کێشەی وەرگرتنی ڤیزایان هەیە، بەڵام لە کاتی گەشتکردن بۆ هەولێر و سلێمانی کێشەی وەرگرتنی ڤیزایان نییە.

## چاوی لە پشتگیریی هەرێمی کوردستان و ڕەزامەندیی بەغدایە

# تورکیا بەنیازی زۆنێکی ئەمنییە لە خواکوڕک

ڕووداو- هەولێر

ماوەی نزیکەی مانگێکە ئۆپەراسیۆنێکی چڕی تورکیا لەدژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەناو خاکی هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووە، سەرچاوە ئەمنییەکان بە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)یان ڕاگەیاندووە کە تورکیا پلانی ئەوەی هەیە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە هەرێمی کوردستان بنکەی سەربازی و لۆجستیکی دابنێ.

نزیکەی مانگێک دەبێ تورکیا دەستی بە ئۆپەراسیۆنی "چنگ" کردووە، ئۆپەراسیۆنەکە لە ناوچەی خواکوڕکە و دەکەوێتە سەر سنووری نێوان هەرێمی کوردستان، تورکیا و ئێران. خواکوڕک لە باکووری قەندیل هەڵکەوتووە و پێکهاتەی شاخاوی و کەشوهەوای سەختی ناوچەکە وایکردووە هێزەکانی پێشمەرگە نەتوانن چاودێریی ئەو ناوچەیە بکەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لەو ئۆپەراسیۆنەدا 4000 سەربازی تورک لە دوو فیرقەی کۆماندۆ و هەندێک هێزی تایبەت بەشدارن. میدیای تورکیا لە زاری فەرماندە تورکییەکانەوە باسی کوژرانی 4 سەربازی تورک و 51 گەریلای پەکەکە و تێکدانی 100 حەشارگە و بنکەی لۆجیستیکی لە ناوچەکە دەکەن.

لەو ئۆپەراسیۆنەدا بۆ یەکەمجار کەڵک لە مووشەکی زەمین - بۆ - زەمینی بۆرا (تۆفان) وەرگیراوە و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تی بی 2 و فڕۆکەی جەنگیی ئێف 16ش بەشدارن.

مووشەکی بۆرا بەرهەمی تورکیایە کە لە ساڵی 2017 وە هاتووەتە ناو ئەمبارە سەبازییەکانی تورکیا. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (دیفێنس نیوز)، ئەو سیستەمە مووشەکییە لە مەودای 280 کیلۆمەتردا ئامانجەکانی دەپێکێ. ساڵی ڕابردوو وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند کە کار لەسەر بۆرا دوو دەکەن.

جاران تورکیا دەیتوانی لە مەودایەکی 40 کیلۆمەتریدا ئامانجەکانی لەودیو سنووری وڵاتەکەی بپێکێ، بەڵام سیستەمی بۆرا یەک ئەو مەودایەی بە قووڵایی 240 کیلۆمەتر فراوانتر کردووە.

کۆمەڵێک سەرچاوەی ئەمنی بە (ئەلمۆنیتەر) یان ڕاگەیاندووە "ئۆپەراسیۆنی چنگ" هاوشێوەی "ئۆپەراسیۆنی بەرەبەیان"ـە لە ساڵی 1997 کە بۆ ماوەی سێ مانگ درێژەی کێشا و لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنەدا کۆمەڵێک بنکەی سەربازیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دانران، لەوانەش هێزەکانی تورکیا بنکەیان لە زاخۆ، دهۆک، باتیفا، بێگۆڤا و شێلادزێ و هێڵی بەرگری لە چیای گارە و چیای مەتین و ناوچەی زاپ و ئاڤاشین دانا، ئەوە جگە لەو دوو بنکەیەی کە پێشتر لە کانی ماسی و بامەڕنی هەیبوون.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری تورکیا، بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی، بە ماڵپەڕەکەی ڕاگەیاندووە کە ناردنی هێز و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە خواکوڕک سەختە، بۆیە تورکیا دەیەوێ بۆ درێژماوە لەو ناوچەیە بمێنێتەوە و وەک 2008 پشت بە تەکتیکی لێدان و دەرچوون نەبەستێ.

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە تورکیا دەیەوێ لە ڕێگەی "ئۆپەراسیۆنی چنگ"ەوە زۆنێکی ئەمنی لە خواکوڕک دروستبکات، بۆ ئەوەش چاوی لە "پشتگیریی هەرێمی کوردستان و ڕەزامەندیی بەغدا"یە. سەرچاوەکە دەڵێ "ئێمە دەزانین کە نە بەغدا و نە هەولێر خۆیان بە تەنیا هێزی ئەوەیان نییە پەکەکە لە خواکوڕک دەربکەن".

بەپێی ڕاپۆرتەکە "لەوانەیە تورکیا لە قۆناغەکانی داهاتووی ئۆپەراسیۆنی چنگدا ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هاوبەش لەگەڵ پێشمەرگە بکات و دوای پاشەکشەی پەکەکە، ناوچەکە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەوە". ئەوە لەکاتێکدایە کە پێشمەرگە بە درێژایی زیاتر لە 20 ساڵی ڕابردوو خۆی لە شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا بەدوور گرتووە و نەبووەتە بەشێک لەو هەڵمەتە سەربازییانە.

هەفتەی ڕابردوو هێزەکانی تورکیا بۆردومانی گوندەکانی بناری قەندیلیان کرد کە تێیدا چوار ئەندامی یەک خێزان بوونە قوربانی و پێنجی دیکەش بریندار بوون.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە قەبووڵ ناکات و ڕێگە نادات خاکەکەی بۆ هێرشکردنە سەر و تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێنرێ و بەو هۆیەوە ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە. بەیاننامەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ڕووداو و بۆردومانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی ناوچە سنوورییەکان نیگەرانیی خۆی گەیاندووەتە تورکیا و داواکارن دووبارە نەبنەوە.

ئۆفیسی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق دوای کۆبوونەوەی بەرهەم ساڵح و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، سەرۆککۆماری عێراق "جەختی لەوە کردووەتەوە کە پێویستە سەروەریی خاکی عێراق بپارێزرێ و هەر چەشنە کردارێکی سەربازیی تاکلایەنەی لە دەرەوەی سنوورەکانی عێراق ڕەتکردووەتەوە".

> تورکیا دەیەوێ پێشمەرگە رابکێشێتە نێو ئۆپەراسیۆنی چنگ

### شەش ئامانجی سەرەکیی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی چنگ:

**یەکەم:** جڵەوکردنی تواناکانی قەندیل و نەهێشتنی تۆڕەکانی لۆجیستیکی پەکەکە بۆ ناردنی گەریلا بۆ ناو خاکی تورکیا.
**دووەم:** کۆتاییهێنان بە کاری قاچاخ کە سەرچاوەی داهاتی پەکەکەیە.
**سێیەم:** پچڕاندنی هێڵی لۆجستیکی لە نێوان قەندیل و ڕۆژئاڤای کوردستان
**چوارەم:** کۆتاییهێنان بە نفووزی پەکەکە لە سلێمانی
**پێنجەم:** ڕاکێشانی پێشمەرگە بۆ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و زیادکردنی گوشار لەسەر قەندیل.
**شەشەم:** خزمەتکردن بە سیاسەتی نێوخۆی تورکیا.

## پەکەکە گرووپێکی نوێ ڕادەگەیەنێ

# ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ئامێدی زیاد دەکرێن

ناسر عەلی
ڕووداو — دهۆک

گرووپێکی دەمامکدار لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا هەڕەشە لە هێزەکانی تورکیا لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک پێیوایە کاری گرووپەکە تەنیا شتێکی ئیعلامییە و هێرش ناکەنە سەر سوپای تورکیا.

ڕۆژی 2019/6/27 لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە میدیای سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان بڵاویان کردەوە، گرووپێکی دەمامکداری چەکدار خۆیان وەک "هێزی پاراستنی جەوهەریی باشووری کوردستان" ناساند و ڕایانگەیاند کە بنکە و بارەگاکانی تورکیا لە باشووری کوردستان دەکەنە ئامانج.

لەو ڕاگەیێندراوەدا کە چەکدارێکی گرووپەکە دەیخوێنێتەوە دەڵێت: "دەوڵەتی عوسمانیی نوێ داگیرکارییەکی نوێ لەسەر گشت کوردستان و بە تایبەتی هەرێمەکانی برادۆست و کەرکووک و بادینان بەڕێوەدەبات، بەداخەوە چەند هێزێکی باشووری کوردستان بۆ ئەم داگیرکارییە نوێیە هاوکارن و بێ هەڵوێستن".

لە سنووری پارێزگای دهۆک پێنج بنکەی سەربازیی سوپای تورکیا هەن. ئیدریس هەرکی، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک ڕەتیکردەوە ڕاگەیاندنی ئەو گرووپە کار لە ڕەوشی ئەمنیی ناوچەکە بکات و گوتی "دڵنیاین هیچ کاریگەرییەکیان نابێ و هیچ چالاکییەکیش ناکەن".

هەرکی باسی ئامانجی ئەو گرووپەی کرد و گوتی: "ئامانجی ئەو گرووپە تەنیا ئەوەیە کە هێزەکانی پەکەکە دەیانەوێت بەرێگای ئەو کارانە، گوشار بخەنە سەر هەرێمی کوردستان".

لە نیوەی دووەمی نەوەتەکاندا کاتێک شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دروستبوو، تورکیا هێزێکی ڕەوانەی باشووری کوردستان کرد و پێنج بنکەی سەربازی لە سنووری پارێزگای دهۆک، بە تایبەتی لە قەزای ئامێدی جێگیر کرد کە ژمارەیان زیاتر لە 500 سەرباز دەبێ بە زرێپۆش و چەکی قورس و مامناوەندەوە.

تورکیا بە پاساوی لێدان لە گەریلاکانی پەکەکە زوو زوو باشووری کوردستان بۆردومان دەکات، بە تایبەتی ناوچە سنوورییەکان، بەو هۆیەشەوە تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 20 کەسی سڤیل کوژراون. هەر بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکانی تورکیا و پەکەکە 361 گوند لە سنووری پارێزگای دهۆک چۆڵ بوون.

ڕۆژی 26ی شوباتی 2019 لە سەنتەری ناحیەی دێرەلووکی سەر بە قەزای ئامێدی خۆپێشاندانێک بۆ پرۆتستۆکردنی کوشتنی هاووڵاتیانی سڤیل بەهۆی بۆردومانەوە کرا، دواتر بەشێک لە خۆپیشاندەران چوونە سەر بنکەیەکی سەربازیی تورکیا و ئاگریان لە بەشێکی سەربازگەکە بەردا، بەو هۆیەشەوە گەنجێکی 17 ساڵان کوژرا و 10 کەسی دیکەش بریندار بوون.

لە دوای ئەو ئاڵۆزییە هێزێکی پێشمەرگە نێردرانە سنووری قەزای ئامێدی، لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا ژمارەی ئەو هێزانە زیاتر کراون. ئەمەش دەنگۆی ئەگەری پێکدادانی پێشمەرگە و گەریلای بەدوای خۆیدا هێنا.

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سنووری قەزای ئامێدی ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند "ئەو هێزە لە سنووری قەزای ئامێدی دەمێنێتەوە، ئێستا زۆرتر لە نێو ئاوەدانیدان، بەڵام لە چەند شوێنێکی دیکەش لە دەرەوەی ئامێدی جێگیر دەکرێن، ئامانجەکەش تەنیا پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکەیە نەک ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دیکە".


ڕاگەیاندنی گرووپێک بەناوی هێزی پاراستنی جەوهەریی باشووری کوردستان

## ستیڤ لوتس، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

# هەوڵدەدەین هەلی وەبەرهێنان لە ئەمریکا بۆ کۆمپانیاکانی کوردستان بدۆزینەوە

هەفتەی ڕابردوو شاندێکی گەورەی خاوەنکار و بازرگانانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بوون کە ستیڤ لوتس، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرۆکایەتی شاندەکەی دەکرد. لوتس پێیوایە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی وەبەرهێنان زۆرە و بەرپرسانی ئێرە بە پەرۆشن بۆئەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بێنە کوردستان، بۆیە کە گەڕانەوە ئەمریکا ئەمە بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەڵێن. لوتس لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئامانجی سەردانی شاندەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان دەکات.

**هەڤپەیڤین: عومەر ئەحمەد**
**ڕووداو - هەولێر**



**ڕووداو: لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و خاوەنکاران و بازرگانانی هەرێمی کوردستان لەسەر چی ڕێککەوتن؟**

**ستیڤ لوتس:** ئێمە خۆشحاڵ بووین کە لە یەکەم ڕۆژی سەردانەکەماندا یاداشتێکمان لەگەڵ ژوورە بازرگانییەکانی کوردستان واژوو کرد. یاداشتەکە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە چۆن هەردوو لامان وەک دوو کۆمەڵەی بازرگانی پێکەوە کار بکەین. هەمووی لەبارەی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕە. هەندێکی لەسەر بنەمای زانیارییە، واتە ئێمە زانیاری بدەینە کۆمپانیاکانی ئەمریکا لەبارەی هەلەکانی وەبەرهێنان و چالاکیی بازرگانی لەم هەرێمە. هەروەها بەشێکی کارەکەمان بەخشینی زانیاری دەبێت بە وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی ئێرە لەبارەی دۆزینەوەی هاوبەش لە ئەمریکا، تەنانەت دۆزینەوەی هەلی وەبەرهێنان لە ئەمریکا. سەرەڕای ئاڵوگۆڕی زانیاری، ئامانجی سەردانەکەمان هێنانی پێشەنگانی بواری وەبەرهێنان بوو بۆ ناوچەکە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان بارودۆخەکە ببینن. لەگەڵ وەبەرهێنەرانی ئێرە لەسەر یەک مێز دابنیشن و وەک من و تۆ گفتوگۆ بکەن.

**ڕووداو: چ هۆکارێک هەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستا بیر لە پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکاتەوە؟**

**ستیڤ لوتس:** پرسیارێکی باشە، ئێمە وەک ژووری بازرگانیی ئەمریکا نوێنەرایەتی سێ ملیۆن کۆمپانیای ئەمریکی دەکەین. بە هەموو قەبارە و سێکتەرە جیاوازەکانەوە لە هەر پەنجا ویلایەتەکەی ئەمریکا. ئێمە سەردانی هەموو وڵاتان ناکەین، تەنیا تەرکیز دەخەینە سەر ئەو ناوچانەی کە دەتوانین کاریان لەگەڵ بکەین. ئێمە دەزانین کە عێراق و هەرێمی کوردستان بە کاتێکی گرنگدا تێدەپەڕن. پێمانوایە ئەمە هەلێکە بۆ کۆمپانیاکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بێنە ئێرە و وەبەرهێنان بکەن. دەزانین کە ڕکابەرییەکە سەختە، کۆمپانیاکانی وڵاتانی ناوچەکە لێرەن، بازرگانی و وەبەرهێنانی خۆیان دەکەن. ئەوەشمان بیست کە لێرە خولیای زۆر هەیە بۆ ئەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بێنە ئێرە بۆ کاری هاوبەش و وەبەرهێنان و زیادکردنی چالاکییە بازرگانییەکانیان و چەسپاندنی شوێنپێی بازرگانیی خۆیان. ئامانج لە سەردانەکەی ئێمە کارکردنە لەسەر ئەم بابەتە.

> خولیای زۆر هەیە بۆ ئەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بێنە ئێرە

> ژوورەکەمان نوێنەرایەتی سێ ملیۆن کۆمپانیای ئەمریکی دەکات

**ڕووداو: کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ ئێوە چەندە سەرنجڕاکێشە بۆ وەبەرهێنان، یاخود زیاتر چاوتان لە وەبەرهێنانە لە کەرتی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکاندا؟**

**ستیڤ لوتس:** لە ڕووی مێژووییەوە، لە ناوچەکەدا بە گشتی، واتە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەرێمی کوردستانیش، بایەخێکی زۆر بە وەبەرهێنان لە کەرتی وزە دراوە، بێگومان ئەو کەرتە بەشێکە لە تەرکیزی ئێمە. دەزانین کە پێویستی و هەلی وەبەرهێنان لە چەندین کەرتی جیاوازدا هەن. دەزانین حکومەتی ئێرە بایەخێکی تایبەت بۆ نموونە بە کشتوکاڵ دەدات، هەروەها کەرتی پیشەسازی و وەبەرهێنان، سەرەڕای برەودان بە کەرتی گەشتیاری. ئێمە هەلی وەبەرهێنان دەبینین بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان بۆ ئەوەی داهێنان، زانیاری و ئەزموونی خۆیان بهێننە ئێرە، بۆ نموونە لە بوارەکانی دارایی، کەرتی تەندروستی، تەکنەلۆژیای زانیاری، کەرتی گواستنەوە و لۆجستیک. ڕاشکاوانە پێمانوایە هەلی وەبەرهێنان زۆر فراوانە، بۆیە دەمانەوێ شاندێکی بەرفراوان بهێنین کە تەنیا نوێنەرایەتی یەک پیشەسازی و یەک کەرتی دیاریکراو نەکات. هەوڵدەدەین لە هەموو بوارەکاندا کۆمپانیا بهێنین.

**ڕووداو: لە کوردستان ئاو و زەویی گونجاو بۆ کشتوکاڵ هەیە، کۆمپانیا ئەمریکییەکان هیچ پلانێکیان دەبێت بۆ ئەو بوارە ستراتیژییە؟**

**ستیڤ لوتس:** کەرتی کشتوکاڵ زۆر خۆشەویستە لەلای من، من خۆم لە نێو کێڵگەیەکی کشتوکاڵیدا گەورە بووم لە ئیندیانا. ئەمریکا وڵاتێکی فراوانە و لەوێ بایەخی زۆر بە کشتوکاڵ دەدرێت. بۆیە بە باشی لەو کەرتە تێدەگەم، چونکە خۆم ئەزموونم لەگەڵی هەیە. زۆر شت هەن کە کۆمپانیاکانی کەرتی کشتوکاڵی ئەمریکا دەتوانن لە هەرێمی کوردستانی عێراق بیکەن. بۆ نموونە دەتوانن تەرکیز بخەنە سەر چەمکی ئاسایشی خۆراک. ئەگەر لێرە لەو کەرتەدا کار بکەی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کێڵگەی کشتوکاڵیی بچووکی تایبەتتان هەن، یاخود دەتانەوێ جەخت بخەنە سەر بەرهەمهێنانی فراوان، یان ڕێگەیەکی مامناوەند بگرنەبەر کە کۆمپانیای گەورەی ئەو بوارە لەگەڵ جووتیاران کار بکەن بۆ ئەوەی بەرهەمیان زۆر بکەن و سوود بە ئاسایشی خۆراک بگەیەنن، ئەمە لە بەرژەوەندی سێ لایەندایە. جووتیاران سوودمەند دەبن، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری کشتوکاڵ سوودمەند دەبن، هەم هەرێمەکەش سوودمەند دەبێت لەڕێی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک.

**ڕووداو: گەورەترین کونسوڵخانەی ئەمریکا لە جیهاندا لە هەولێر دروستدەکرێت. ئایا بچووکیی پەیوەندیی ئابووریی ئەمریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، شتێکی نەگونجاو نییە لەچاو پەیوەندی فراوانی ئەمنی و سەربازی و سیاسی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا؟**

**ستیڤ لوتس:** ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە. پەیوەندی ئابووری بەلای ئێمەوە بەبەهاترینە، هەمیشە کۆڵەکەی هەموو پەیوەندییەکانە. چەندین کۆڵەکەی دیکەش هەن وەکو پەیوەندی ئەمنی و پەیوەندی دیپلۆماسی، ئەوانیش ڕەهەندی گرنگن. ئێمە وەکو هاندەری وەبەرهێنان و بزنس کە نوێنەرایەتی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و بەرهەمهێنەرە بچووکەکان و دامەزراوە گەورەکان دەکەین، بێگومان جەختی سەرەکیمان لەسەر کۆڵەکەی ئابوورییە. خاڵی گرنگ ئەوەیە هێشتا کاری زۆرتر هەیە کە پێویستە لەلایەن کەرتی تایبەتی ئەمریکاوە لێرە لە هەرێمی کوردستان بکرێت، هەروەها لە عێراقیش بە گشتی، تەنانەت لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش. ئەوە شتێکە کە دەمانەوێ بە شێوەیەکی ستراتیژیانە بیری لێ بکەینەوە. لەبەرئەوەی ئەم وەفدە بازرگانییەمان سەردانی ناوچەکەی کرد، هەوڵدەدەین پێشەنگانی بواری بزنس بهێنین بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان ڕەوشەکە ببینن. چاویان بە بڕیاربەدەستان بکەوێت، بارودۆخی وەبەرهێنان لێرە ببینن و لە هەلەکان تێبگەن. هەرچەند بەرەوپێشچوون هەبووە، بەڵام هێشتا کاری زۆر ماوە بکرێت.

> ئێمە تەنیا سەردانی ئەو ناوچانە دەکەین کە دەتوانین کاریان لەگەڵ بکەین

**ڕووداو: دوای هاتنی داعش، کۆمپانیا نەوتییەکان کشانەوە، پێتانوایە کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەتوانن جارێکی دیکە کار بکەن بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان؟**

**ستیڤ لوتس:** بەدڵنیاییەوە ئێمە پێمانوایە ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای ئەمریکی بۆ کارکردن ڕوو لەم ناوچەیە دەکەن، نەک تەنیا لە کەرتی وزەدا، بەڵکو لە زۆر کەرتی دیکەدا کە باسمکردن. پێمانوایە ئەمە زۆر گرنگە. بێگومان بڕیاری وەبەرهێنان لەلای کۆمپانیاکانە بۆ ئەوەی لە وڵاتێکی دیکە وەبەرهێنان بکەن، لە کۆمپانیایەکەوە بۆ کۆمپانیایەکی دیکە دەگۆڕێت. ڕۆڵی ئێمە ئەوەیە ئاسانکاری بکەین بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە ڕەوشی وەبەرهێنان، هەروەها تێگەیشتن لە داینامیکە سیاسییەکان کە هەندێکیان هۆکاری پشت ئەو بڕیارانەن کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەدرێن بۆ وەبەرهێنان لە ناوچەکە. بەدڵنیاییەوە ئێمە گەشبینین کە نەک تەنیا کۆمپانیای بواری وزە، بەڵکو بواری تەندروستی، تەکنەلۆژیای زانیاری و کشتوکاڵی ڕوو لێرە بکەن و هەلەکە بقۆزنەوە بۆ وەبەرهێنان.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان هەمیشە ئارەزووی خۆی پیشانداوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ ئەمریکا هەبێت. سەرەتا ئەمریکا زۆر سارد بوو بەرامبەر پێشکەوتنی کەرتی نەوت و گاز لە کوردستان، بۆچی ئەمریکا لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا ئاوا ڕەفتاری کرد؟**

> هەلی وەبەرهێنانی زۆر بەرفراوان لە کوردستان هەیە

**ستیڤ لوتس:** کاری ئێمە هەڵکۆڵینی ڕابردوو نییە. ئێمە خۆشحاڵین کە لێرەین، چاومان بە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی کەوت، چاومان بە سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی کەوت. نانی ئێوارەمان لەگەڵ قوباد تاڵەبانی خوارد. هەموو گفتوگۆکانمان لەگەڵ هەموو ئەو بەرپرسە باڵایانە و ئەندامانی پەرلەمان و پارێزگارەکان جەختیان لەسەر داهاتوو بوو. شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ڕابردوو باس نەکرا، هەمووان باسی ئایندەیان دەکرد. ئەوەی لە وەبەرهێن و بزنسمانەکان بیستمان ئەوە بوو کە حکومەت جەختی لەسەر چاکسازییە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لەلای کۆمپانیا نێودەوڵەتی و ئەمریکییەکان سەرنجڕاکێشتر بێت، بۆ ئەوەی بێنە ئێرە و وەبەرهێنان بکەن. چاکسازییەکە بە ئەلیکترۆنیکردنی دامودەزگاکان و کاریگەرکردنی هەموو جومگەکانی حکومەت لەخۆدەگرێت. حوکمی یاسا بەهێزتر بێت و سیستمی دارایی چالاکتر بێت. هەموو ئەمانە هاوکار دەبن بۆ ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان ڕوو لێرە بکەن و دەست بکەن بە وەبەرهێنان. دوای ئەم سەردان و کۆبوونەوانەمان لەگەڵ بەرپرسان و بازرگانان بۆمان دەرکەوت کە نەک تەنیا ئیرادە، بەڵکو پەرۆشی هەیە بۆ ئەنجامدانی چەند چاکسازییەک کە دەبنە هۆی ڕاکێشانی چالاکییە بازرگانییەکان و وەبەرهێنان.

**ڕووداو: ئێوە پێشتر بەڕێوەبەری یاسایی وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا بوون بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، یاسا و ڕێساکانی هەرێمی کوردستان پەیوەست بە وەبەرهێنان چۆن دەبینی؟ بەبڕوای ئێوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە دەبێ چ گۆڕانکارییەک بکات کە سەرنجی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی ڕابکێشن؟**

**ستیڤ لوتس:** پێموایە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان کارێکی باشیان کردووە، هەروەها یاسایەکی وەبەرهێنانی باش هەیە. هەندێک لە کەموکورتییەکان ڕەنگە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوان بن وەکو کێشەکانی پەیوەست بە کەرتی بانکی و دارایی. بۆ نموونە دڵنیاییدان بە وەبەرهێنەران کە لەکاتی خۆیدا مافی خۆیان پێدەدرێت. هەروەها خاڵێکی دیکە پەیوەستە بە جێبەجێکردنی یاسا لەکاتی پەیدابوونی ناکۆکی لەسەر بەندەکانی گرێبەستەکان. ڕەنگە ئەم بابەتانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەستەی وەبەرهێنان بن، بەڵام لە بەرپرسانی حکومەتمان بیست کە ئیرادەی ئەنجامدانی ئەو چاکسازییەیان هەیە بۆ ئەوەی ژینگەی وەبەرهێنان و بزنس ئاسانتر بکەن و سەرنجی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی ڕابکێشن.

**ڕووداو: تۆ شارەزاییەکی تەواوت لە ڕەوشی ئابووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و ئێستا بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی هاوبەشی ئابووری ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی عێراق، میسر، قەتەر و سعودیەیت. هەرێمی کوردستان دەتوانێ لە پەرەپێدانی ئابووریی خۆی کام وڵات وەک نموونە و مۆدێل لەبەرچاو بگرێت؟**

**ستیڤ لوتس:** ئەمە پرسیارێکی باشە. ئێمە لەوە تێدەگەین کە هەر وڵاتێک لە ڕووی خەڵکەکەی و کولتوورەکەیەوە جیاوازە لە وڵاتێکی دیکە، شێوازی بزنسیش جیاوازە. هەندێک ستانداردی نێودەوڵەتی هەن ئەگەر پەیڕەو بکرێن زۆر یارمەتیدەر دەبن. بۆ نموونە، پاراستنی مافی موڵکایەتی هۆشمەند. بەتایبەت ئەگەر باسی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بکەین، یان هەموو بوارەکانی دیکە وەکو پیشەسازیی دەرمان، کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، یان بوارەکانی دیکەی داهێنان وەکو پیشەسازیی فیلم. ئەگەر بتەوێ سەرنجی وەبەرهێنەرانی ئەو بوارانە ڕابکێشی، ئەگەر بزانن لێرە مافی پاراستنی موڵکایەتی هۆشمەند هەیە، ئەوە وەکو خوێنی نێو دەمارەکان گرنگە بۆیان. بۆیە پێویستە ئەو دڵنیاییە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجی ئەو پیشەسازیانە ڕابکێشن و بێن لە هەرێمی کوردستان کار بکەن.

**ڕووداو: لەڕووی ئابووری و پەرەپێدانەوە، هەستت بە چ کەموکورییەک کردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ کاری بە پەلەی لەسەر بکات بۆ چارەسەرکردنی؟**

**ستیڤ لوتس:** من هیچ خاڵێکی وا نابینم کە زۆر خراپ بێت. پێموایە گرنگترین شت ئەوەیە سەرکردایەتییەکتان هەیە، بە تێگەیشتنی ئێمە، پابەندە بە ئەنجامدانی چاکسازی. ئێمە ئەم پەیامە دەبەینەوە واشنتن، بە ژوورە بازرگانییەکان و وەبەرهێنەرانی ڕادەگەیەنین کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خوازیاری کارکردنن لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان. ڕەنگە هەندێک لەو کۆمپانیایانە کاتی زۆرتریان بوێت لە چاو هەندێکی دیکە. گرنگترین شت ئەوەیە ئێوە خاوەنی ئەو بەرپرسانەن کە ئیرادەی چاکسازییان هەیە، دەرگایان کراوەیە بۆ قسەکردن و تاوتوێکردنی هەموو بابەتەکان لەپێناو ئاسانکاری بۆ ئێمە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەران بهێنین و دەست بکەن بە کارکردن. ئەو ئیرادەیە زۆر گرنگە بۆ ئێمە.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان دەتوانێ ببێتە ناوەندێکی گەورە بۆ دابینکردنی وزە، بەتایبەتی گاز، بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی تورکیا یان وڵاتە ئەوروپییەکان کە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکان؟**

**ستیڤ لوتس:** بەبۆچوونی من زۆر گرنگە هیوا و ئامانج هەبن. ئێمە هەلی ئەوەمان هەبوو چاومان بە وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئاشتی هەورامی، بکەوێت. باسی ئەوەی کرد کە لە هەرێمی کوردستان هەلی وەبەرهێنانی زۆر هەیە، نەک تەنیا لە بواری نەوت و گاز، بەڵکو لە بواری سامانە کانزاییەکانیشدا. کۆمپانیای HKN چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستان کار دەکات. نموونەی کۆمپانیایەکی ئەمریکییە کە ماوەیەکی زۆرە لێرە کار دەکات و بەردەوامیشە لە پابەندبوونی بە کارکردن لە هەرێمی کوردستان. دەمانەوێ نموونەی زۆرتری لەو جۆرە ببینین و هەرێمی کوردستان ببینین ئامانجەکانی خۆی لە بواری وزەدا بەدی بهێنێت.

> دوای نەمانی داعش ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای ئەمریکی بۆ کارکردن ڕوو لەم ناوچەیە دەکەن

> زانیاری دەدەینە کۆمپانیاکانی ئەمریکا لەبارەی هەلەکانی وەبەرهێنان لە کوردستان

**ڕووداو: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چۆن دەتوانێ لە پێشخستنی کەرتی دارایی و بانکیی لە هەرێمی کوردستان هاوکاربێت، بەتایبەتی نوێنەری سیتی بانک کە یەکێکە لە گەورەترین بانکەکانی جیهان لەنێو شاندەکەی ئێوەدا بوو؟**

**ستیڤ لوتس:** ئەوەی بیستوومانە و تێیدەگەین پێویستە جەختی زۆر بخرێتە سەر کەرتی دارایی و بانکی لە هەموو عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ئەنجامدانی چاکسازی لە کەرتی دارایی و بانکیدا و بە مۆدێرنکردنی زۆر گرنگە. ڕێگەیەک بۆ ئەوە پەیڕەوکردنە لە سیاسەت و ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی بواری بانکی. بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەرتی بانکی. سیتیبانک چەندین ساڵە لە عێراق کار دەکات، دەتوانێ هاوکاربێت لە هاوبەشپێکردنی ئەزموونی خۆی و پێشکەشکردنی ڕاوێژ و ڕێنماییکردنی هەم بەرپرسانی حکومی، هەم خەڵک و هاوبەشەکان. کەرتی دارایی کاریگەری لەسەر تەواوی ئابووری هەیە. مۆدێرنکردنی سیستمی بانکی لە عێراق یەکێکە لە گرنگترین ئەو شتانەی ئێمە وەک کۆمەڵگەی وەبەرهێن و بازرگانان جەختی دەخەینە سەر. خۆشحاڵین کە سیتیبانک بەشێک بوو لە شاندەکەمان.

> هەرێمی کوردستان یاسایەکی وەبەرهێنانی باشی هەیە

**ڕووداو: هەندێ لەو بازرگان و کۆمپانیایانەی لەگەڵ ئێوەبوون، یەکەمجار بوو سەردانی کوردستانیان دەکرد، ئایا دوای ئەم سەردانە بڕیارياندا دووبارە بە مەبەستی وەبەرهێنان بێنەوە ئێرە؟**

**ستیڤ لوتس:** ئەوە ئامانجی ئێمەیە. تێکەڵەیەک کۆمپانیامان لەگەڵن، هەندێکیان پێشتر لێرەبوون، هەندێکیان پێشتر لێرە کاریان کردووە. هەندێکیشیان یەکەم جاریانە سەردانی ئێرە بکەن. ئێمە کە گەڕاینەوە سەردانەکەمان هەڵدەسەنگێنین. بۆ ئەوەی بزانین نیازی ئەو کۆمپانیایانە چییە، بەتایبەتی ئەوانەی یەکەمجاریان بوو سەردانی ئێرە بکەن. دەبێ ڕەوشەکە بخوێنینەوە، ئێمەش هاوکاریان دەبین لەڕێی دابینکردنی زانیاری، یان ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵیان ئەگەر پێویستیان بوو. پێویستە بڵێم ئێمە لێرە دەرگاکان بە ڕووماندا کراوە بوون، خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا جەختی لەسەر ئەو کردووەتەوە کە دەرگاکان بەڕووماندا کراوەن.

هەروەها پێویستە بڵێم، دوو لە هاوکارەکانم کە لەم سەردانەدا لەگەڵم بوون، یەکەمجاریان بوو سەردانی عێراق بکەن، پێشتر هەولێریان نەبینیبوو، زۆر سەرسام بوون. هەروەها هەندێ کاتمان قۆستەوە بۆ ئەوەی سەردانی چیای کۆڕەک و دوکان و قەڵای هەولێر بکەین. دەبێ بڵێم وەک چۆن هەلی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان فراوانە، سروشتە جوانەکەشی بە هەمانشێوە. ئەوەش واتای ئەوەیە دەکرێ کەرتی گەشتیاری پەرەی پێ بدرێت. هیواداریـن بتوانین هەندێ کۆمپانیای ئەمریکی بهێنین بۆ ئەوەی لە کەرتی گەشتیاری کار بکەن.



## کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# کوڕەکەم بە فەیسبووکی داعشێک دۆزیەوە

چیرۆکی 23
(2-2)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – دهۆک**

"پێویستە باش تێبگەن کە ئێوە موڵکی خۆتان نین. ئێوە دەستکەوتی جەنگن و هەرچی لەگەڵ ئێوە دەکەین، ئەوە بڕیاری ئێمەیە نەک ئێوە. یان دەفرۆشرێن یان دەکرێنە دیاری و پێشکەش دەکرێن بە کەسێک کە ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. کاتێکیش بڕیار دەدەن موسوڵمان ببن، دەبێت جیهادی نیکاح بکەن". یەکێک لە ژنەکان هەڵیدایێ: "بەڵام لەم جێگا پیس و پۆخڵەدا چۆن دەتوانین نوێژ بکەین؟" چەکدارەکە دەیزانی راگرتنیان لە ژوورێکی ئاوا بۆگەندا، گلەییەکی راست و بێ پاساوە، بەڵام وەڵامێکی ئامادەی دایەوە "نوێژکردن، خاوێن راتاندەگرێت و نزیکتان دەکاتەوە لە خودا".

ئەوان دوای 5 رۆژ مانەوە لەو ژێرزەمینە تاریک و بۆگەنە، هاتنە دەرەوە و تیشکی هەتاویان بینییەوە. پاشان برانە قوتابخانەیەکی دوو نهۆمی لە رەققە کە دەرگا و پەنجەرە رزیوەکانی، دەیانگوت ساڵانێکی زۆرە مرۆڤ لێرە هەناسەی نەداوە. لەو قوتابخانەیەدا یەکەمین "کڕیار"ی لەیلا پەیدا بوو، بەڵام بۆ ئەوە نەهاتبوو کە تەنیا ئەو بکڕێت. ئەبوو عەززام دێتە ژوورەوە. بەنێو ژنەکاندا دەگەڕێ و ورد لێیان دەڕوانێ. ناو، تەمەن، رەنگی پێست، باڵا، رەنگی چاوەکانیان تۆمار دەکات. دواتر روونیدەکاتەوە کە چی لەوان دەوێت "جوان خۆتان دەشۆن و خۆتان دەڕازێننەوە. جلوبەرگەکانتان دەگۆڕن و ماکیاژ دەکەن و زەردەخەنە دێننە سەرلێوتان لەکاتی وێنەگرتندا. هەرکەسێک ئەو رێنماییانە جێبەجێ نەکات، بە برسیکردن تاوەکو مردن سزای دەدەم".

ئەبوو عەززام بازرگانێکە داعش دەستی بۆ شل کردووە لە تۆڕەکانی پەیوەندیکردنەوە وێنە و وردەکارییەکانی کچان و ژنانی ئێزدی بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی کڕیارەکانی پێ رابکێشێ.

ژنەکان بەو شێوەیەی ئەبوو عەززام دەیویست خۆیان رازاندبووەوە "داوایان لە ئێمە کرد بچینە ژێربار و بەرهەڵستی نەکەین، چونکە گوتیان دەمانکوژن".

### هەموو رەققە سەیری کردین

لەیلا، هەموو شتێکی لێ زەوتکرابوو تەنیا ئەوە نەبێت زەردەخەنە بەرووی کڕیارەکانیدا بکات تاوەکو پارەیەکی باشتر بخەنە مشتی ئەبوو عەززامەوە. لە گۆڕەپانێکدا کۆکرابوونەوە و دەستە دەستە چەکدارەکانیان دەهێنایە تەماشاکردنیان "یەکێک رەش بوو، یەکێک سوور بوو، یەکێک باڵای کورت وەک چینییەکان، هەریەکە و لە وڵاتێکەوە هاتبوو. ئێمەش وەک ئاژەڵ لە بەردەمیاندا دانرابووین. ئەو رۆژە هەموو داعشەکانی ناو رەققە هاتن و ئێمەیان بینی".

لەیلا و ژنەکانی دیکە، پێش ئەوەی ببرێنە گۆڕەپانەکە، وێنەیان گیرابوو. لەو وێنانەدا پێکەنینی درۆزنانەیان بە رووی کامێرادا کردبوو، دواتر لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستاودەستی زۆری پێدەکرا. ئەو رۆژە لەیلا، کڕیاری لێ پەیدا نەبوو، بەڵام بڵاوبوونەوەی وێنەکان بووە هۆی ئەوەی هەر رۆژە و چەند ژنێک کڕیاریان بۆ پەیدا ببێ و بیانبەن. لەیلا دەڵێت: "هەندێکجار شەڕ لە نێوان ئەبوو عەززام و کڕیارەکان دروستدەبوو کە پارەیەکی کەمتریان دەدا و بیانوویان دەگرت. رۆژی پاشتر، ئێوارەیەک دوو چەکداری داعش پەیدا بوون بە ناوی ئەبوو ئەنەس و ئەبوو حەسەن. چەکدارەکان پرسیاری منیان کرد و ئەبوو عەززام دەستی بۆ راکێشام، دواتر 6 ژنی دیکەیان داوا کرد".

لەیلا و ژنەکانیان سواری ئۆتۆمبیل کرد و بردیانن بۆ جێگایەکی تایبەت. دواتر لەیلا تێگەیشت کە دوو کڕیارەکەش بەهەمان شێوەی ئەبوو عەززام، کڕیار و فرۆشیاری بە کۆمەڵی کچ و ژنی ئێزدین و لەنێو داعشدا تەنیا کاریان ئەوەیە. ئۆتۆمبیلەکە ملی رێگای تەبقەی گرت. پاش دوو کاژێر ئەوانیان بردە نێو بارەگایەک. رۆژی پاشتر لەگەڵ خۆرهەڵاتندا، ئەبوو حەسەن سێ ژن و منداڵەکانیانی برد بۆ خۆی و ئەوانی دیکە مانەوە بۆ ئەبوو ئەنەس، ئەویش کە لیبیایی بوو، یەکێک لە ژنەکانی پێشکەشی هاوڕێیەکی خۆی کرد و مانەوە 3 ژن.

> چەکدارێکی داعش گیراوەی تەقەمەنییەکانی پێ ئامادە دەکردین

### ژنێک دەیانفرۆشێ

لە ماڵی ئەبوو ئەنەسدا رۆژووگرتنی رەمەزان سەپێنرا بەسەریاندا. لەیلا هەوڵیدەدا دوور لە چاوی ئەوان و لە دەرفەتەکاندا ئاو بخواتەوە، بەڵام برسێتییەکەی پێ چارەسەر نەدەکرا و دەبوو لەگەڵ ئەوان ئێوارە نان بخوات "هەندێک رۆژ کاری قاڵبدانانی پێدەکردین. گیراوەیەکی وەک هەویر، دەمانکردە نێو قاڵبەوە". گومانێکی زۆر، لەیلای دڵکرمێ کردبوو لەوەی دەیکەن. چونکە دڵنیابوو ئەو کارە دواجار سەری لە بۆمب و تەقەمەنی و هەرشتێکەوە دەردەچێ کە بۆ کوشتنی خەڵکی بەکاربهێنرێ "رۆژێک گوتم من لەم کارە دەترسم و ناوێرم بەردەوام بم، بەڵام گوتیان دەبێ بیکەن".

ئەمیرێکی دیکە بەناوی ئەبوو حەسەن، تەمەن 35 ساڵ، لەیلا و هودا و پاکیزەی لە ئەبوو ئەنەس کڕی کە لەیلا بە کەسێکی "سەرسەری و ناپاک و ناحاڵی" وەسفی دەکات. ماوەی 8 رۆژ لە ماڵەکەی ئەودا مانەوە "سەرجێیی خۆی لەگەڵ دەکردین و بۆ دەرفەتێکیش دەگەڕا بە قازانجێکی باشتر بمانفرۆشێتەوە. وادەردەکەوت زوو لە ئێمە تێر بووبێت، هەربۆیە فرۆشتینی بە ئەبوو ئەنەسێکی دیکە کە لیبی بوو. کاتێک چووینە ماڵەکەی، هاوژینە لیبییەکەی بە بینینی ئێمە چاوی چووە پشتی سەری".

هەڵسوکەوتی هاوژینەکەی، نیشانەی ئەوەبوون بتوانێ هەندێکجار بەسەر پیاوەکەیدا باز بدات "ئەرێ ئێوە شەرم ناکەن؟ ئێوە هاتوون پیاوەکەم لە من بستێنن؟" یەکێک لە ژنەکان وەڵامی دایەوە "ئەگەر ئەوەندە بەتەنگ ئەوەی، بۆچی ئازادمان ناکەیت بچینە نێو ماڵ و منداڵی خۆمان؟". لەو مشتومڕەدا ئەبوو ئەنەس وەڵامی دایەوە: "من بەپێی شەرع هەنگاوم ناوە و لە چوار ژن زیاتر ناهێنم".

لەیلا دەیبینی چۆن ماڵەکەی ئەبوو ئەنەس پڕ بووە لە ئاژاوە. ژنەکەی بڕیاری دابوو بە هەر نرخێک بووە کڕیار بۆ لەیلا و دوو ژنەکەی دیکە پەیدا بکات و لەکۆڵی ببنەوە، هەرچەند بۆ هاوژینەکەی روونکردەوە کە ئەوان وەک تۆ نابنە خاتوونی ماڵ و تەنیا کار لەبەردەستی تۆ دەکەن، بەڵام ئاگری نێو دڵی هاوژینەکەی بەوە دانەدەمرکایەوە.

ئەبوو ئەنەس بانگکرایە بەرەکانی شەڕ، ئەوە هەلێکی باش بوو بۆ دایکی ئەنەس لەیلا و کەنیزەکەکانی دیکە لەماڵەکەی بکاتە دەرەوە. دایکی ئەنەس چووە لای ئەبوو حەسەن و پێیگوت باشترە تۆ بیانکڕیتەوە لەوەی بیاندەمە کەسێکی دیکە "ئەبوو حەسەن ئێمەی بردە ماڵێکی بێ دەرگا. چوار رۆژ تێیدا ماینەوە و دواتر دایکی ئەنەس پەیدا بووەوە، بەڵام بە روویەکی خۆش و مامەڵەیەکی باش داوای کرد جوان خۆمان بشۆین و دواتر وێنەی گرتین. لەو چوار رۆژەدا ئەبوو حەسەن خەڵکی زۆر هێنابووە سەیرمان، بەڵام بەهۆی لاوازیمان کەس نەیدەویستین. بیرمە یەکێک لە کڕیارەکان گوتی ئەوانە تووشی سیل بوون و تۆش هەر پێیاندا هەڵدەدەی".

وێنەکانی دایکی ئەنەس کاری خۆیان کرد. هەر ئەو ئێوارەیە دوو چەکداری داعشی سعودی هاتن و یەکێکیان ئەوی کڕی. ژنە بەقینهاتووەکە پارەی خۆی وەرگرت و ئەوانیش بران بۆ حەلەب. لە بارەگایەکی پۆشتە و گەورەدا، پیاوە سعودیەکە (سەعد) کە تەمەنی 36 ساڵ و پرچ و ریشێکی درێژی هەبوو، فەرمانی کرد: "خۆتان خاوێن دەکەنەوە و نوێژ دەکەن و منداڵەکانتان فێری قورئانخوێندن دەکەن".

لەیلا، بۆ رووناکییەک دەگەڕا، بەڵام بە ئاسمانەوە نەبوو. کوڕ و کچە زەوتکراوەکانی چۆن ببینێتەوە؟ سەعد، جلوبەرگی نوێی لەبەرکرد و ماکیاژی پێکرد. داوای کرد دوای بکەوێ بۆ بارەگایەکی دیکە. ئەوی بردە لای والیی حەلەب. پێیگوت تاوەکو سبەی لای ئەو دەمێنێتەوە: "بینیم ژنێکی دیکەی ئێزدی لابوو کە خاوەنی دوو منداڵ بوو، بەڵام نەیهێشت قسەی لەگەڵ بکەم".

### دەنگی ئەبوو شوجاعی فریادڕەس دێ

لەیلا، لەنێو ژوورێکی تەنگەبەردا کۆتوبەند کرابوو کە تەنیا دەیتوانی لە کلاوڕۆژنەکەیەوە ئاسمان ببینێ: "بە سەعدم گوت، چیدیکە بەرگەی ئەم عەزابە ناگرم و بمفرۆشە. بە هەرکەسم دەفرۆشی قیریسیا". تەلەفۆنەکەی دەرهێنا و دوای چەند خولەکێکی کەم گەڕایەوە ژوورەوە "پاش سەعاتێکی دیکە کەسێک دێت و دەتبات".

دۆخە ناهەموارەکەی لەیلا و منداڵەکەی لەو ژوورەدا، کەسە چاوەڕوانکراوەکەی کردبووە فریشتەیەک. پیاوێکی چڵکن و ماندوو، تەمەنی 65 ساڵ دەبوو. رۆژگار روخساری بە تەواوی بەلای پیریدا سووڕاندبوو: "تۆ ناوت لەیلایە؟"، وەڵامی دایەوە: "بەڵێ". بە ئۆتۆمبیلەکەی رێگای چوونە دەرەوەی حەلەبی گرت و لە گوندێک گیرسایەوە: "پرسیاری زۆر دەکرد لە بارەی منەوە و نەمدەوێرا وەڵامی هەمووی بدەمەوە". بەڵام پرسیارێکی سەیری هێنایە پێشەوە: "ماڵی باوکت پارەدارن؟ تۆ ژمارەی تەلەفۆنی کەسیان دەزانی؟". لەیلا واقی وڕمابوو کە پیاوەکە مۆبایلەکەی دەرهێنا و گوتی: "ئێستا تەلەفۆن بۆ هەر کەسێک بکە لە کەسوکارت کە خۆت دەتەوێ".

ماوەی شەو و رۆژێک لەگەڵ پیرە داعشەکە مایەوە. لەیلا، هەندێک کەیفساز بوو، ترس و دڵەڕاوکێی رۆژانی پێشووی لە خۆی تەکاندبوو، چونکە مامەڵەی پیاوە پیرەکە بۆ گەشبینی هانیدەدا "تۆ ئەبوو شوجاع دەناسی؟". ئەوکات لەیلا دەیگوت نا، بەڵام رۆژانی دواتر بۆی روونبووەوە ئەوە پیاوێکی ئێزدییە کە ئازادکردنی دەیان کچ و ژنی ئێزدی نەخشی دەستی ئەویان پێوەیە "بە واتسئەپ وەریگرت و دایە دەستم بۆئەوەی قسە لەگەڵ ئەبوو شوجاع بکەم، خوشکا من، ئەز ئێزدیمە و دێ تە رزگار کەم".

> ئەو پیاوەی ئافرەتە ئێزدییەکانی رزگار دەکرد داعش پێیاندەگوت ئەبوو شوجاع

لەگەڵ هاوژینی پیرە داعشەکە چوونە دووکانێک و جلوبەرگی رەش و داپۆشراویان کڕی. جارێکی دیکە لەگەڵ رزگارکەرە ئێزدییەکە قسەی کردەوە و پێیگوت لە جێگایەکی دیاریکراو عەلاگەیەکی سپی لە دەستی خۆی بکات. فرۆشیارەکە و ئەبوو شوجاع لەسەر 28 هەزار و پێنج سەد دۆلار رێککەوتن. بە پاسێک چوونە رەققە و لە نهۆمی چوارەمی ماڵێک گیرسانەوە. ژنێکی ئێزدیی تەمەن 50 ساڵیش لەو ماڵەدابوو کە باری دەروونیی تەواو نەبوو. بەهەزار بەڵا و ناخۆشی، بازگەکانی داعشیان تێپەڕاند. لەیلا گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی، بەڵام کام زێد؟ وێرانەیەک کە هێشتا نازانێ چۆن سەر بەرز بکاتەوە.

> بە رۆژوو بووم و بەدزی داعشەکانەوە ئاوم دەخواردەوە

### لەفەیسبووکی داعشێکەوە: سڵاو دایە

چەند مانگ تێپەڕین و هێشتا لەیلا نەیدەتوانی چێژی ئازادی بکات. چۆن دەتوانی بە دڵێکی دایکانەوە چاوەڕوانی حەوانەوە بکەی کە هێشتا منداڵەکانت لە جەنگ بن! بەردەوام لە رێگای مۆبایلەکەیەوە چاوی دەگێڕا بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و باری گرانی کاتەکانی لەسەر شانی خۆی لادەبرد. شەوێک نامەیەکی مەسنجەر رایچڵەکاند "سڵاو دایە" لە فەیسبووکی چەکدارێکی داعشەوە کەسێک بە "دایە" بانگی دەکات. ئەوە چییە؟ هێشتا وەڵامی نەدابووەوە، رستەی دووەم شنەبایەکی فێنکی بە نێو دڵیدا کرد.

عەدنان: دایە من عەدنانم، ئەمە فەیسبووکی ئەو پیاوەیە و هەموو شەوێک من بۆ تۆ دەگەڕێم. دایە، من چەکدارم و بریندارم. دەمەوێ بگەڕێمەوە و رێگایەکم دۆزیوەتەوە، بەڵام تۆ دەتوانی کەسێکی وریا بدۆزیتەوە دەربازم بکات؟

لەیلا: من لەدووریی ئێوە وا کوێر دەبم، هەی دڵ و گیانی من. ئەی هەواڵی عەتمانی برات نازانی؟

عەدنان: با دوو جار بینیومە. ئەویش کراوەتە چەکدار. هەوڵدەدەم بیدۆزمەوە.

لەیلا: بیدۆزەرەوە. منیش لەگەڵ مامت قسە دەکەم بۆ ئەوەی قسەت لەگەڵ بکات و رێگەیەک دابنێن بۆ رزگارکردنت.

عەبدوڵڵا شریم، ئەو پیاوە ئێزدییە بوو کە توانی دەرچەیەک بۆ رزگارکردنی عەدنان بدۆزێتەوە. ئەو رۆژەی عەدنانی کوڕە گەورەی گەیشتەوە، یەکێک لە خۆشترین رۆژەکانی لەیلایە. عەدنان، بەژێر هەلهەلە و ریزێکی درێژ لە پێشوازیی کەسوکارەکەیدا کە شیرینییان بەسەریدا هەڵدەدا، گەیشتەوە لای دایکی. لە مانگەکانی دواتردا، عەتمان و حەیاتیش رزگارکران. بەڵام دوو دڵۆپ فرمێسک دەیانەوێ بە کوڵمە سووتاوەکانیدا شۆڕ ببنەوە. ئەوانە رۆندکی بیرکردنەوەن لە خەیرۆی هاوژینی کە 17 ساڵ لەمەوبەر زەماوەندیان کردبوو. ئەوان بەرلەوەی زەماوەند بکەن، چەند ساڵێک لە گوندەکەی خۆیاندا ئەڤینداری یەکدی بوون. بیری دێتەوە هەموو جارێک پێیدەگوت لەیلا، من خەونی زۆرم هەن و پێویستیان بە ئارامگرتن هەیە. دەبێ بۆ ئەو خەونانە بژین و پارە کۆبکەینەوە و بیانهێنینەدی، بەڵام داعش هێلانەی ئەو دوو ئەڤیندارەی تێکدا کە رۆژانە خەیرۆ پووشی بۆ دەکێشا: "هەر بەهیوام نەیانکوشتبێ. هەر دەڵێم رۆژێک دێ، وەک چۆن عەدنان و منداڵەکان هاتنەوە، ئەویش دێتەوە. دەڵێم بەڵکو کەوتبێتە دەستی چەکدارێکی بە ویژدان، هەرچەند دەزانم چەکداری بە ویژدان لەوێ نییە".

ئەو رۆژەی عەدنان گەڕایەوە، برینێکی قووڵ بەسەرقۆڵییەوە بوو. لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری دهۆک برینەکەیان بۆ تیمار کرد. عەدنان دواتر بۆ دایکی گێڕابووەوە کە ساڵانی لێکدابڕانیان چی بەسەر هاتووە. سەرەتا بردبوویانە فێرگەی قورئان و خولە شەرعییەکان و دواتر بۆ فێرگەی سەربازی و راهێنان لەسەر چەک.

لە یەکێک لە شەڕەکاندا، عەدنان ناچار دەکەن، ئەو چەکەی راهێنانی لەسەر کردووە بەراستی بەکاری بهێنێ و خەڵکی پێ بکوژێ: "ئەویان بردبووە بەرەی شەڕ، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لە بەردەمیاندا تەقیبووەوە و وڕ و کاسی کردبوو. جارێکی دیکە برابوونە بەرەیەکی شەڕ، داعش لەوێ شکابوو، عەدنان کە لەو شەڕەدا بریندار بووبوو، خۆی حەشاردابوو تاوەکو شەڕەکە تەواو بووبوو".

> هاوژینی چەکدارێکی داعش ئێمەی فرۆشت

لە شەڕێکی دیکەدا، عەدنان ناچار دەبێت بە جەستە لاوازەکەیەوە بچێتە ژێر لاشەی تێکشکاوی یەکێک لە هاوڕێ ئێزدییەکانی کە بەسەختی بریندار ببوو. بەڵام دواجار لەڕێگای عەبدوڵڵا شریم رزگار کرا. ئەو پیاوەی دوای ئەبوو شوجاع، زۆرترین جار ناوی دەهێنرێ وەک رزگارکەری کچان و ژنان و منداڵانی ئێزدی.

## سەفین دزەیی: دەتوانین قەبارەی بازرگانی لەگەڵ تورکیا بگەیێنینە 20 ملیار دۆلار

رووداو- هەولێر

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، دەکرێت لەرێگەی پەرەپێدان و فراوانکردن و باشترکردنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل یان پێشخابوور، قەبارەی بازرگانی لەگەڵ تورکیا بگەیێنینە 20 ملیار دۆلار.

سەفین دزەیی لە کۆنفرانسی ئابووری و بازرگانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، گوتارێکی پێشکەشکرد و رایگەیاند: "لە سەرۆکی هەرێم رێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا و دیداری لەگەڵ بەرێز رەجەب تەییب ئەردۆغان، باسی پەرەپێدان و فراوانکردنی ئابووری و زیادکردنی قەبارەی ئاڵوگۆری بازرگانی لە سەرتاسەری عێراق کراوە". دزەیی گوتیشی: "قەباری بازرگانی ئەوەی لەگەڵ عێراق 10 تا 12 ملیار دۆلارە، دەرفەتی ئەوە هەیە ئەو قەبارەیە بۆ 20 ملیار دۆلار بەرزبکرێتەوە".



رووداو
ئابووری
ژمارە (560) - دووشەممە 2019/7/1

# کۆمپانیا بیانییەکان روو لە هەرێمی کوردستان دەکەنەوە

رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

سەقامگیریی ئاسایش و باشبوونی باری دارایی هەرێمی کوردستان، هەروەها کەمکردنەوەی رۆتین لە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، هۆکار بوون لەوەی جارێکی دیکە کۆمپانیا بیانییەکان روو لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە. بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بەراورد بە ساڵی رابردوو، تۆمارکردنی کۆمپانیاکان زۆر زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان، تاوەکو کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ 3.252 کۆمپانیای بیانی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.

بەپێی داتاکان، ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون سەر بە 84 وڵاتن و تورکیا بە تۆمارکردنی 1.421 کۆمپانیا بە پلەی یەکەم دێت، ئێران بە 362 کۆمپانیا، ئیمارات بە 181 کۆمپانیا، لوبنان بە 178 کۆمپانیا، بەریتانیا بە 156 کۆمپانیا، ئەمەریکا بە 141 کۆمپانیا، ئوردن بە 109 کۆمپانیا، ئەڵمانیا بە87 کۆمپانیا، ئیتالیا بە 63 کۆمپانیا و رۆمانیا بە تۆمارکردنی 42 کۆمپانیا لە پلەی دووەم تا دەیەم دێن.

بەپێی داتاکان، 2011 ساڵی زێڕینی تۆماری کۆمپانیا بیانییەکان بووە، لەو ساڵەدا 478 کۆمپانیای بیانی دامەزراون، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، پاشەکشەیەکی گەورە لە تۆماری کۆمپانیا بیانییەکان بینرا، بەجۆرێک لە ساڵی 2017 تەنیا 22 کۆمپانیای بیانی تۆمارکران.

لە دوو ساڵ و شەش مانگی رابردووشدا بەهۆی لەناوبردنی داعش و باشبوونی باری ئابووری جارێکی دیکە کۆمپانیا بیانییەکان روویان لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، بە جۆرێک لە ساڵی 2018دا 34 کۆمپانیای بیانی تۆمارکراون، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 33 کۆمپانیا تۆمارکراون.

لەو 33 کۆمپانیا بیانییەی ئەمساڵ تۆمارکراون 7 یان تورکین، 6یان سەنگاپووری، 4 کۆمپانیای بەریتانی، 3 کۆمپانیای ئەمەریکی، 3 کۆمپانیای کەنەدی، 2 کۆمپانیای ئیماراتی و 6 کۆمپانیاکەی دیکەش کۆمپانیای ئێرانی، ئیسپانی، ئیتاڵی، میسری، سعودی و ئوردنین.

تۆمارکردنی کۆمپانیا تورکی و ئێرانییەکان کەمی کردووە و ئەمریکی و بەریتانییەکان زیادی کردووە



لە شەش مانگی رابردوودا 33 کۆمپانیای بیانی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون (فۆتۆ: رووداو)

ئاراس شێخ رەئووف، بەڕێوەبەری گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان بە وەکالەت لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "سەقامگیریی باری ئاسایش و باشبوونی باری دارایی هەرێمی کوردستان و ئاسانکاری و نەهێشتنی رۆتین لە تۆمارکردنی کۆمپانیا، هۆکاری زیادبوون و گەڕانەوەی کۆمپانیا بیانییەکانە بۆ هەرێمی کوردستان".

لە داتای دوو ساڵ و شەش مانگی رابردووی تۆماری کۆمپانیاکاندا دەردەکەوێت، بەراورد بە ساڵانی پێشتر جۆرێک لەپاشەکشێ لە تۆماری کۆمپانیا تورکی و ئێرانییەکاندا لە هەرێمی کوردستان روویداوە، لە بەرامبەریشدا تۆمارکردنی کۆمپانیای بەریتانی، ئەمەریکی، ئیماراتی و سەنگاپووری بەدی دەکرێت. بۆ نموونە لە ساڵی 2015 و 2016دا 52 کۆمپانیای تورکی و 16 کۆمپانیای ئێرانی لەکوردستان تۆمارکراون، بەڵام لە دوو ساڵی رابردوودا تەنیا 13 کۆمپانیای تورکی و 5 کۆمپانیای ئێرانی تۆمارکراون، واتە تۆماری کۆمپانیای تورکی لە دوو ساڵی رابردوودا بەراورد بە دوو ساڵی پێشتر بەرێژەی 25% و ئێرانی بەرێژەی 31% کەمی کردووە. لە بەرامبەریشدا 10 کۆمپانیای بەریتانی، 8 کۆمپانیای ئیماراتی، 7 کۆمپانیای ئەمەریکی دامەزراون.

ئاراس رەئووف دەڵێت: "هاتنە پێشەوەی کۆمپانیا ئەمەریکی و بەریتانی و ئیماراتییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەم کۆمپانیایانە زیاتر لە بواری نەوت و دەرمان و وەبەرهێنانی دارایی و بانک و راوێژکاریی ئەندازیاری و بازرگانیی گشتی کار دەکەن. پاشەکشێی کۆمپانیا تورکییەکانیش لەوانەیە بەهۆی جۆرێک لە تێربوونی کۆمپانیاکان بێت، چونکە لە هەموو سێکتەرەکان کاردەکەن و نزیکەی 44%ی کۆمپانیا بیانییەکان تورکین".

پشکی شێری کۆمپانیا بیانییەکان بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە، بەجۆرێک لە کۆی 3،252 کۆمپانیای تۆمارکراو 2،371 کۆمپانیایان لە هەولێر تۆمارکراون کە دەکاتە نزیکەی 73%ی کۆی کۆمپانیا تۆمارکراوە بیانییەکان.

تەنانەت لە دوو ساڵ و شەش مانگی رابردوودا لەکۆی 89 کۆمپانیای بیانی تۆمارکراو 82 کۆمپانیایان لە هەولێر تۆمارکراون.

پشتیوان وەرتی، بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکانی هەولێر، دەڵێت: "سەقامگیریی ئاسایش و باشبوونی باری دارایی هەرێمی کوردستان، کەمکردنەوەی رۆتین لە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان هۆکار بوون لەوەی جارێکی دیکە کۆمپانیا بیانییەکان روو لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە. بۆ نموونە ساڵی رابردوو 28 کۆمپانیای بیانی لقیان لە هەولێر تۆمار کردووە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 33 کۆمپانیا لقیان تۆمار کردووە، واتە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ دوو بەرامبەری ساڵی رابردوو کۆمپانیای بیانی لە هەولێر تۆمار کراون".

پشتوان وەرتی پێیوایە زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکان جۆرێک لە گەشبینی وڵاتان دەگەیەنێت بەداهاتووی ئابووریی هەرێمی کوردستان، هەفتەی رابردوو وەفدێکی ژووری بازرگانیی ئەمەریکی لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک هاتنە هەرێمی کوردستان و چەندین یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ حکومەت و ژوورە بازرگانییەکانی هەرێمی واژوو کرد بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هانی کۆمپانیاکانیان بدەن بێنە کوردستان و سەرمایەگوزاری بکەن.

بەپێی ئاماری فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لە دەستەی وەبەرهێنان، لەئابی 2018 تاوەکو کۆتایی حوزەیرانی 2019 دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە 863 پرۆژە بە سەرمایەی نزیکەی 51 ملیار دۆلار داوە.

کۆمپانیاکانی 15 وڵات تەنیا بە 43 پرۆژە بە سەرمایەی نزیکەی 6 ملیار و 26 ملیۆن دۆلار بەشدارییان لە پرۆژەکانی وەبەرهێناندا کردووە.

لە داتاکاندا دەردەکەوێت لەڕووی ژمارەی پرۆژەوە کۆمپانیا تورکی و لوبنانییەکان زۆرترین پرۆژەیان وەرگرتووە، بەڵام لەڕووی سەرمایەوە کۆمپانیا ئیماراتییەکان لە کەمترین پرۆژە زۆرترین سەرمایەگوزارییان کردووە، بۆ نموونە تورکیا بە سەرمایەی ملیارێک و 237 ملیۆن دۆلار کار لە 15 پرۆژەدا دەکات، بەڵام ئیمارات تەنیا لە سێ پرۆژەدا 3 ملیار و 314 ملیۆن دۆلار سەرمایەگوزاری کردووە.

ئاراس شێخ رەئووف دەڵێت: "بۆ ئەوەی سەرنجی کۆمپانیا بیانییەکان رابکێشین و وەبەرهێنان زیاتر لە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاریدا بکەن، دەبێت ئیمتیازات بە کۆمپانیاکان بدەین و و سیستەمی بانکی کارا بێت و ناوچەی پیشەسازی باشت هەبێ و یاسای پاراستنی بەرهەم و بەکاربەر کارابێت، هەروەها یاساکانی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی پیشەسازی هەموار بکەینەوە و بیگونجێنین لەگەڵ سەردەمی ئێستا".

# ساڵانە 600 ملیۆن دۆلار به شووشەوات و جوانکاریی نێو ماڵ دەدرێ

رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

لە عێراق خواستێکی زۆر لەسەر شووشەوات و جوانکاریی نێوماڵ هەیە، ساڵانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم خواستە بازرگانان و کۆمپانیا بازرگانییەکان بایی نزیکەی 600 ملیۆن دۆلار شووشەوات و جوانکاریی نێو ماڵ هاوردە دەکەن.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، هیچ ئامارێکی نییە لەبارەی بڕ و بەهای کاڵای جوانکاریی نێو ماڵ و ئەو شووشەواتەی کە بازرگانان هاوردەی دەکەن، چونکە ئەوان لە بەخشینی مۆڵەت ناچنە نێو وردەکاریی کاڵای هاوردەکراوەوە، بەڵام بەگوتەی بازرگانان، بەپێی خواستی بازاڕ، ساڵانە بایی نزیکەی 600 ملیۆن دۆلار شووشەوات و جوانکاریی نێوماڵ لە وڵاتانی چین، تورکیا، ئێران و ئیمارات و هەندێ وڵاتی دیکەوە هاوردە دەکەن. ئەم کاڵایانە بەشێکی لە هەرێمی کوردستان ساغ دەکرێنەوە، بەشەکەی دیکەشی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت.

رێبوار خدر کە بازرگانێکی شاری هەولێرە، ساڵانە بایی نزیکەی 5 ملیۆن دۆلار شووشەوات لە چین و تورکیا، ئێران و ئیماراتەوە هاوردە دەکات و دەڵێت: "لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق خواستێکی زۆر لەسەر کڕینی شووشەوات و جوانکاریی نێوماڵ و پێویستییەکانی مەتبەخ هەیە، بۆیە کێبڕکێیەکی توند لەنێو بازرگانان هەیە، هەر بازرگانێک دەیەوێت لەڕێی دیزاینی جوانەوە سەرنجی کڕیار بۆ لای خۆی رابکێشێ".

رێبوار خدر کە 13 ساڵە بەم بازرگانییەوە خەریکە و بۆ نمایشکردنی کاڵاکانی پێشانگەی تایبەتی لە بازاڕی شێخەڵای هەولێر هەیە، بەپێی خواستی بازاڕ هەموو جۆرە کاڵایەک هاوردە دەکات، بەڵام زۆرتر بە پێویستییەکانی مەتبەخ ناوبانگی دەرکردووە، بەتایبەتیش سێتی قاپی فەخفووری، پیاڵە و پەرداخ و مەنجەڵ. تەنیا ئەمساڵ بایی 2.5 ملیۆن دۆلار لەو کاڵایەنەی لە ئێران هاوردە کردووە، لە چینیش بایی 1.5 ملیۆن دۆلار و لە تورکیاش بایی 300 هەزار دۆلار.

رێبوار گوتی: "چین و ئێران لە پێویستییەکانی مەتبەخ، تورکیا و ئیماراتیش لە جوانکاریی نێو ماڵ زۆر بەهێزن، بازرگانان ساڵانە تەنیا لە چین و ئێرانەوە بایی زیاتر لە 400 تاوەکو 500 ملیۆن دۆلار شووشەوات و پێویستییەکانی مەتبەخ هاوردە دەکەن. لە تورکیا و ئیماراتیشەوە بڕێکی زۆر جوانکاریی نێوماڵ و شووشەوات هاوردە دەکرێ، بۆیە مەزەندە دەکەم ساڵانە بایی زیاتر لە 600 ملیۆن دۆلار شووشەوات و جوانکاریی نێوماڵ و پێویستییەکانی مەتبەخ هاوردە بکرێن".



450 پێشانگەی تایبەت بە فرۆشتنی شووشەوات و جوانکاری نێو ماڵ لە هەولێر هەن

بەهۆی کاڵای جۆراوجۆرەوە، هەر بازرگان و پێشانگەیەک بووەتە بریکاری چەند کارگەیەک لە چین و ئێران و تورکیا و بۆ راکێشانی سەرنجی کڕیاریش، دیزانی تایبەت بە خۆیان هەیە.

رێبوار دەڵێت: "خەڵکێکی زۆر بەم بازرگانییەوە خەریکن، کۆمپانیای وا لە هەولێر هەیە تەنیا لە چین ساڵانە بایی 50 تا 100 ملیۆن دۆلار شووشەوات و پێویستیەکانی مەتبەخ هاوردە دەکات".

دیار خۆشناو، بازرگانێکی دیکەی شووشەوات و جوانکاریی نێوماڵە، ساڵانە بایی یەک ملیۆن دۆلار کاڵای جۆراوجۆر لە تورکیاوە هاوردە دەکات و 75%ی کاڵاکانی بە پێشانگەکانی هەرێمی کوردستان و 25%ی بە شارەکانی عێراق دەفرۆشێت.

دیار خۆشناو کە زیاتر پیاڵە و پەرداخ و جوانکاریی ناوماڵ هاوردە دەکات، دەڵێت: "بێجگە لە بازرگانی بچووک و خاوەن پێشانگەکان کە زۆر جار خۆیان کاڵا لە تورکیا دەهێنن، 25 تاوەکو 30 بازرگانی گەورەش لە هەولێر هەن تەنیا لە تورکیا کاڵا هاوردە دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی ساڵانە بایی زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلار شووشەوات و جوانکاری و پێویستییەکانی نێو ماڵ لە تورکیاوە هاوردە دەکرێت".

پێشانگەکانی فرۆشتنی شووشەوات و جوانکاریی نێو ماڵ رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەیان لەزیادبووندایە، بەپێی ئامارێکی نافەرمی کە دراوەتە (رووداو)، تەنیا لەنێو شاری هەولێر زیاتر لە 450 پێشانگەی تایبەت بە فرۆشتنی شووشەوات و جوانکاریی نێو ماڵ هەیە، لە زۆربەی سوپەرمارکێت و مۆڵەکانیش ئەم کاڵایانە دەفرۆشرێن.

سالار جەعفەر، خاوەنی پێشانگەیەکی شووشەوات لە شاری هەولێر کە پێشتر جوملەفرۆشی پلاستیک بووە، ئێستا شووشەوات لە چین و تورکیا و ئێرانەوە هاوردە دەکات.

سالار دەڵێت: "هەرچەندە فرۆشی ئەمساڵمان بەراورد بە ساڵی رابردوو زۆر باش نییە، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە بایی نزیکەی 200 هەزار دۆلار کاڵای جوانکاریی نێوماڵم تەنیا لە تورکیا هاوردە کردووە، بەشی زۆریشیم فرۆشتووە".

بەگوتەی بازرگانان، نزیکەی 80%ی هاوردەی کاڵای شووشەوات و جوانکاریی نێوماڵ لە عێراق چینین، بەشەکەی دیکەی زیاتر تورکی و ئێرانین، کەمێکیشی لە ئیماراتەوە دێت، بەڵام تورکیا لەڕێی دابینکردنی خەرجیی بەشداریی بازرگان و خاوەن کۆمپانیاکان لە پێشانگەکان لە هەوڵی راکێشانی سەرنجی بازرگاکانانداییە بۆ ئەوەی زۆرترین کاڵا لە تورکیاوە هاوردە بکەن.

سالار دەڵێت: "دیزاینی کاڵای تورکی لە ئێرانی و چینی جوانترە، بەڵام نرخی بەرزە، بۆیە فرۆشی وەک کاڵای چینی و ئێرانی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کڕیاری تایبەتی هەیە و قازانجی لە کاڵای ئێرانی و چینی باشترە".

نهێنی سەرکەوتنی پێشانگەکانی شووشەوات و جوانکاریی نێوماڵ فرۆشی کاڵاکانیانە لەرێگەی ئۆنلاین، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە نمایشی کاڵاکانیان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سپۆنسەرکردنی پەیجەکانیان بۆ ئەوەی لەلای زۆرترین بەشداربووی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەربکەوێت، لەم رێگەیەوە توانیویانە دەستیان بە کڕیاری دوورترین شوێن بگات.

سالار جەعفەر لەو بارەیەوە دەڵێت: "زۆرترین فرۆشمان لە رێگەی ئۆنلاینەوەیە، لەم رێگەیەوە توانیومانە کاڵاکانمان بە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق بفرۆشین".

# تورکیا و عێراق.. وزە بەیەکدی دەدەن یان وزەی یەکدی دەبڕن؟

## باشترین جێگرەوەی نەوتی ئێران بۆ تورکیا نەوتی قورس و مامناوەندیی هەرێمی کوردستانە



بەهرۆز جەعفەر*

تورکیا و عێراق پەیوەندیی ئابووری و ئەمنی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، ماوەیەکی زۆرە تورکیا سێ شتی لە عێراق دەوێت: یەکەم، ئاسایشی سنوور (پرسی پەکەکە). دووەم، ئاسایشی ئاو (ئاو ڕەگەزێکی گرنگی وزەیە. هەڕەشەی ئاو تەنانەت وجودی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، بنیاتنانی بەنداوی ئەلیسۆ لەلایەن تورکیاوە نیوە زیاتری ئاوی دیجلە کەم دەکاتەوە). پرسی سێیەمیش مەسەلەی نەوت و غازی سروشتییە. هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی کابینەی نوێ لەبەردەم ئەگەرەکان، دەرفەتەکان، مەترسییەکانی ئەو فاکتانەدایە، ئەمڕۆ حکومەتی عێراق و تورکیا و هەرێمی کوردستانیش لە بەردەم خوێندنەوە و زانینی ئەم پێدراوانەدان:

**یەکەم:** کاتێک لە نێوان ساڵانی 1980 تاوەکو 2003 ئابڵوقەی نێودەوڵەتی لەسەر حکومەتی عێراق بوو، ئەمە بەرژەوەندی و ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکانی تورکیاشی خستە مەترسییەوە، زۆر سەرچاوە زیانەکانی تورکیا بە 54 ملیار دۆلاری ئەوکاتە دەخەمڵێنن.

دووەم: تورکیا لە ژێر کاریگەریی ئێجگار گەورەی جیۆپۆڵەتیکدایە، زێدەڕۆیی نییە بڵێین جیۆپۆڵەتیک تورکیای کردووە بە حاڵەتێکی تایبەت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بۆیە زۆرجار هەر ڕووداوێک لەناوچەکە لە سفرەوە تورکیای گەیاندووەتە لوتکە. بە پێچەوانەشەوە لە لوتکەوە بەخێرایی گلۆری کردووەتەوە بۆ خوارەوە. بۆیە زۆرجار وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ناتوانێ پێشبینی ڕووداوەکانی ناوچەکە بکات، چونکە یەکێک لە بنچینەکانی بیرکردنەوە لە سیاسەتی دەرەوە پێگەی جوگرافی و سیاسی و جوگرافیای ئابوورییە. واتە نوخبەی سیاسی و بیرکەرەوەکان لە تورکیا لە "ڕووداو- Event" دەترسن. بۆ نموونە تورکیا پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بە گرنگ دەزانێت بۆ خۆی، لە ڕابردووشدا پێگە و کەسێتی نێچیرڤان بارزانییان زۆر پێ پەسەند بووە، لەبەر ئەوەی وەک خۆیان هەندێجار نەیانشاردووەتەوە، ڕەنگە سبەی ڕووداوێک رووبدات پەکەکە یان هەر هێزێکی دیکە بێتە پێشەوە کە دڵخوازی ئەوان نەبێت، ڕەنگە باشتریش بێت لەوان، بەڵام لە ڕووداوەکە دەترسن. هەتا ئەو ڕۆژەی بەهاری عەرەبی ڕوویدا تورکیا پێشبینی نەکردبوو، ڕوویدا و هەموو هاوکێشە ناوچەییەکانی تورکیای بە نێگەتیف گۆڕی. چونکە تورکیا ئەزموونێکی زۆری لەگەڵ سەرۆکی کابینەی نوێ (مەسرور بارزانی) نییە، تەنانەت لەمیش دەترسێ، بۆیە لەسەر مێزی بلاکجاکەکە قوتوویەکی دیکەی کردووەتەوە، ئەویش بە پەیوەندیی گەرموگوڕ لەگەڵ بەغدا.

ساڵی 2003 ڕژێمی سەددام حوسێن لە عێراق ڕووخا، سەددام حوسێن ئەگەرچی وەک تورکەکان سوننە بوو، بەڵام گوێڕایەڵی تورکیا و هیچ وڵاتێکی ناوچەکە نەبوو، بەڵام بۆ تورکیا ڕووخانی سەددام کارەساتێکی ناوچەیی بوو؟ چونکە نووری مالیکی هات و هەشت ساڵ سەرۆکوەزیران بوو، بەهۆی نزیکییەکەی لە ئێران هەموو خەونەکانی تورکیای لە عێراق لەگۆڕنا. دوای ئەوەش حەیدەر عەبادی بووە سەرۆکوەزیران و دیسان نەیهێشت خواستەکانی تورکیا لە عێراق بەدی بێن.

**سێیەم:** ئێستاش سێ سەرۆکایەتی نوێ لە عێراق هەیە، لەماوەی چوار مانگدا سەرۆک کۆماری عێراق دوو جار سەردانی تورکیای کردووە. سەرۆکوەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدیش جارێک سەردانی تورکیای کردووە، وەزیری دەرەوەی تورکیا جارێک هاتووەتە عێراق، بڕیاریشە کۆتایی ئەمساڵ، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆککۆماری تورکیا سەردانی عێراق بکات، ئەمە بۆ؟ لێکەوتەیەکی ئەمە لەسەر حیسابی بنکۆڵکردنی کیانی هەرێمی کوردستانە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە، ئەوەش بڕیاری کردنەوەی مەرزێک "سنوورێکی وشکانی هاتوچۆیە" لە سنووری حکومەتی عێراقەوە بۆ تورکیا. بێگومان ئەمە سەرەتا لێدانە لە مەرزی نێودەوڵەتیی ئیبراهیم خەلیل، دواجاریش لێدان و بەرگرتنە بە هێڵی بۆریی نەوتی کوردستان و ئەگەری بەهێزیش ئەوەیە وابکەن لە قەتەرەوە بەناو خاکی عێراقدا هێڵی نەوت ببەنە تورکیا. دیارە هەرێمی کوردستان سنوورێکی جوگرافی دیاریکراوی بە فەرمی نووسراوی نییە، ئەمەش وا دەکات بۆردومانەکانی تورکیا و بە ناحەق شەهیدکردنی خەڵکی سڤیل لە خاکی عێراقدا حکومەتی عێراق بەرپرس بکا لە هەڵوێست نواندن، گوایە خەڵکی سنووری ڕانیە و باڵەکایەتی و ئامێدی عێراقی نین؟!

**چوارەم:** بەپێی دوا ئامار و زانیاری، 11 بنکەی سەربازیی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستاندان، واتە لە خاکی عێراقدان بە بیانووی لێدان لە پەکەکە، تورکیا هەقی خۆیەتی سنوورەکانی خۆی بپارێزێ و کون و کەلەبەرەکان بگرێت، بەڵام ئەم سەردانانەی سەرۆک کۆماری عێراق و گەرموگوڕی بەپلەی ئیمتیاز ئەوەیە کە هەوڵ بدەن 11 بنکە سەربازییەکە بە یاسایی بکەن، لە عێراقەوە یاسایەکی نوێی بۆ دەربکەن (ئەوەشیان لەسەر حیسابی خاکی کوردستان)، ئەمەش لە کاتێکدایە خەڵکی بەسرە دوو ساڵە ناڕەزایەتی دەردەبڕن کە ئاو و کارەبایان نییە، کەچی ڕێبەرانی عێراق لە هەوڵی ئەوەدان یاسا بۆ هێزی بێگانە دەربکەن لەناو خاکی خۆیاندا، لەکاتێکدا 600 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی بەهۆی گرتنەوەی ئاوی دیجلەوە بێکەڵک بوون و عێراق کەوتووەتە بەر مەترسی (بەبیابانبوون- Desertification).

**پێنجەم:** تورکیا و نەوتی کوردستان دوو بابەتی ستراتیژین، بەڵام تورکیا بە ڕووکەش دەیەوێ وای نیشان بدات کە پرسی پەکەکە بۆ ئەو یەکەمە و پرسی وزە دووەمە. تورکیا لە ساڵی 2016 بایی 60 ملیار دۆلار نەوت و غازی سروشتیی کڕیوە، بەپێی پەیمانگەی ئاماری تورکی (TÜİK)، تورکیا بۆ هاوردەکردنی وزە (نەوت و غاز) لە ساڵی (2018)دا (42،99) ملیار دۆلاری خەرج کردووە، ئەمەش دەکاتە (19.2%) ی بودجەی ئەو وڵاتە. بەگشتی تورکیا ساڵانە لە نێوان (50- 60) ملیار دۆلاری پێویستە بۆ هاوردەکردنی غازی سروشتی بە پلەی یەک و ئینجا نەوت لە هەریەکە لە ڕووسیا کە (52.94%) ی پێداویستی غازی تورکیا پڕ دەکاتەوە. دوای ئەو ئێران (16.62%)ی پێداویستی غازی تورکیا دابین دەکات (ئەمە بێجگە لە نەوتی خاو)، هەروەها ئازەربایجان و نەیجیریاش بەشێکن لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی وزەی تورکیا. لە ساڵی (2019) دا پێشبینی دەکرێت بڕێکی زۆر زیاتر لە بودجەی تورکیا بۆ کڕینی نەوت و غاز بێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو وڵاتە خواستە نێوخۆییەکانی بۆ سووتەمەنی زیادی کردووە. هەروەها نرخی نەوتیش بەرزبووەتەوە. لەهەمانکاتدا تورکیا چووەتە ژێر باری سزا ئابوورییەکانی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، ئایا چۆن جێگەی ئەو نەوتە خاوە پڕ بکاتەوە کە لە ئێرانەوە پێشتر هاوردەی دەکرد؟ ناتوانێ لە سعودیەوە هاوردەی بکات چونکە کێشەی سیاسیی قووڵیان لە نێواندا هەیە. ناتوانێ وا بە خێرایی لە قەتەرەوە هاوردەی بکات چونکە تێچوویەکی زۆری دەوێ. هەروەها کۆمپانیای تۆپراشی تورکی کە تەواوی پاڵاوگە نەوتییەکانی تورکیای دیزاین کردووە، پاڵاوگەکان وا دروستکراون کە تەنیا نەوتی قورس بپاڵێون، ئەگەر تورکیا ناچار بکرێت هەر جۆرێکی دیکە لە نەوت هاوردە بکات، دەبێت دەستکاری پاڵاوگەکانی بکات کە تێچوویەکی زۆری دەوێ، کەواتە نزیکترین و گونجاوترین ڕێگە نەوتی مامناوەندی و قورسی هەرێمی کوردستانە.

دواجار، تورکیا وزە لە شەرعیەتی مێژوویی خۆی وەردەگرێ لە عێراق، کاتێک دوای یەکەمین جەنگی جیهانی میراتی پیاوە نەخۆشەکە "ئیمپراتۆریەتی عوسمانی" لەنێوان ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەڕەنسیدا دابەش کرا، ویلایەتی بەسرەو بەغدا و مووسڵ پێکەوە لکێنران و لەژێر ئینتیدابی بەریتانیدا دەوڵەتی عێراق درووست بوو. بەڵام ئەمە بۆ تورکیاش بێ ڕێگری نابێت، کارتی گەورەش بەدەست ڕێبەرانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمەوەیە، سیستمی ئاکپارتی بەڕێبەرایەتی ئەردۆگان لە ئیتنۆ- نەیشناڵیزمەوە بەرەو ئیسلامگەراییەکی دەسەڵاتخواز، بەرئەنجامی ئەم سیاسەتەش تورکیای وا لێکردووە کە نەهێڵن لە هیچ شوێنێکی دەریای ناوەڕاستدا هیچ ڕۆڵێکی هەبێت، لە یۆنانەوە بۆ میسر و بۆ ئیسرائیل و بۆ قوبرس ڕێککەوتنی گەورە هەیە لەسەر پرسی هێڵەکانی وزەی دەریای ناوەڕاست، هەندێ لە تینک تانکەکانیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستان و نەوت و غازەکەی بگەیەننە دەریای ناوەڕاست و بیکەنە بەشێک لەو کوتلە گەورەیەی وزە کە ئێستا ئەو وڵاتانە سەرقاڵین بەبێ ئەوەی هێڵی نەوت و غازەکەی بە خاکی تورکیادا تێپەڕبێت، ئەمەشیان ناوناوە ستراتیجی ئابڵوقەدانی ئەردۆگان.

*** بەهرۆز جەعفەر، سەرۆکی ئینستتیوتی مێدیتریانەیە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، خوێندکاری دکتۆرا لە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان.**




تورکیا ساڵانە بایی 50- 60 ملیار دۆلار نەوت و گاز لە دەرەوە دەکڕێ
(فۆتۆ: AFP)

## پێشبینی ناکرێت ئەمساڵ نرخی نەوت بگاتە 80 دۆلار

# ئەو هۆکارانەی ئەمساڵ نرخی نەوت ئاراستە دەکەن



یادگار سدیق

بازاڕی وزە یەکێکە لەو بازاڕانەی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هۆکاری جیاواز، بەڵام هیچکات هێندەی ئێستا کۆمەڵێک هۆکار بەو ڕاددەیە کاریگەرییان لەسەر ئەو بازاڕە نەبووە. لە هۆکارە دیارەکانیش کە یاری بە نرخی وزە دەکەن بریتین لە جەنگی بازرگانیی نێوان وڵاتانی جیهان، کەمبوونەوەی خواست لەسەر نەوتی خاو، گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران و ڤەنزوێللا، هەروەها ناکۆکییەکانی واشنتن لەگەڵ تاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ناکۆکییەکانی ئەمریکا و ئێران یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی ئاراستەکردنی بازاڕی وزە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئەو ناکۆکییانە نەبوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت، تەنانەت بە پێچەوانەوە زێدەباری دابەزینی ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران بۆ بازاڕەکانی جیهان بە بڕی دوو ملیۆن بەرمیل لە دوای نیوەی دووەمی ساڵی ڕابردووەوە، نرخی نەوت ڕووی لە دابەزین کردووە، کاتێک نرخی نەوت بەو هۆیەوە لە کۆتایی ئەیلولی ڕابردوو گەیشتە بەرزترین ئاستی لە چوار ساڵی ڕابردوودا و بۆ 86.26 دۆلار بەرزبووەوە.

بەگوێرەی توێژینەوەیەک کە لەلایەن (cnbc) لە نێوان شارەزایانی بازاڕی نەوت کراوە، جیۆپۆلەتیک تەنیا بە ڕێژەی 14% کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی نرخی نەوت هەیە، بەڵام بە تەنیا خواست بە ڕێژەی 41% کاریگەری لەسەر نرخی نەوت دروست دەکات. هەروەها ناکۆکییە بازرگانییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی دیکە بە ڕێژەی 18% کاریگەری لەسەر نرخی وزە هەیە، لە کاتێکدا لەو ماوەیەدا ئەمریکا و چین لە جەنگێکی بازرگانیی بەهێزدا بوون، ئەمەش کاریگەریی سزاکانی سەر ئێرانی بۆ بازاڕی وزە سووک کردووە. بەهۆی خاوبوونەوەی گەشەی ئابووری، خواستی جیهان لەسەر نەوتی خاو کەمی کرد، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا زیادی کرد و بە گوێرەی شارەزایان بەڕێژەی 9% کاریگەری لەسەر نرخی نەوت دادەنێ، ئەوەش هۆکاری سەرەکیی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کێشەی ئێرانە لەسەر بازاڕی وزە.

شارەزایانی نەوت پێشبینی دەکەن لانیکەم تاکو شەش مانگی داهاتوو هیچ کۆبوونەوەیەکی ئامانجدار لە نێوان ئێران و ئەمریکا بەڕێوەنەچێت، زیاتر لە نیوەی شارەزایانی بەشدار وای دەبینن هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو وڵاتەکە ڕوونادات، تەنیا بە ئامانجگرتنی هەردوولا نەبێت لە ڕێگە و شێوازی بچووک کە دەتوانیت بازاڕی وزە لە ژێر کاریگەری خۆی بهێڵێتەوە.

بەگوێرەی دامەزراوەکە، هەندێک پێشبینی دەکەن لە ماوەی شەش مانگ یان زیاتردا ئەمریکا و ئێران دەست بە گفتوگۆ بکەن. هەندێکیش پێشبینی دەستپێکردنی دانوستاندن لە نێوان سێ بۆ شەش مانگ دەکەن. نزیکەی 36%ی شارەزایان پێشبینی هێرشی سەربازی ناکەن، بەڵام 18% پێشبینی شەڕ و پێکدادانی بچووک دەکەن لەسەر ئاوەکان. 23%یش پێشبینی هێرشی مووشەکیی سنووردار دەکەن. تەنیا 9% پێشبینی هێرشی مووشەکیی دوورهاوێژ دەکەن.

شارەزایانی بازاڕی وزە خواست لەسەر نەوتی خاو بە گەورەترین کاریگەری بۆ ئاراستەکردنی نرخەکانی نەوت دادەنێن و دەڵێن ئاراستەکردنی نرخی نەوت پەیوەندیدارە بە بەرزبوونەوە و دابەزینی خواست لەسەر نەوتی خاو. ئێستا خواست لەسەر نەوتی خاو بەهۆی پاشەکشەی گەشەی ئابووریی گەورە بەکاربەرانی نەوت، بە تایبەت ئەمریکا و چین و وڵاتانی ناوچەی یەکێتیی ئەورووپا، کەوتووەتە ژێر گوشارەوە. تا دێت دامەزراوەکان ئاستی گەشەی خواست لەسەر نەوتی خاو کەم دەکەنەوە. بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی هەریەکە لە ڕێکخراوی ئۆپێک و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە کە پێداچوونەوەیان بۆ پێشبینییەکانی گەشەی خواست لەسەر نەوتی خاو کردووە، پێشبینی دەکەن ڕۆژانە 1.14 ملیۆن تا 1.2 ملیۆن بەرمیل گەشەکردن بەخۆوە ببینێت. هاوکات سندووقی نێودەوڵەتیی دراویش پێشبینی بۆ گەشەی ئابووریی ئەمریکا، ئەورووپا، ژاپۆن و، بەگشتی جیهان دابەزاندووە. دامەزراوەکە پێشبینی دەکات ئابووریی جیهان ئەمساڵ تەنیا بەڕێژەی 3.3 گەشە بکات، ئەمە لە کاتێکدا لە دەستپێکی ئەمساڵ ڕێکخراوەکە پێشبینی 3.5ی کردبوو، بەڵام پێشبینی دەکات گەشەی ئابووریی جیهان لە ساڵی داهاتوو بۆ 3.6 بەرزببێتەوە.

هەرچەندە بەگوێرەی ئامارەکان هاوردەکردنی نەوتی خاو لەلایەن چین لە ماوەی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بە بەراورد لەگەڵ هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو 7.6% بەرز بووەتەوە، بەڵام ئامارەکان ئاماژە بە دابەزینی بەردەوامی ئاستی هاوردەکردنی نەوت دەکەن بەهۆی خاوبوونەوەی گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە. بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکانی حکومەتی چین، تێکڕای هاوردەکردنی نەوت لە مانگی ئایار 40.23 ملیۆن تۆن بووە، ئەمە لەکاتێکدا لە نیسانی ئەمساڵ قەبارەکە 43.73 ملیۆن تۆن بووە، ئەوەش ئاستی هاوردەکردنی نەوتی بۆ 9.47 ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە دابەزاندووە.

هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەردەوامی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا ڕۆژانە بۆ 12.1 ملیۆن بەرمیل کە پێشبینی دەکرێ بگاتە 12.5 ملیۆن بەرمیل تا کۆتایی ئەمساڵ، چالاکیی ئابووریی ئەمریکاش بەردەوامە لە دابەزین، بە گوێرەی پێنوێنی گەنجینەی فیدراڵی بانکی دالاس بۆ چالاکیی کارگەکانی ئەمریکا، لە مانگی حوزەیران بۆ 12.1 پاشەکشەی کردووە، ئەوەش نزمترین خوێندنەوەیە لە دوای حوزەیرانی 2016.

### ئەمساڵ نرخی نەوت لەژێر 80 دۆلار دەمێنێتەوە

42 ئابووریناس و شرۆڤەکار لە ڕۆیتەرز پێشبینی دەکەن نرخی نەوتی خاوی برێنت بە تێکڕا ئەمساڵ لە ژێر 70 دۆلار بمێنێتەوە و 67.59 دۆلار بێت بۆ هەر بەرمیلێک. هاوکات بەگوێرەی پێشبینی 52%ی شرۆڤەکارانی بەشدار لە توێژنەوەیەکی سی ئێن بی سی، تا ئابی ئەمساڵ نرخی نەوتی خاوی برێنت لە نێوان ئاستەکانی 60 بۆ 70 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک جووڵە دەکات، تەنیا 38%یان پێشبینی دەکەن نرخی نەوت بۆ سەرووی 70 دۆلار بەرزبێتەوە، بەڵام لە ژێر 80% دۆلاریش دەمێنێتەوە.

ئەگەرچی نرخەکانی نەوت ئێستا لەژێر کاریگەریی کەمبوونەوەی خواست مامەڵەی پێوە دەکرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا توندکردنی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران و ڤەنزوێللا لەلایەن ئەمریکا و مەترسیی جیۆپۆڵەتیک دەتوانن کاریگەرییەکانی سنووردار بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە بەرزبوونەوەی گەشەی ئابووریی جیهان لە ساڵی 2020 و هێوربوونەوەی ناکۆکییە بازرگانییەکانی نێوان وڵاتانی جیهان بە تایبەت واشنتن و پەکین لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی گرووپی بیست لە ژاپۆن، هەروەها پێشبینییەکان بۆ گفتوگۆی نێوان تاران و واشنتن لە دوای شەش مانگی داهاتوو، دەتوانێت ساڵی داهاتوو نرخی نەوت لەم ئاستەی ئێستا زیاتر بەرز بکاتەوە.



(فۆتۆ: AFP)

کەمیی خواست لەسەر نەوت، کاریگەریی کەمبوونەوەی نەوتی ئێرانی لەسەر بازاڕی وزە بێ بایەخ کردووە



## میوزیکژەنێکی کورد میوزیک بۆ فیلمی هۆڵیوود دادەنێت

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو - هەولێر**

هونەرمەند سالار ئازید، وەکو تاکە کوردێک، میوزیک بۆ فیلمی هۆڵیوود "عەلائەدین" دادەنێ و بەشداری لە چەند فیلمێکی دیکەی هۆڵیوود دەکات. سالار ئازید، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی ئێمە وەکو گرووپێکی میوزیک لە لەندن بانگهێشتکراین بۆ ئەوەی میوزیک بۆ بەشێک لە فیلمی عەلائەدین بژەنین، لەگەڵ ئەوەشدا چەند دیمەنێکی فیلمەکە ئێمە وەکو گرووپ ڕۆڵمان بینیوە و گۆرانی و میوزیککمان پێشکەشکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا دووبارە لەگەڵ هۆڵیوود گرێبەستێکم واژۆ کردووە کە پارچە میوزیکێک بە ئامێری کەمانچە بەتەنیا بژەنم و لە نێو فیلمەکەدا بەکاردێت".

پەروین چاکار، خانمە ئۆپێراخوێنی کورد بۆ (ڕووداو):

# 13 ساڵە کار لەسەر ئۆپێرای مەم و زین دەکەم



پەروین چاکار، خانمە ئۆپێراخوێنێکی کوردە، دەیەوێت لە ڕێگەی ئۆپێراوە داستانە مەزنەکانی گەلی کورد بباتە سەر ستەیج. چاکار لە ساڵی 1981 لە ناوچەی دێرکا چیای مازی سەر بە مێردینی باکووری کوردستان لەدایکبووە. ساڵی 1995 لە ئینستیتیوتی ئانادۆڵ، هونەری خوێندووە. ساڵی 2003 لە زانکۆی گازی ئەنقەرە بەشی هونەری دەنگی خوێندووە. ساڵی 2008 دەچێتە کۆنسەرڤاتوار و ئۆپێرا دەخوێنێ و پلەیەکی باش بەدەستدێنێ. بە مەبەستی بەرهەمهێنانی بەڵگەفیلمێک (تۆڕی میدیایی ڕووداو) میوانداریی خانمە ئۆپێراخوێنی باکووری کوردستان، پەروین چاکاری کردووە. بۆ یەکەمجارە سەردانی هەولێر دەکات. پەروین چاکار لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پڕۆژە و چالاکییەکانی خۆی دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو - هەولێر**



**ڕووداو: لەم سەردانەت بۆ هەولێر چ شتێک زیاتر سەرنجی ڕاکێشای؟**

**پەروین:** یەکەمجارە سەردانی باشووری کوردستان دەکەم، چەند ڕۆژێکە لە هەولێرم، بەڵام لەبەر کاری وێنەگرتنی بەڵگەفیلمەکە زۆر نەگەڕاوم، سەردانی قەڵای هەولێرم کردووە زۆر سەرنجڕاکێش بوو. حەز دەکەم زیاتر بگەڕێم و شوێنەکانی دیکەش ببینم.

**ڕووداو: لەم بەڵگەفیلمەدا کە (ڕووداو) لەسەر ئێوە بەرهەمی دێنێت، زیاتر باس لە چ لایەنێکی ژیانی تۆ دەکرێ؟**

**پەروین:** بەڵگەفیلمەکە زیاتر باس لە کارە هونەرییەکانی من و ژیانی منداڵیی من تاوەکو ئێستا دەکات، زۆر لایەنی ژیانی من دەخاتەڕوو، هیوادارم بەدڵی هەوادارانم بێت.

**ڕووداو: بەنیاز نیت لەنێو ئۆپێرادا گۆرانی و داستانی کوردی بڵێیتەوە؟**

**پەروین:** دەمێکە کار لەسەر دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی میوزیک و گۆرانیی ڕەسەنی کوردی دەکەم، بۆ ئەوەی بەشێوازی ئۆپێرا جارێکی دیکە گۆرانییە کوردییەکان تێکەڵکێش بکەم، تاوەکو هەموو خەڵکی جیهان لە ڕێگەی ئۆپێراوە ئاشنای هونەر و میوزیک و داستانە کوردییەکان ببن. من ئێستا دەستم بە ئۆپێرای کوردی کردووە.

**ڕووداو: ئەو خاسیەتانە لە نێو گۆرانی و دەنگبێژی کوردیدا هەیە؟ دەتوانرێ بکرێنە ئۆپێرا؟**

**پەروین:** بێگومان جیاوازی هەیە لە نێوان گۆرانی و دەنگبێژی و ئۆپێرا، دوو شتی جیاوازن، چونکە وەک دەزانن گۆرانی و هونەری دەنگبێژی زیاتر لە نێو خەڵکی سادە و هەژار باوە، بەڵام ئۆپێرا هونەرێکی باڵایە و زیاتر خەڵکی ئەرستۆکرات هۆگری بوونە و هەر لەلایەن ئەوانەوە کاری لەسەر کراوە، بۆیە لەنێو کورد زۆر گرنگی پێنەدراوە، من ئێستا خەریکم دەنگبێژی و ئۆپێرا تێکەڵکێش بکەم، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی تێکەڵی ئۆپێرا بێت و هۆگری بێت، هەڵبەتە لە نێوان دەنگبێژی و ئۆپێرا خاڵی هاوبەشیش هەیە، ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی باشتر تێکەڵکێشی بکەین.

**ڕووداو: تۆ ئۆپێراخوێنی، ئەو کاتەی حەز بکەی گوێ لە گۆرانییەک بگری کامە هونەرمەند هەڵدەبژێری؟**

**پەروین:** بێگومان من زۆر شەیدای دەنگبێژی ناوداری کورد، شاکرۆم، هەروەها زۆر هۆگری مرادێ کنێ دەنگبێژی باکووری کوردستانم، ئەو لاوک و مەقامانەی ئەم هونەرمەندانە دەیڵێن، هونەرێکی بەرز و ڕەسەنە، دەکرێت زیاتر کار لەسەر بەرهەمەکانی ئەم کەڵە هونەرمەندانە بکرێ.

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە باس لەوە دەکرێ کە پەروین چاکار پڕۆژەیەکی لەسەر مەم و زینی ئەحمەدی خانی هەیە، ئەم پڕۆژەیە بەکوێ گەیشت؟**

**پەروین:** کارکردن لەسەر مەم و زین، خەونی لە مێژینەی منە، ماوەی 13 ساڵە کار لەسەر ئۆپێرای مەم و زین دەکەم، بەشێکی زۆر لە کارەکان تەواوبوون، بەڵام چاوەڕێی سپۆنسەرێکم، چونکە ئەمە پڕۆژەیەکی مەزنە و پێویستی بە هۆڵێکی مەزنی تایبەت بە ئۆپێرایە، گرووپی میوزیک و گرووپی سەما و دەیان کاری دیکە هەیە کە بەتەنیا ناتوانم بیکەم، بۆیە لەڕێگەی ئێوەوە داوا لەلایەنی پەیوەندار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی هونەری کوردی زیاتر بەرز بکەینەوە، ئەگەر سپۆنسەر هەبێت دەست بەم پڕۆژەیە دەکەین و مەم و زین دەکەینە جیهانی و بەهەموو خەڵکی ئاشنا دەکەین.

> دەمەوێ لەڕێی ئۆپێراوە داستانی مەم و زین بە جیهانی بکەم

> خەریکم دەنگبێژی و ئۆپێرا تێکەڵکێش دەکەم

**ڕووداو: لە چەند وڵاتێکی ئەورووپی ئۆپێرای کوردیت پێشکەش کردووە، ئەورووپییەکان چۆن دەڕواننە ئۆپێرای کوردی؟**

**پەروین:** هەڵبەتە لە باکووری ئیتاڵیا چەند پێکهاتەیەکی جیاواز هەن، زۆر لە کولتوور و فەرهەنگی کوردی نزیکن. من لەوێ چەند ئۆپێرایەکی کوردیم پێشکەشکردن، پێشوازییەکی زۆر باشیان لێکرد، ئەوان ئێستا حەز لە کورد و هونەری کوردی دەکەن.

**ڕووداو: ئەی کورد چۆن دەڕوانێتە هونەری ئۆپێرا؟**

**پەروین:** بەڕاستی گەلەک بە ئەرێنی پێشوازی لە بەرهەمەکانی من دەکەن، چونکە من گۆرانییە کوردییەکان بە تەکنیک و ئەدای ئۆپێرا پێشکەش دەکەم، ئەمەش وایکردووە لای خەڵک خۆشەویست بێت، وەک چۆن کورد پێشوازی لە ستایلی ئەرابێسک و پۆپ و ڕۆک کردووەو لە نێو گۆرانییەکانیان جێگایان بۆ کردووتەوە، من لەو باوەڕەدام ئاواش باوەش بۆ ئۆپێرای کوردی دەکەنەوە، بەڵام ئەمە کاتی پێویستە.

# شاکاری داهاتووی هۆڵیوود لە کوردستان دەکرێ؟



**جانۆ ڕۆژبەیانی**

> لەڕووی لۆجستییەوە کوردستان بۆ فیلمەکانی هۆڵیوود زۆر گونجاوە

> سرووشتی کوردستان شوێنێکی بە پیتە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم

> کاتی ئەوە هاتووە دەرهێنەرانی کورد داستانە مێژوویی و ڕۆمانتیکەکانی کورد بکەنە فیلم

ماوەیەکی زۆرە پێشنیازی دامەزراندنی ئۆفیسی کۆمیسیۆنی بەرهەمهێنانی فیلم لە کوردستان دەکەم، بۆ ئەوەی کوردستان وەک شوێنێک بۆ وێنەگرتنی فیلم بخاتە بەردەستی هۆڵیوود و ستۆدیۆ ئەورووپییەکان.

بەهۆی دیمەنە دڵڕفێنەکانی، مامەڵەی دۆستانەی خەڵکەکەی، مێژووە سەرنجڕاکێشەکەی و ئەو ئازادی و ئاسایشەی لە چاو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیەتی، کوردستان شیانی ئەوەی تێدایە کە ببێ بە شوێنی وێنەگرتنی فیلم.

ئەو کۆمیسیۆنە دەتوانێ سینەمای نێوخۆی کوردستانیش بەهێز بکات، ئەوەش لەڕێی کارکردنی بەرهەمەندانی سینەمای کوردستان وەک فێرخواز یان بە گرێبەست لەگەڵ ستافی هۆڵیوود. ئەم ئەزموونە پراکتیکییە لەگەڵ کەسانی پڕۆفیشناڵ هاوتایە لەگەڵ ساڵانێکی زۆر خوێندنی ئەکادیمی لەو بوارەدا.

دامەزراندنی کۆمیسیۆنی فیلم ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی تواناکانی کوردستان بپشکوێن، چونکە ڕێ بە ڕێککەوتنی بەرهەمهێنانی هاوبەش لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکە دەدات، لە کاتێکدا بێ ئەم ڕێککەوتنە هۆڵیوود و ستۆدیۆکانی ئەورووپا ناتوانن بەرهەمهێنانی خۆیان بهێننە کوردستان.

بێشک ژمارەیەکی زۆر فیلم لەبارەی عێراق و سووریا دروستدەکرێن کە پەیوەندییان بە داعش و هاوبەشەکانی ناو هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بە بەشداریی کوردستانەوە دەبێ، جگە لەمە لەبارەی زۆر ئەکتەری دیکەی ناوچەکەش فیلم دروست دەکرێن.

واقیعەکە لەبارە بۆ تیمی هاوشێوەی فیلمی "چاک، خراپ، دزێو". ئەو فیلمە بناغەی زۆر شاکاری کلاسیکی هۆڵیوود بوو. وێنەگرتنی فیلم لە کوردستان قازانجێکی دارایی زۆریشی بەدواوەیە، لە کاتێکدا بودجەی ئەو فیلمانە لە 25 هەتا 200 ملیۆن دۆلارە.

لەڕووی لۆجستیکیشەوە، کوردستان سامانێک لە سەرچاوەی ڕاستەقینەی هەیە کە دەتوانێ پێشکەشی بکات، بۆ نموونە بەشداریی پێشمەرگە و ئاوارەکان، دیمەن و باکگراوندی ڕاستەقینەی کەمپەکانی ئاوارە و ئەو شار و شارۆچکانەی داعش وێرانی کردوون. جیا لەمە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانەوە گەشتی ڕاستەوخۆ بۆ کوردستان دەکرێ، باڵەخانەی لێیە کە بە ستانداردی ڕۆژئاوایی دروستکراون، لە هەمووشی گرنگتر هاوپەیمانێتیی فرەلایەنی کورد لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوایی دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی پێشوازییەکی گەرم لە ڕۆژئاواییەکان بکرێ.

بەڵام بەرهەمهێنانی فیلم لە کوردستان نابێ لە بەرهەمهێنانی زەبەلاحی هۆڵیووددا قەتیس بکرێ کە فۆکەسی سەرەکییان لەسەر داعش و ڕووداوە جەنگییەکانە.

هەرچەندە فیلمسازانی کورد ماوەیەکی زۆرە تراژیدیا و مەینەتییەکانی گەلی خۆیان کردووە بە فیلم، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ڕووی کامێراکانیان بۆ لای کولتور و فۆلکلۆری خۆیان بسووڕێنن کە لە چەندین نەوەی پێشووەوە بۆیان بە میرات ماوە، لەوانەش داستانە مێژووییەکان و فۆلکلۆرە ڕۆمانتیکەکانی ڕابردوو و ئێستا.

کوردستان لانکی یەکێک لە کۆنترین شارستانییەکانی جیهانە و ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری کۆنی لە ئامێز گرتووە کە مێژووی هەندێکیان بۆ چاخی نیاندێرتاڵەکان لە 40 هەزار ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

جوانیی سروشتی کوردستانیش سنوور ناناسێ، بە تایبەتی لە بەهاراندا، کاتێک بەفر بە لوتکەی چیاکانەوە ماوە، دۆڵەکان دڵڕفێنن، تاڤگەکان کە لە بەفری تواوەی چیاکانەوە دروست دەبن و ئاوەکەیان تێکەڵ بە خوڕەی ئاوی ڕووبار و چەمەکان دەبێ، زنجیرەی گردەکان و پێدەشتە بەرینەکان کە گوڵ و شکۆفە ڕەنگاوڕەنگەکان دایانپۆشیون.

ئینجا ئەمە خۆری زێڕینی کوردستانیشە بێنە سەر کە لە کۆنەوە ڕێزی لێدەنرێ و لە هەموو شتێکی کوردستاندا بەرجەستە بووە، هەر لە ئاڵای نەتەوەیی کوردەوە بیگرە هەتا دەگاتە شێوەی پەرستگاکانی ئێزدی.

سێرگێی بۆدرۆڤ، دەرهێنەری ڕووسی، لە کاتی سەردانی بۆ کوردستان لەگەڵ شاندێکی هۆڵیوود، ڕۆژی کوردستان وەک "گەنجینەیەک بەدەست فۆتۆگرافەری فیلمەکانەوە" وەسف دەکات.

کاتێک لە 2001 خەریکی وێنەگرتنی فیلمی ژیان بووم، ئامێر و کەرەستەی فیلم، بەتایبەتی کەرەستەی ڕووناکی لە هەرێمی کوردستان زۆر کەم بوو. بۆیە تەنیا پشتمان بە ڕووناکیی خۆر بەست، ئەوەش تیشکێکی زێڕینی بەسەر هەموو فیلمەکەدا باراند و گەرمییەکی زۆری بە دیمەنەکان بەخشی.

ئەم جوانییە سروشتییە کوردستان دەکاتە شوێنێکی بە پیت بۆ بەرهەمهێنانی فیلم، چونکە ڕووی کامێرا بۆ هەر لایەک بسووڕێنین، ئەو وێنەیەی کە دەستماندەکەوێت نوێ و دڵڕفێنە وەک شنەبای بەرەبەیان.

لەو وتارەی کە پێشتر لەسەر مێژووی سینەمای کوردستان نووسیم و لە (ڕووداو) بڵاوم کردەوە، پێشبینی ئەوەم کرد کە بەرهەمهێنەرانی یاریی ڤیدیۆیی لە داهاتوویەکی نزیکدا سوود لە پاڵەوانە ئافرەتە کوردەکان وەردەگرن. بیرمان نەچێت، کۆمپانیای ئینفینیتی وارد، بۆ بەرهەمهێنانی یاریی ڤیدیۆیی، لە دوایین یاریی خۆیدا بە ناوی (Call to Duty: Modern Wafare) ڕێک ئەو کارەی کردووە.

جاکوب میکنۆف، دەرهێنەر لە کۆمپانیای (ئینفینیتی وارد) لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دان بەوەدا دەنێ کە ئیلهامی لە شەڕڤانە ئافرەتەکانی یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) وەرگرتووە کە لە عێراق و سووریا لەدژی داعش شەڕیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا یارییەکە هیچ ئاماژەیەک بە کورد نادات. ڕووداوەکانی ئەو یارییە لە وڵاتێک بە ناوی ئۆرزیکستان ڕوودەدەن کە دیارە ناوەکەی تێکەڵەیەکە لە ناوی وڵاتە جیاوازە موسوڵمانەکان. وەک دەیڤید ڕۆمانۆ، گۆشەنووسی (ڕووداو) ئاماژەی بۆ دەکات، کاراکتەرە کوردەکەی یارییەکەش ناوێکی عەرەبی هەیە: فەرەح کەریم!

ئەگەری ڕوودانی ئەم بەهەڵە نواندنە زۆر کەمتر دەبووەوە ئەگەر کوردێک لە بۆردی ڕاوێژکارانی کۆمپانیای ئینفینیتی وارد بووایە. ئەمە دەکرێ وانەیەک بێ بۆ پیشەسازیی فیلمی کوردی کە لە گەشەسەندندایە. ئەگەر ئۆفیسی کۆمیسیۆنی فیلمی کوردی هەبووایە، دەکرا گەرەنتی ئەوە بکەین کە کورد وەک خۆی پیشان بدرێ.

دەبێ شارەزایانی کورد لە بوارەکانی مێژوو، کولتوور و سیاسەت وەک ڕاوێژکار لە سێتی بەرهەمهێنانی فیلمەکاندا سوودیان لێوەربگیرێ، بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی کورد و ڕۆڵی کورد لە شەڕی دژی تیرۆریستاندا دروست پیشان دەدرێ و لە بەهاکەی کەم ناکرێتەوە.

ئۆفیسی کۆمیسیۆنی فیلمی کوردستان ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی کوردستان بەشێوەیەکی واقیعبینانە ببێ بە شوێنی وێنەگرتنی هەموو ڕووداوێک، لە چیرۆکە هەنووکەییەکانی وێرانی و ئازایەتییەوە بیگرە هەتا داستانە مێژووییەکان کە لە شێوەی شاکارە پرداهاتەکانی هۆڵیوود یان فیلمی بەرهەمەندە خۆماڵییەکان بەرهەم بهێنرێن و لە هەموو جیهان نمایش بکرێن. لە هەمووشی گرنگتر ئۆفیسی فیلمی کوردستان دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێ کە کوردستان بە هەموو جوانییەکانییەوە بە دروستی و وردی پیشان بدرێ.





## مەرگی منداڵێکی ئێزدی لە کەنەدا هەڵمەتێکی بەدوادا دێت

**ڕووداو - هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە شاری وینیپێک لە ویلایەتی مەنتیبا لە کەنەدا منداڵێکی ئێزدی گیانی لەدەست دا، دووانی دیکەش ڕەوانەی نەخۆشخانە کران. ئۆتۆمبێلەکە تەنیا دوو کورسی هەبووە، بەڵام دایکێک و سێ منداڵی تێدا بوون. خێزانی منداڵەکە ماوەی دوو ساڵ بووە لە کەنەدا بوون و منداڵەکە تەمەنی پێنج ساڵ بووە. ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی منداڵان پێیانوایە شارەکەیان ڕێوشوێنی پێویستی نەگرتووەتەبەر بۆ هۆشیارکردنەوەی پەنابەرە نوێیەکان و ڕێنمایی تەواوی نەداوە پێیان سەبارەت بە پاراستنی گیانی منداڵان لە ئۆتۆمبێلدا. ئێزدییەکان خۆشیان هەڵمەتێکیان بۆ پێدانی هۆشیاری بە پەنابەرە ئێزدییە نوێیەکان لەبارەی دانانی کورسی منداڵ لەناو ئۆتۆمبێل دەستپێکردووە.

ڕەنگە لە کێبڕکێیەکی جیهانی بێبەش بن

# تیمە کوردییەکەی پەبجی کێشەی ڤیزایان بۆ دروست دەبێ

**محەممەد ساڵح**
**ڕووداو - هەولێر**

ژمارەیەک یاریزانی کوردی یاریی پەبجی مۆبایل کە بە "کورد سکواد" ناسراون، گەیشتوونەتە یارییەکانی پێش کۆتایی پەبجی کە بڕیارە لە بەرلین بەڕێوەبچێ، بەڵام کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر کێشەی بۆ دروستکردوون و ئامادە نییە چاوپێکەوتنی ڤیزایان لەگەڵ بکات.

کێبڕکێی کلوبی پەبجی مۆبایلی کراوە (ناسراو بە PMCO) لە ڕۆژی 26ی تەمووز لە ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێ. ئەندامانی کورد سکواد داوای چاوپێکەوتنی خێرایان لە کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر کردووە، تاوەکو بە زووترین کات ڤیزای ئەڵمانیا وەربگرن، بەڵام دامەزراوە دیپلۆماسییەکەی ئەڵمانیا پێیگوتوون، مەبەستی ئەوان بۆ گەشت لەگەڵ ئەو پێوەرانەدا یەکناگرێتەوە کە بۆ وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتنی دەمودەستی ڤیزا پێویستن.

کورد سکواد (یان تیمی کورد) زیاتر لە هەزار یاریچی پەبجی مۆبایلی هەیە و لە ئاداری 2018 دامەزراوە. لە ڕاگەیێندراوێکدا کە لەسەر پەیجی خۆیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاویان کردووەتەوە، داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن یارمەتییان بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

کێبڕکێی (PMCO) بە چەند قۆناغێک بەڕێوەدەچێ، کۆی خەڵاتەکانی هەتا دوو ملیۆن دۆلار دەچێ. سەرەتای مانگی ڕابردوو، کورد سکواد توانی لە نێوان 16 تیمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پلەی دووەم بەدەستبهێنێ و بەو جۆرەش گەیشتە یارییەکانی پێش کۆتایی کە بڕیارە 26ی ئەم مانگە لە بەرلین بەڕێوەبچێ. هەر تیمێک قۆناغی پێش کۆتایی ببڕێ، لە ڕۆژانی 27 و 28 تەمووز لە یارییەکانی کۆتایی ئەو پاڵەوانێتییە بەشداری دەکات.

ئاری خەلیل، تەمەن 24 ساڵ، یاریچییەکی پلەبەرزی کورد سکوادە و شەیدای یاریی پەبجی مۆبایلە. خەڵکێکی زۆری کورد فۆڵۆی یارییەکانی دیکەن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەخشیان دەکات.

ئاری کە خوێندکاری ئایتی (IT) و دەرچووی کۆلێژی ئیشکە، بە (ڕووداو)ی گوت: "من هەر لە منداڵییەوە یاریی کۆمپیوتەری دەکەم، بەڵام تەنیا چوار ساڵ دەبێ ناوبانگم دەرکردووە. لەو ڕۆژەوەی ئەو یارییە دەرچووە من دەستم پێکردووە". یاریی پەبجی لە ساڵی 2017 وە هەیە، بەڵام پەبجی مۆبایل لە 2018 بڵاوبووەتەوە.

خەلیل و چوار هاوتیمی توانیویانە بلیتی بەشداری لە پاڵەوانێتییەکەی بەرلین بەدەستبێنن کە خەرجییەکانی لەلایەن ڕێکخەرانی پاڵەوانێتییەکەوە دەدرێ، بەڵام ئەگەر نەتوانن لە کاتی خۆیدا ڤیزا وەربگرن، ئەوە لە بەشداری لەو پاڵەوانێتییە بێبەش دەبن. بلیتەکان بۆ ڕۆژی 17ی ئەم مانگە بڕدراون.

بەپێی ئیمەیڵێکی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا کە (ڕووداو) چاوی بە کۆپییەکەی کەوتووە، داواکەی کورد سکواد دەکەوێتە خانەی ئەو جۆرە ڤیزایانەی کە پێویستیان بە چاوپێکەوتنی خێرا هەیە، بەڵام هەر بەپێی ئیمەیڵەکە داواکەی ئەوان لەگەڵ پێوەرەکانی چاوپێکەوتنی خێرا یەکناگرێتەوە. ئەگەر چاوپێکەوتنی تیمی کورد سکواد دوابکەوێ، ناتوانن لە کێبڕکێی پێش کۆتایی بەشداری بکەن.

بەگوتەی خەلیل، بەرپرسان و هەوادارانی کورد سکواد لە کوردستان داوایان لە کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر کردووە بە بڕیارەکەیاندا بچنەوە و چاوپێکەوتنی خێرا لەگەڵ تیمەکەدا بکەن. تەنانەت ڕێکخرانی پاڵەوانییەکەش بەنیازن بێنە ناو کێشەکەوە بۆ ئەوەی تیمی کورد سکواد لەو کێبڕکێیە بێبەش نەبێ.

خەلیل دەڵێ: "ئەگەر بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانن ئەوە بکەن، ئیدی کێ دەتوانێ ئەو کارە بکات؟ ئەگەر دوای چوار مانگ هەوڵی بێوچان نەتوانین بچینە ئەو پاڵەوانێتییەوە، ئەوە بە تەواوەتی واز لە یاریی پەبجی دەهێنم".

دەسەڵاتی ئایینی پارێزگای سلێمانی لە مانگی تشرینی یەکەمی 2018 فەتوایەکیان لە دژی پەبجی دەرکرد و ڕایانگەیاند کە ئەو یارییە کاتی گەنجان بەفیڕۆ دەدات. ئەوکات عیرفان ڕەشید، سەرۆکی لیژنەی فەتوای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "بڕیارمان دا کە کارکردن لەسەر پەبجی حەرامە". چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر خووی پێوەبگرن و کاتی خۆیانی لەسەر بەفیڕۆ بدەن.

لە مانگی نیسانی ئەمساڵیش پەرلەمانی عێراق دەنگیان لەسەر قەدەغەکردنی هەموو ئەو یارییە ڤیدیۆییانە دا کە "هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و پەروەردەیی" دەکەن.

ساڵی ڕابردوو بەرهەمهێنەرانی یارییەکە ڕایانگەیاند کە ژمارەی بەکارهێنەرانی پەبجی لە هەموو جیهاندا 400 ملیۆنی تێپەڕاندووە و مانگانە 227 ملیۆن کەس یارییەکە دەکەن و 50 ملیۆن کۆپی یارییەکەی بۆ کۆمپیوتەر و ئێکس بۆکس فرۆشتووە. کۆمپانیاکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ڕۆژانە زیاتر لە 87 ملیۆن کەس لەسەر کۆمپیوتەر و ئێکس بۆکس ئەو یارییە دەکەن.

(ڕووداو) پەیوەندی بە کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر کرد، تاوەکو لەبارەی مەرجەکانی چاوپێکەوتنی خێرای ڤیزا زانیاری وەربگرێ، بەڵام هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە هیچ وەڵامێکیان نەبووە.

ڕێسای توندی ڤیزای وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەربەستێکی گەورەی بەردەم ئەو کوردانەیە کە ویستوویانە بۆ خوێندن یان بەشداری لە بۆنە نێودەوڵەتییەکاندا بچنە دەرەوەی وڵات.

بەمدواییە ئەمریکا ڤیزای نەدا بە جوبرەئیل ئەبوبەکر، فیلمسازی باشووری کوردستان کە بەنیاز بوو لەگەڵ فیلمی "ئایلان" لە سێ فێستیڤاڵی جیا بەشداری بکات.




کورد سکواد زیاتر لە هەزار یاریزانی هەیە

**یاری پەبجی:**

| |
|---|
| لە ساڵی 2017 وە هەیە |
| لە ساڵی 2018 کەوتە سەر مۆبایل |
| 400 ملیۆن کەس ئەو یارییە دەکەن |
| مانگانە 22 ملیۆن کەس یاریی پەبجی دەکەن |
| 50 ملیۆن کۆپی یارییەکە فرۆشراوە |
| ڕۆژانە 87 ملیۆن کەس ئەو یارییە لەسەر کۆمپیوتەر و ئێکیس بۆکس دەکەن |

بۆ ڕێگری لە بەزۆر بەشوودانی منداڵان

# لە سوێد ڕێوشوێنی گەشتکردنی خێزانی بۆ دەرەوە توند دەکرێ

**ڕووداو - ستۆکهۆڵم**

پرۆژە یاسایەک کە ڕێگری لە بەشوودانی منداڵان دەکات و منداڵ لە هەڕەشەی باوان دەپارێزێ، ئێستا لە پەرلەمانی سوێد کاری لەسەر دەکرێ. پرۆژە یاساکە بووەتە ڕۆژەڤی ئەو وڵاتە و بەشێک لە چالاکڤانان پشتگیریی دەکەن، بەڵام نیگەرانی لەلای هەندێک خێزانی کۆچبەریش دروستکردووە.

بەپێی پرۆژە یاساکە، بوون یان نەبوونی بەڵگە بۆ سکاڵای منداڵان و هەرزەکاران لەسەر دایک و باوک پێویست نییە، دەوڵەت سەرپشک دەکرێت لەوەی ڕێگری لە گەشتی ئەو خێزانانە بکات بۆ دەرەوەی سوێد کە گومانی بەشوودانی منداڵەکانیان لێ دەکات.

شڤان ئامێدی لە ڕێکخراوی داکۆکی لە خێزانە بیانییەکان دەڵێت: "ئەم یاسایە ڕێگە بۆ کەسانێک خۆش دەکات دژایەتی کەس و خێزانە پەنابەرەکان بکەن و کاریگەریشی لەسەر تێکچوونی شیرازەی خێزان هەیە".

شڤان پێیوایە لەگەڵ ئەو دەرفەتانەی لە سوید بۆ پەنابەر هەیە، بەڵام مامەڵەی دامەزراوەکان لەگەڵ خێزانی بیانی لە ئاستێکی باشدا نییە "تەنانەت ئەمە بۆچوونی سوێدییەکانیشە". گوتیشی "یاساکە دەبێتە گەورەترین لەمپەر لەبەردەم شیاندن و تێکەڵبوونی خێزانی بیانی بە کۆمەڵگەی سوێدی کە گەورەترین خەمی ئەم وڵاتەیە".

لەگەڵ ئەوەی شڤان نکۆڵی لە دیاردەی بەزۆر بەشوودانی کچانی منداڵ و هەرزەکار ناکات، بەڵام پێیوایە ئەوە پێویستی بەو یاسا توندە نییە "یاساکە زۆر توندە و لاستیکیشە، ئێمە وەک کۆمەڵگەی بیانی لە سوێد، پێویستمان بە هۆشیاریی زیاتر هەیە، نەک ڕێکاری توند".

سیڤان کە ناوی خوازراوی ژنە کوردێکی دێرینی سوێدە و منداڵەکانی لەوێ گەورە بوون و خاوەنی دوو کچ و کوڕێکە، خۆی و بنەماڵەکەی بە کۆنەپەرێز نازانێت، بەڵام کێشەی زۆری لەگەڵ کچەکانی هەیە. یاساکە بەلای سیڤانەوە جێگەی ترس و نیگەرانییە "ژینگەی سوێد لەبارە بۆ ئەوەی منداڵ تووشی جۆرێک لە یاخیبوونی نادروست بکات بەرامبەر بە دایک و باوک، واتە هاوکار نییە بەشێوەیەکی هاوڕێیانە تۆ ڕێگری لە منداڵەکەت بکەی نەکەوێتە هەڵەوە".

سیڤان ترسی هەیە لەوەی کچەکانی سوود لەم یاسایە وەربگرن بۆ دژایەتیکردنی: "هەرگیز دەخالەت لە ژیانی داهاتووی کچەکانم ناکەم، بەڵام ئەوان وەک پێویست لە من ناگەن و ئەم یاسایە زیاتر دوورماندەخاتەوە لەیەک، ترسم هەیە ئەم هاوینە لەگەڵم نەیەنەوە بۆ کوردستان. تەنیا لەبەر ئەوەی تاقەتی کوردستانیان نییە، ڕەنگە شکاتم لێ بکەن".

میدیاکانی سوێد بە گەرمی لەم پرسەیان ڕوانی و چەندین بابەتیان لەبارەیەوە بڵاوکردەوە. ڕادیۆی فەرمیی دەوڵەتی سوێد لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵ هەرسێ ژنە چالاکڤانی کوردی سوێد سارا محەممەد و بەیان ناسیح و هەڵاڵە ڕافع کرد کە سارا و بەیان لەگەڵی بوون و هەڵاڵەش پێیوابوو پرۆژە یاساکە کەموکووڕی هەیە: "دەرفەت بۆ دژایەتی خێزانی پەنابەر خۆش دەکات".

سارا محەممەد بۆ ڕادیۆکە گوتی: "کچان و منداڵان بەزۆر دەبرێنەوە و بەشوو دەدرێن و خەتەنە دەکرێن، بۆیە ئێمە پێشوازی لە دەرچوونی یاساکە دەکەین". ئەو پێیوایە دەبێت یاساکە توندتر بێت و کچانی سەرووی 18 ساڵیش بگرێتەوە، چونکە پێشتر کەیسی لەو شێوەیە هەبووە.

بەیان ناسیح لە هەمان ڕوانگەوە کە خۆی بەشێک بووە لە خاوەنی پێشنیارەکان، پێیوایە یاساکە گرنگە: "زۆرجار دایک و باوک و کەسوکار هەموو ڕێگەیەکیان دۆزیوەتەوە بۆ ڕفاندنی منداڵەکانیان، یاساکە ڕێگە لەوە دەگرێت". بەڵام دەشڵێت "دەبێ مافی ئەو منداڵانە لە سەفەر پارێزراو بێت کە لە خێزانەکان دوورخراونەتەوە و لەلایەن دەوڵەت یان خێزانێکی دیکەوە چاودێری و بەخێودەکرێن".

بەڵام مەلیحە ڕۆژبەیانی ڕەخنەی توند لەو ژنە چالاکڤانانە دەگرێ کە بەرگری لەو پرۆژەیە دەکەن و دەڵێت: "ئەوانەی بەناوی چالاکڤان قسە دەکەن، لەسەر حسابی دژایەتی خێزانە کوردەکان نان پەیدا دەکەن، بەداخەوە دەستی ئەم کوردانە لە یاساکەدا هەیە".

ئەو پێیوایە لەبری یاسای لەو شێوەیە، باشترە خەڵک بە ئاگا بهێننەوە "باشتر بوو ئەو ڕێکخراوە کوردییانە لەبری پێشوازی لەم یاسایە و پێشنیاری لەو شێوەیە، دایک و باوکان لەلایەک و منداڵەکان لەلایەکی دیکە بە ئاگا بهێننەوە لەوەی تووشی کێشەی لەو شێوەیە نەبن، نەک دوای ڕووداوەکان پێیان پێبکەنن و مووچەی لەسەر وەربگرن".

ئەحمەد سادق ڕایەکی پێچەوانەی هەیە و دەڵێت: "ئەمانە جێگەی دەستخۆشین و دەبێت بوێربین لە دەستخستنە سەر کێشەکان". نابێت لە سوێد بژین و بە عەقڵی شوێنێکی دیکە بیر بکەینەوە". ئەحمەد بە شێوەی ڕفاندن منداڵەکانی لێ دوورخراونەتەوە.

> ئەم یاسایە کە بەداخەوە دەستی کوردی تێدایە، منداڵان تووشی هەڵە دەکات
>
> ئافرەتێکی کورد

### منداڵان بۆ مەبەستی جیاجیا دەڕفێنرێن

ئەحمەد سادق هێشتا ئیقامەی وەرنەگرتبوو کە لە سوێد لە ژنەکەی جیابووەوە، پاشان لارای کچی برایەوە بۆ کوردستان کە ئەو بە ڕفاندن ناوی دەبات. ئەحمەد دەڵێت: "دوای ئەوەی لە هاوسەرەکەم جیابوومەوە، کەسوکاری هاوسەرەکەم کچەکەمیان بە فێڵ بردەوە و ئێستا لە کوردستان گەورە بووە، بەزۆر بەشوودرا بە ئامۆزایەکی خۆی، لەبەر ئەوەی ئیقامەی نەبوو، نەمتوانی بیهێنمەوە. ئەگەر لێرە بووایە لانیکەم ئێستا قوتابی زانکۆ بوو، بەڵام لەوێ نەخوێندەوارە. تەنانەت منیش ناناسێ".

بردنەوەی منداڵ بۆ کوردستان و بە زۆر بەشوودانیان دیاردەیەکی باوی نێو تاراوگەنشینانی سوێدە. بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، تەنانەت هەندێک لەو منداڵانە بۆ خەتەنەکردن براونەتەوە کوردستان.

بەپێی ئەو زانیاریانەی (ڕووداو) لە ڕێکخراوێکی بواری منداڵە ڕفێنراوەکان لە فینلاند دەستیکەوت، تەنیا لە ساڵێکدا 4 منداڵ لە فینلاند و 3 لە سوێد و 2 لە ئوستراليا بۆ کوردستان براونەتەوە، چەند حاڵەتێکی دیکەش لە ئەڵمانیا و بەریتانیا هەبووە.

بەپێی ڕاپرسییەکی ئەنجوومەنی گەنجانی سوێد (کە دامەزراوەیەکی دەوڵەتیی سوێدە) و چەند ساڵێک لەمەوپێش کرا، 77 %ی منداڵانی کوردی سوێد ترسی ئەوەیان هەبووە بەمەبەستی بەزۆر بەشوودان، یان بۆ مەبەستی دیکە بۆ وڵاتەکەیان بەزۆر بهێنرێنەوە.

لەڕێگەی ڕێکخراوێکی دیکەوە کە ئەویش لە سوێدە (ڕووداو) زانیویەتی کەیسێکی زۆری هێنانەوەی منداڵان لە وڵاتانی ئەورووپا بۆ کوردستان بەمەبەستی خەتەنەکردن هەبووە کە ئەمە بەپێی یاساکانی سوێد قەدەغەیە.

سەهەند کەمال لە ڕێکخراوی (KYEO) ڕایگەیاند "هاوشێوەی بەزۆر بردنەوەی کچان بۆ بەشوودان، حاڵەتی بردنەوەی منداڵ بۆ خەتەنەکردن هەیە و دەیان کەیسی لەو شێوەیەمان لایە".

یەکەمین یاسا بۆ قەدەغەکردنی هێنانەوەی بەزۆری منداڵ بۆ مەبەستی بەشوودان لە ساڵی 2014 لە سوێد دەرچوو کە چەند خێزانێکی کورد بەو هۆیەوە تووشی سزای توند بوون.

ئێستا بەپێی ئەو یاسا نوێیە، لە حاڵێکدا ئەگەر منداڵەکە سکاڵای هەبوو، یان پۆلیس لە فڕۆکەخانە و هەر شوێنێکی دیکە گومانی بۆ دروستبوو، ئەوە گەشت لەو خێزانە قەدەغە دەکرێت و ڕووبەڕووی سزاش دەبنەوە.




تەنیا لە ساڵێکدا 4 منداڵ لە فینلاند و 3 لە سوێد و 2 لە ئوستراليا بۆ کوردستان براونەتەوە



## لە کەلار ژنێک خۆی سووتاند

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2019/6/28 ژنێکی 26 ساڵ کە خاوەنی سێ منداڵە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی سووتاند. پۆلیسی گەرمیان ڕایگەیاند: "ژنەکە هێنراوەتە نەخۆشخانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار و بەشێکی جەستەی سووتاوە، بەهۆی زۆری ڕێگەی سووتانەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کراوە". پۆلیسی گەرمیان ئاماژەی بەوەش کرد: "ژنەکە لەدایکبووی ساڵی 1993یە و خاوەنی سێ منداڵە، دانیشتووی شارۆچکەی ڕزگاری سەر بە کەلارە، لە وتەکانیدا بۆ پۆلیس گوتوویەتی بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە خۆی سووتاندووە و بە بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی 408 بڕگەی 31 هاوژینەکەی و زاوایەکیان ڕاگیراون".

بکوژەکە ئیقامەی بەریتانیای هەیە

# ژنەکەی خۆی لە پێش چاوی منداڵەکانی دەخنکێنێ



**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

(ب) بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە بەردەبێتە گیانی ژنەکەی و دەیخنکێنێ، پاشان بە منداڵەکانی دەڵێت دایکتان خەوتووە، دەستی منداڵەکانی دەگرێ و دەچێتە ماڵی خاڵی. بەڵام دواتر پۆلیس دەستگیری دەکەن.

ڕۆژی 2019/6/9 ئافرەتێکی تەمەن 34 ساڵ، بە ناوی سوعاد ڕەمەزان، دانیشتووی گەڕەکی عەباسیەی قەزای زاخۆ کە دایکی دوو منداڵ بوو، لەلایەن هاوژینەکەیەوە خنکێنرا.

عەقید سەعد عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای زاخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسەوە لە ڕووداوێکی کوشتن ئاگادار کرامەوە، خۆم چووم بۆ شوێنی ڕووداوەکە. تەرمەکە لە هۆڵی ماڵەکە کەوتبوو، ماڵەکە هەمووی شێوابوو، پێدەچوو ژن و پیاوەکە پێشتر بەشەڕ هاتبن".

عەقید سەعد وای بۆ دەچێ ئافرەتەکە ویستبێتی لە دەست مێردەکەی هەڵبێ، بەڵام نەیتوانیوە، دواجار هاوسەرەکەی خنکاندوویەتی. ئەو دەڵێت: "پیاوەکەمان لە ماڵی خاڵی دەستگیر کرد، منداڵەکانیشی لەگەڵ خۆی بردبوو، پێیگوتبوون دایکتان خەوتووە".

سەبارەت بە هۆکاری خنکاندنی سوعاد، (ب) لە ئیفادەکەیدا بۆ پۆلیس دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و گوتوویەتی "بوو بە شەڕمان، منیش خنکاندم".

ئەو پیاوە لەلایەن کەسوکاری ئافرەتەکەوە سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بەندکراوە، دەگوترێ نەخۆشیی دەروونی هەیە، بۆیە دادوەر داوای کردووە پزیشک پشکنینی بۆ بکات بۆ ئەوەی بزانن نەخۆشە یان نا.

کەسوکاری سوعاد داوا دەکەن مێردەکەی بە توندترین شێوە سزا بدرێ، بەڵام جارێ دەیانەوێ بزانن بۆچی سوعادی خنکاندووە.

جومعە ڕەمەزان کە برای سوعادە، دەڵێت: "خوشکەکەم 10 ساڵ زیاتر بوو هاوسەرگیری لەگەڵ (ب) کردبوو، هیچ کێشەیەکیان نەبوو، زاواکەمان ئیقامەی بەریتانیای هەبوو، ماوەیەک بوو گەڕابووەوە، بەنیاز بوو منداڵەکانی لەگەڵ خۆی ببات بۆ ئەوێ، هەموو کارەکانی تەواو کردبوو، پاسپۆرتی بۆ دەرهێنابوون، ڕەزامەندیی بردنی منداڵەکانی لە بەریتانیا وەرگرتبوو".

وەک جومعە باسی دەکات، ئەو ماوەی دوایی هەمیشە کێشەیان لەسەر ئیقامەکە هەبوو، (ب) دەیگوت زۆری هەوڵداوە، بەڵام تەنیا توانیویەتی ئیقامە بۆ منداڵەکانی وەربگرێ، بەڵێنی بە سوعاد دابوو، هەر کات ڕەزامەندیی ئەویش هاتەوە بگەڕێتەوە لەدوای ئەویش.

جومعە باسی کێشەی نێوان سوعاد و مێردەکەی دەکات و دەڵێت: "سوعاد داوای لە (ب) دەکرد ئارام بگرێ تاوەکو ئیقامەکەی ئەویش دەردەچێ و دواتر بەیەکەوە سەفەر بکەن، بەڵام مێردەکەی زوو زوو دەچووە دەرەوە، ئەوەش گومانی لەلای سوعاد دروستکردبوو. ئێمەش گومانمان بۆ دروست بووبوو کە لە دەرەوە هاوسەرگیری کردبێت".

جومعە گوتیشی: "ئێمە لەوبارەیەوە هیچ بەڵگەیەکمان نەبوو، بەڵام کارەکانی سوعاد زۆر دواکەوتن، بۆیە گومانمان بۆ دروست بوو".

جومعە باسی ڕۆژی خنکاندنی خوشکەکەی کرد و گوتی: "سەعات 12ی نیوەڕۆ لەلایەن پۆلیسەوە پەیوەندیمان پێوەکرا کە خوشکەکەم خنکێنراوە، بەڵام باوەڕم نەکرد تا ئەو کاتەی چوومە نەخۆشخانە و پزیشکەکان پێیانگوتین کە خەریکی پشکنینن بۆ ئەوەی بزانن چۆن خنکێنراوە، دواتر دەرکەوت کە سوعادی بە دەست خنکاندووە".

جومعە پرسیاری لە منداڵە حەوت ساڵانەکەی سوعاد کردووە کە ڕووداوەکە چۆن بووە؟ ئەویش پێیگوتووە "باوکم لە دایکمی دا، دایکم خەوت. پاشان باوکم گوتی: دایکتان خەوتووە، با بچینە ماڵی خاڵم. منداڵەکان ئێستاش هەر دەگرین و دەڵێن دایکمان بۆ خەوتووە؟ دەمانەوێ بچینەوە لای دایکمان".

جومعە ڕەتیکردەوە (ب) نەخۆشیی دەروونی هەبێ و گوتی: "شتی وا نییە، ئەگەر وابووایە سوعاد و ئێمەش دەمانزانی. دوای پرسەکە بۆمان دەرکەوت کە (ب) بەنیاز بووە منداڵەکانی لەگەڵ خۆی بباتە بەریتانیا و سوعاد لە کوردستان بەجێبێڵێ".

گوتیشی: "پێدەچێ ئەو ڕۆژەش هەر لەسەر ئەوە بەشەڕهاتبن. ئەوەش ئەو گومانە زیاتر دەکات کە (ب) لە دەرەوە بە نهێنی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی دیکە کردبێ".

جومعە چاوەڕێیە کەیسی خوشکەکەی لە دادگا یەکلایی ببێتەوە و (ب)یش سزایەکی توند بدرێ، چونکە پێیوایە بەبێ هۆ سوعادی خنکاندووە.

# ئافرەتێکی دووگیان مانگێکە شوێنبزرە



ئیمان لەلای شوفێری تاکسییەک گوتوویەتی لە ترسی مێردەکەی هەڵاتووە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

ئیمان لە ترسی مێردەکەی ماڵەوە جێدەهێڵێ و دەچێتە کەرکووک، وا مانگێک بەسەر ڕۆیشتنیدا تێپەڕیوە و کەس نازانێت لە کوێیە. کەسوکارەکەی دەڵێن: "سێ مانگە دووگیانە".

ئیمان کەمال، تەمەن 17 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی جمهووریی شارۆچکەی دووزخورماتووە و هەشت مانگە شووی کردووە. دوای ئەوەی لەگەڵ خەسووی بووە بە دەمەقاڵەیان، خەسووی تەلەفۆنی بۆ مێردەکەی کردووە، ئەویش لە ترسی مێردەکەی بەیانیی ڕۆژی 2019/6/1 لە ماڵ دەرچووە و تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە.

لوقمان کە مامی ئیمانە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئیمان هەشت مانگە شووی کردووە، سەرەتا هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک کێشە کەوتە نێوان ئیمان و مێردەکەی. چەند جارێک تۆرا و هاتەوە ماڵی باوکی، بەڵام دواتر کێشەکەیان چارەسەر کرد و گەڕایەوە لای مێردەکەی".

ئیمان لەسەر قسەی کەسوکارەکەی دەگەڕێتەوە لای مێردەکەی، بەڵام زۆر نابات ئەمجارەیان کێشە دەکەوێتە نێوان ئیمان و خەسووی، باوکی ئیمان هۆشداری دەداتە کچەکەی ئەگەر ئەمجارە تۆرا نەیەتەوە ماڵەکەی.

لوقمان دەڵێت: "دوای ئەوەی باوکی ئەو قسەیەی کرد، ئیمان ترسا، بۆیە ئەگەر لەگەڵ ماڵی خەسووی یاخود مێردەکەی هەر کێشەیەکی هەبووایە نەدەهاتەوە ماڵی باوکی".

بە گوتەی مامی، ئیمان دووگیان بووە، بۆیە بەمدواییە لە ترسی تەڵاقدان و بردنی منداڵەکەی، زۆر شتی لە مێرد و خەسووی قبووڵ کردووە. لوقمان دەڵێت: "دوایینجار کە ئیمان لەگەڵ خەسووی بووەتە دەمەقاڵەیان، خەسووی تەلەفۆنی بۆ کوڕەکەی کردووە و پێیگوتووە دیسان ئیمان کێشەی ناوەتەوە. ئەویش گوتوویەتی تا من دەگەڕێمەوە ئیمان لەو ماڵە نەمێنێ".

دوای ئەو قسەیە ئیمان لە ماڵ دەردەچێ و ناگەڕێتەوە و کەسوکارەکەی تا ئێستاش نازانن ڕووی لە کوێ کردووە. مامی ئیمان دەڵێت: "ئیمان کاتێک لە ماڵەوە دەچێتە دەرەوە، خەسووی دووبارە تەلەفۆن بۆ کوڕەکەی دەکات و دەڵێت بە کەسوکاری ئیمان بڵێ کە کچەکەیان لە ماڵ چووەتە دەرەوە با ئاگادار بن. کاتێک ئەوان پەیوەندییان بە باوکییەوە کرد، باوکی تەلەفۆنی بۆ من کرد بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێین".

لوقمان دەستدەکات بە گەڕان بەدوای ئیماندا، زۆر شوێن بەدوایدا گەڕان سوودی نەبوو، دواتر دەچن بۆ گەراجی تاکسییەکانی کەرکووک، لەوێ وێنەی ئیمان پێشانی شوفێرەکانی گەراجەکە دەدەن. یەکێک لە شوفێرەکان دەڵێت لەگەڵ ئەو چووە بۆ کەرکووک.

یونس محەممەد، شوفێری ئەو تەکسییەی کە ئیمانی بردووە بۆ کەرکووک، باسی ئەو ڕۆژەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "ئەو ئافرەتە لەگەڵ من هات بۆ کەرکووک. لە ڕێگا دەستی بە گریان کرد و گوتی من دووگیانم، مێردەکەم زۆر خراپە لەگەڵم و دەڵێت منداڵەکەت لێدەبەم. ئەمڕۆ لەگەڵ خەسووم بووە دەمەقاڵەمان، خەسووم بە مێردەکەمی گوت. ئەویش گوتی تادێمەوە لەو ماڵە نەمێنێ، منیش لە ترسان هەڵاتم".

شوفێری تەکسییەکە لە ئیمان دەپرسێت بۆ کوێ دەچیت، ئەویش دەڵێت بمبە نێو بازاڕی کەرکووک، ئەڵقەی پەنجەم دەفرۆشم بۆ ئەوەی کرێیەکەت بدەمێ، بەڵام یونس کرێی لێوەرنەگرتووە و لە نێو بازاڕ جێیهێشتووە.

لوقمان دەڵێت لەو ڕۆژەوەی ئیمان ونبووە لە بنکەی پۆلیسی قەزای دووزخورماتوو سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام مانگێک تێپەڕیوە و تا ئێستا چارەنووسی دیار نییە. ئەو لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە داوا دەکات هەر کەسێک زانیارییەکی لەبارەی ئیمانەوە هەبێ، پەیوەندی بەو ژمارە تەلەفۆنەوە بکات: 07708569995.

موئەیەد لەتیف، مێردی ئیمان قسەکانی مامی ئیمان ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "ڕاستە لەگەڵ ئیمان پێشتر کێشەمان هەبوو، بەڵام کێشەکەمان چارەسەر کرد، ئەو قسەیەی گوایە من گوتوومە تا دێمەوە ئیمان لەو ماڵە نەمێنێ، ڕاست نییە". موئەیەد دەڵێت ژنەکەی سێ مانگە دووگیانە، لەو ڕۆژەی ونبووە، ئەو بەدوایدا دەگەڕێ، بەڵام تا ئێستا نازانێ چی بەسەر هاتووە.

عەقید حوسێن عەلی، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دووزخورماتوو بە (ڕووداو)ی گوت: "کەسوکاری ئەو ئافرەتە سکاڵایان تۆمار کردووە. شوفێری تاکسییەکەش لە پێش دادگا شایەدی داوە کە ئەو ژنەی بردووەتە کەرکووک. بەڵام تا ئێستا هیچ سەرەداوێکمان لەبارەی چارەنووسی دەستنەکەوتووە".

# دوو لە تۆمەتبارانی کەیسی کچە حەوت ساڵانەکە هێشتا نەگیراون




گردبوونەوەی ژمارەیەک چالاکڤان لە دژی بە کەفالەت ئازادکردنی ئەو 3 کەسەی دەستدرێژیان کردبووە سەر کچە 7 ساڵانەکە (فۆتۆ: ڕووداو)

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

ئەو سێ کەسەی دەستدرێژییان کردە سەر کچێکی 7 ساڵان لە هەولێر بەکەفالەت ئازاد کران، دواتر یەکێک لەوان کە خوشکەزای زڕدایکەکەی بووە، دەستگیرکرایەوە بەڵام ئەوانی دیکە هێشتا ئازادن و دەستگیر نەکراونەتەوە. باوکی کچەکە دەڵێت 5 کەس دەستیان لە تاوانەکەدا هەبووە. دوای ئازادکردنیشیان زڕدایکەکە و دوو کەسی دیکە هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵیان و ویستوویانە کچەکەی بڕفێنن.

(ل.لوقمان)، تەمەن 7 ساڵان، ڕۆژی 2019/4/3 لەکاتی گەڕانەوەی لە قوتابخانە لەلایەن سێ کەسەوە دەڕفێنرێ، دوای ئەوەی بێهۆشی دەکەن، دەستدرێژی دەکەنەسەر و بەجێیدێڵن.

(ل) پێشتر چۆنیەتی ڕفاندنەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕابووەوە و گوتبووی: "لە قوتابخانە دەگەڕامەوە. (ئی) کە کوڕی خوشکی زڕدایکمە، لەگەڵ دوو کەسی دیکە گوتیان لەگەڵمان وەرە دەتبەینەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لەنێو ئۆتۆمبێلەکە چەقۆیان خستە سەرم، بەزۆر دوو حەبیان دەرخوارد دام، دواتر ژنێک منی لەژێر ئۆتۆمبێلێک دۆزییەوە و بردمی بۆ لای پوورم".

(ل) دوای ڕووداوەکە دەچێتەوە لای زڕدایکی و پێیدەڵێت (ئی) وای بەسەرهێناوە، بەڵام دەڵێت: "لێیدام و داخی کردم و گوتی ئەگەر باسی بکەی باوکت دەتکوژێت". پێشتریش بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجەی دەدات و داخی دەکات.

(لوقمان)، باوکی (ل) دەڵێت: "ساڵی 2010 لەگەڵ (م) هاوسەرگیریم کرد و تەنیا ئەو کچەم لێی بوو، بەڵام دەستی لەگەڵ دراوسێیەکی خۆمان تێکەڵ کرد، کە پێمزانی تەڵاقم دا، هەر ئەو دراوسێیە مارەی کردەوە و چوون بۆ سلێمانی. ساڵی 2016 هاوسەرگیریم لەگەڵ (ر.ع) کرد و کچێکم لەویش هەیە".

باوکی (ل) باسی بارودۆخی کچەکەی دەکات لە دوای ڕووداوەکە و دەڵێ: "تاوەکو چوار ڕۆژ تەندروستی کچەکەم ناجێگیر بوو، دوای ئەوەی پشکنینی پزیشکیمان بۆ کرد، پزیشکەکە گوتی دەستدرێژی کراوەتە سەری، بۆیە سکاڵام لەسەر 5 کەس تۆمار کرد، کە یەکیان هاوژینەکەم بوو".

> ## لە ترسی ئەو باندە خۆمان شاردووەتەوە
> باوکی کچەکە

تۆمەتبارەکانی دیکە بریتین لە خوشکی (ر) بەناوی (ک.ع) و (ئی)ی کوڕی. هەروەها دوو کەسی دیکە کە لەگەڵ (ئی) کچەکەیان ڕفاندووە و دەستدرێژییان کردووەتە سەری.

بەگوتەی یەکێک لە پوورەکانی، (ل) پەردەی کچێنی لەدەستداوە، (کاڵێ ئا) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای پشکنین، پزیشکەکە گوتی دەستدرێژی کراوەتە سەری و پەردەی کچێنیشی لەدەستداوە. دواتر کە بردمەوە بۆ ماڵەوە شۆردم، شوێنی ئەشکەنجەدان و داخکردن بە سمت و ڕان و جەستەیەوە دیار بوو. (ل) پێیگوتم کە زڕدایکەکەی وای لێکردووە".

باوکی (ل) دەڵێت: "ئەو کاتانەی من لە ماڵەوە نەبووم، زڕدایکەکەی زۆر لەگەڵی خراپ بووە و ماڵەوەی کردووە بە زیندان. من دەمدیت کچەکەم ڕەنگ زەرد و لاواز دەبێت، لە زڕدایکەکەی توورە دەبووم و قسەم پێدەگوت، بەڵام ئەو نکۆڵی لێدەکرد و دەیگوت کچەکە درۆ دەکات".

باوکی (ل) سکاڵا لەسەر پێنج کەس تۆمار دەکات و بەپێی ماددەی 393 دەستگیر دەکرێن. کەسوکاری (ل) چاوەڕێ بوون تۆمەتبارەکان سزایەکی قورس بدرێن، بەڵام بە کەفالەت ئازاد کران. باوکی (ل) دەڵێ: "ئەو پێنج کەسەی سکاڵام لەدژیان هەبوو دەستگیرکران، بەڵام هەر زوو هاوژینەکەم و خوشکەکەی ئازاد کران، لە مانگی ڕەمەزاندا لەگەڵ خوشکی و خوشکەزایەکی هەڵیانکوتایە سەر ماڵمان و دەگای حەوشەیان شکاند، دەیانویست کچەکەم ببەن، پەیوەندیمان بە پۆلیسی فریاکەوتنەوە کرد. بەڵام نەهاتن".

لەبارەی دەستدرێژیکارەکەش، لوقمان گوتی: "ڕۆژی 2019/6/17 بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی ئێمە، دادوەر هەرسێ تۆمەتبارەکەی بە کەفالەت ئازاد کرد، لەکاتێکدا ئەوانە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە دەستدرێژییان کردووە سەر کچەکەم. ئەوانە باندێکی مەترسیدارن کە ئێستا هەڕەشەن بۆ سەر ژیانی ئێمە و بەتایبەتیش (ل)ی کچم، دڵنیاین بکەوێتە بەردەستیان دەیکوژن و لەنێوی دەبەن، بۆیە شاردوومانەتەوە و هەر ڕۆژە لە شوێنێکین".

(ل.لوقمان) قوتابی پۆلی 2ی بنەڕەتییە، بەگوتەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی، زیاتر لە 7 جار پۆلیس و ئاسایشیان ئاگادارکردووەتەوە کە سێ هەرزەکار گێچەڵ بە قوتابییەکان دەکەن، بەڵام کەس بەهانایانەوە نەهاتووە.

ڕۆژی 2019/6/23 کەسوکاری (ل) لەگەڵ چەند پارێزەر و چالاکوانێکی کۆمەڵی مەدەی لەبەردەم ئەنجوومەنی دادوەری گردبوونەوە و داوایان کرد بەزووترین کات تۆمەتبارانی دەستدرێژیکردنە سەر کچەکە دەستگیر بکرێنەوە.

ڕێبین سەباح، پارێزەری خۆبەخشی کەیسی کچەکە گوتی: "تۆمەتبارەکان دەبێت بەپێی ماددەی 393 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر بکرێن، بەپێی ئەو ماددەیە، ئەگەر تۆمەتبارەکان تەمەنیان لە خوار 20 ساڵی بێت، سزاکەیان تاوەکو زیندانی هەتاهەتایی دەڕوات، ئەگەر لەسەرووی ئەو تەمەنەشەوە بن، سزای لەسێدارەدانیش دەیانگرێتەوە".

دۆسیەی (ل) دۆسیەیەکی ئاڵۆزە و لەبارەی دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکانیش ڕێبین سەباح دەڵێ: "دۆسیەکەی (ل) زیاتر لە 120 لاپەڕەیە و زۆر ئاڵۆزە، ئێستا دۆسیەکە لە بنکەی پۆلیسی ڕاستییە لە هەولێر، دوای ئەو گردبوونەوەیەی کردمان، سێ لە تۆماتبارەکان دەستگیرکرانەوە، کە زڕدایکی (ل) و خوشکی زڕدایکەکەی و (ئی) خوشکەزای بوون، بەڵام دوو تۆمەتبارەکەی دیکە کە لەگەڵ (ئی) دەستدرێژییان کردبووە سەر (ل) و باوکی (ل) سکاڵای لەسەر تۆمارکردبوون و بە کەفالەت ئازاد کرابوون، هێشتا دەستگیر نەکراونەوە".



## پیاوێک دەستگیرکرا کە فێڵی لە پەککەوتەکان کردووە

**ڕووداو- کەلار**

پۆلیسی گەرمیان پیاوێکی دەستگیرکرد کە بەبیانووی وەرگرتنی زەکات فێڵی لە خەڵکی پەککەوتە کردووە. پۆلیسی گەرمیان ڕایگەیاند: "لە مانگی ڕەمەزان چەند هاوڵاتییەک سکاڵایان لە دژی پیاوێک تۆمارکرد کە بەناوی پێدانی زەکات و یارمەتیدانی هەژاران فێڵی لە کەسانی پەککەوتە کردووە و پارەیەکی زۆری لێ دزیون". پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە گەرمیان ڕۆژی 2019/6/30 تۆمەتبار (ا.ا.ع)یان دەستگیرکردووە کە دانیشتووی سلێمانییە، دوای لێکۆڵینەوە دانی بە تاوانەکەدا ناوە. ئێستا تۆمەتبار بە بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی (446) لە یاسای سزادانی عێراقی بەندکراوە.

# برا بچووکەکەی خۆی دەکوژێ و هەڵدێ



کێشەی فەرهاد و برا گەورەکەی لەسەر وەرگرتنەوەی قەرز بووە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

فەرهاد بە تووڕەییەوە لە ماڵ دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانێت بۆچی برا گەورەکەی ڕازی نەبووە ئەو قەرزە وەربگرێتەوە کە لەلای ناسراوێکی خۆیان بووە. لە ماڵی براکەی دەبێتە دەمەقاڵەیان و چەند گوللەیەک دەتەقێنێ، براکەشی تەقە لە فەرهاد دەکات و دەیکوژێ.

ئێوارەی ڕۆژی 2019/6/22 پیاوێکی تەمەن 31 ساڵ، بەناوی فەرهاد یوسف، دانیشتووی گوندی شیوی ساماڵی سەر بە قەزای کۆیە، لەلایەن براکەیەوە تەقەی لێکرا و بریندار کرا، پاشان تا گەیەنرایە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

عەقید عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی قەزای کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن نەخۆشخانەی کۆیە ئاگادار کراینەوە کە تەرمێک لە نەخۆشخانەیە، پۆلیس گەیشتنە نەخۆشخانە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان کردەوە، تەرمەکەیان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کرد بۆ پشکنین. پاشان ئیفادەی کەسوکاریان وەرگرت".

کەسوکاری فەرهاد لە ئیفادەیاندا بۆ پۆلیس دەڵێن: "هۆکاری شەڕی نێوان فەرهاد و (ئە)ی برای لەسەر پووش و پاوان نەبووە (وەک هەندێک میدیا بڵاویان کردەوە)، بەڵکو لەسەر بڕە پارەیەکی قەرز بووە".

وەک کەسوکاری فەرهاد باسی دەکەن، پیاوێک کە لە گوندێکی دراوسێیان بووە، هەندێک پارەیان قەرزدار بووە، فەرهادیش لەگەڵ برایەکی دیکەی چووبوون قەرزەکە وەربگرنەوە، پیاوە قەرزدارەکە پەیوەندی بە برا گەورەکەی فەرهادەوە کردووە کە ئایا پارەکە بداتە دوو برایەکەی یاخود نا؟ ئەویش گوتبووی نەخێر، خۆم دێم وەریدەگرمەوە. فەرهاد لەسەر ئەمە بە تووڕەییەوە چووە بۆ ماڵی براکەی و پێیگوتووە بۆچی نەتهێشتووە من قەرزەکە وەربگرمەوە. لەسەر ئەوە بووەتە دەمەقاڵەیان و فەرهاد تووڕە بووە و چەند گوللەیەکی تەقاندووە، پاشان (ئە) چووەتە ژوورەوە و چەکی هێناوە و تەقەی کردووە.

پۆلیس هاوژینی (ئە)ی دەستگیر کردووە بۆ ئەوەی بزانن هۆکاری ئەو شەڕە چی بووە، چونکە لە کاتی شەڕەکە تەنیا ئەو لەوێ بووە. عەقید عەلی گوتی: "هاوژینی (ئە) لە ئیفادەکەیدا دەڵێت فەرهاد هاتە ماڵمان و هاواری کرد و بانگی مێردەکەمی کرد، من لە دوای ئەو چوومە دەرەوە، فەرهاد هەر هاواری دەکرد، پاشان تەقەی کرد، بەڵام مێردەکەم بەرنەکەوت و چووە ژوورەوە. لەو کاتەدا گوللەیەکی پێکەوت، بەڵام من نەمدیت مێردەکەم تەقە بکات، فەرهاد کەوتە سەر زەوی و مێردەکەشم بە چەکەوە ڕۆیشت".

بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە ڕەتیکردەوە کە هاوژینی (ئە) دەستی لە ڕووداوەکەدا هەبووبێ و گوتی "ئەو تەنیا بۆ لێکۆڵینەوە دەستبەسەر کراوە، چونکە لە کاتی ڕووداوەکە لەوێ بووە، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە تەواو بوو، ئازاد دەکرێ".

لە دوای ڕووداوەکە هاوژینی فەرهاد سکاڵای لەسەر (ئە) تۆمار کردووە، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە.

عەقید عەلی دەڵێت: "(ئە) دوای ڕووداوەکە هەڵاتووە و تا ئێستا دەستگیر نەکراوە، بەڵام زانیاریمان داوەتە بنکەکانی پۆلیس و بازگەکان هەر کاتێک زانیارییەکیان هەبوو، یان دەستگیریان کرد، ئاگادارمان بکەنەوە".

(ڕووداو) پەیوەندی بە کەسوکاری فەرهادەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوون هیچ قسەیەک لەسەر ئەو ڕووداوە بکەن. ئەوان گوتیان ئەوە کێشەیەکی خێزانییە و هەر لەنێو خێزانەکەشیان چارەسەری دەکەن.

دایک و براکانی فەرهاد ئامادەنین سکاڵا لەسەر (ئە) تۆمار بکەن و دەڵێن کوڕێکیان لەدەستداوە و نایانەوێ کوڕەکەی دیکەشیان بکەوێتە زیندان، بەڵام هاوژینی فەرهاد قبووڵی ناکات خوێنی فەرهاد بەفیڕۆ بڕوات و دەیەوێ بکوژەکەی سزا بدرێ، لە دوای ڕووداوەکەش چووەتەوە ماڵی باوکی.

هاوکار عەلی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی تەندروستی گشتیی کۆیە دەڵێت ئەوکاتەی فەرهاد گەیەنراوەتە نەخۆشخانەکەیان لە ژیاندا نەمابوو، دوای پشکنین دەرکەوت گوللەیەک بەر سەری کەوتووە. هەر ئەوکات هاوژینەکەی سکاڵای لەسەر برای فەرهاد تۆمار کرد و گوتی (ئە) مێردەکەمی کوشت.

هەر لەوبارەوە حاتەم عەبدوڵڵا، بەرپرسی ناوچەی پارتی لە دێگەڵە کە ڕووداوەکە لە سنووری ئەوان بووە، دەڵێت ئەوان وەکو ناوچە بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکە کردووە و کێشەکە لەسەر قەرز بووە. قەرزیان لەلای کەسێک بووە، فەرهاد ویستوویەتی قەرزەکە وەربگرێتەوە، بەڵام (ئە) کە برا گەورەی بووە، پێی ناخۆش بووە کە فەرهاد چووە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکە، ئیدی لەسەر ئەوە بووەتە شەڕیان".



# باوکی چوار منداڵ لەلایەن براکەیەوە دەکوژرێ

**سروە ئەحمەد**
**ڕووداو- شارەزوور**

برای هاوکار دەیویست خۆی لەو کێشەیە بباتە دەرەوە کە بەهۆی کوشتنی کەسێکەوە تووشی بنەماڵەکەیان هاتبوو، ئەو دەیویست بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بەڵام هاوکاری برای ڕێگریی لێکرد لە ترسی ئەوەی نەبادا بەدەستی دوژمنەکانیان بکوژرێ، کەچی هاوکار خۆی لەلایەن براکەیەوە کوژرا.

شەوی 2019/6/27 گەنجێکی تەمەن 30 ساڵ بەناوی (هاوکار.ع.ف) کە خێزاندارە و باوکی چوار منداڵ بوو، لەلایەن برایەکی خۆیەوە کوژرا. هاوکار لە هەڵەبجەی تازە دادەنیشت، بەڵام بەهۆی دوژمندارییەوە هەڵەبجەی تازەیان جێهێشتبوو.

مانگێک لەمەوبەر ئامۆزایەکی هاوکار کە تازە لە زیندان هاتبووە دەرەوە، لەنێو بازاڕی هەڵەبجەییەکان لە شاری سلێمانی تەقەی لە ئەفسەرێکی پێشمەرگە بەناوی عەلی محەممەد کرد و کوشتی. بەو هۆیەوە بنەماڵەی هاوکار ناچاربوون شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێبهێڵن و بچنە گوندی کانی کەوەی سەر بە ناحیەی وارماوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو کەسەی عەلی کوشت ئامۆزای هاوکار بوو. بەو هۆیەوە ئەوان هەڵاتبوون و گەڕابوونەوە گوندەکەی خۆیان، برایەکی هاوکار دەیویست بگەڕێتەوە هەڵەبجەی تازە، بەڵام هاوکار لە ترسی ئەوەی براکەی لەلایەن کەسوکاری عەلییەوە بکوژرێ، ڕێگری لێکردبوو، ئەویش چەند فیشەکێکی تەقاندووە و یەکێکیان بە سەری هاوکار کەوتووە".

ئەو ئامۆزایەی هاوکار بۆیە عەلی کوشتبوو، چونکە پێشتر بە چەقۆ لە کەسێکی داوە و دەستگیرکراوە و عەلی شایەتیی لەسەر داوە، بۆیە کاتێک لە زیندان هاتووەتە دەرەوە، عەلی کوشتووە.

کەسێکی نزیک لە بنەماڵەی هاوکار گوتی: "ماڵی هاوکار هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ بنەماڵەی عەلیدا نەبووە، بەڵام بەهۆی کوژرانی عەلی لەلایەن ئامۆزایەکیانەوە، لە ترسی تۆڵەکردنەوە هەڵاتبوون".

ڕائید سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"دوای ئەوەی پۆلیسی وارماوە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، بریندارەکەیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی شەهید ڕەئوف بەگ، بەڵام لەوێ گیانی دەرچوو".

ئێستا بکوژەکەی بەپێی مادە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەی بۆ کراوەتەوە. ڕائید سەرکەوت دەڵێت: "چەند سەعاتێک دوای ڕووداوەکە توانیمان بکوژەکە دەستگیر بکەین، دەستیش بەسەر ئەو چەکەدا گیراوە کە تاوانەکەی پێکراوە".

سەبارەت بە هۆکاری کوشتنەکەش، ڕائید سەرکەوت گوتی: "تۆمەتبارەکە لە ئیفادەیدا دەڵێت هاوکاری برام پێیگوتم مەچۆ دەرەوە، منیش گوتم دەچم، لەسەر ئەوە بووە دەمەقاڵێمان، چەند گوللەیەکم تەقاند و یەکێک لە گوللەکان بەر هاوکار کەوت."

# تەرمی عەباس لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزرایەوە

**ڕووداو- هەولێر**

کاتێک ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس بە تەنیشت گوندی قەرەوەیسی سەر بە ناحیەی قەرەهەنجیردا تێدەپەڕن، دەبینن ئۆتۆمبێلێک وەستاوە و کەسیش دیار نییە. کە لە ئۆتۆمبێلەکە نزیک دەبنەوە، دەبینن تەرمی پیاوێکی تێدایە. دواتر دەردەکەوێ ئەو کەسە پێشمەرگەی هێزی کۆماندۆ بووە، دوای ئەوەی ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە، دوو گوللەی لێدراوە.

ئێوارەی ڕۆژی 2019/6/28 تەرمی عەباس محەممەد وەزیر، تەمەن 36 ساڵ، لە نزیک گوندی قەرەوەیسی لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزرایەوە. عەباس کە دانیشتووی قەزای چەمچەماڵ بوو، خێزاندارە و باوکی پێنج منداڵە.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی قەرەهەنجیر بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس بەو شوێنەدا تێپەڕ دەبن، دەبینن ئۆتۆمبێلێک لەوێ وەستاوە، لێی نزیک دەبنەوە بۆ ئەوەی بزانن چی دەکات لەوێ. دەبینن پیاوێک سەری بەسەر سوکانی ئۆتۆمبێلەکەدا شۆڕ کردووەتەوە و دوو گوللەشی لێدراوە، پاشان پەیوەندی بە کەسوکاری پیاوە کوژراوەکەوە دەکەن".

بەپێی قسەی ئەو سەرچاوەیە، پێدەچێ ئەو پیاوە لە شوێنێکی دیکە کوژرابێت، چونکە لەو شوێنەی تەرمەکەیان لێ دۆزیوەتەوە چەند دووکانێکی لێیە و هیچ کەسێک لەوێ گوێی لە دەنگی تەقە نەبووە.



تا ئێستا نازانرێ کێ عەباسی کوشتووە

دەشڵێت دواوەی ئۆتۆمبێلەکە هەمووی خوێن بوو، پێدەچێ لە دواوە کوژرابێ، پاشان تەرمەکەیان هێنابێتە پێشەوە.

عەلی محەممەد لە یەکەم ڕۆژی پرسەی براکەی بە (ڕووداو)ی گوت کە پۆلیس بە تەلەفۆن لە کوژرانی براکەی ئاگاداریان کردووەتەوە.

عەباس بە دوو گوللە کوژراوە، یەکێک لە گوللەکان لە سەری دراوە، ئەوەی دیکەشیان لە سینگی. پۆلیس پاش ئەوەی لەنێو مۆبایلەکەی گەڕاون، ژمارە تەلەفۆنی عەلی برایان دۆزیوەتەوە و پەیوەندییان پێوە کردووە.

عەلی گوتی: "پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر لەگەڵ براکەم لە ناحیەی لەیلانی سەر بە شاری کەرکووک دادەنیشتین، براکەم لەگەڵ هێزێکی کۆماندۆ بوو لە کەرکووک، دوای 16ی ئۆکتۆبەر کەرکووکیان جێهێشت و بارەگایان لە چەمچەماڵ بوو، بۆیە ناچار بوو ماڵەکەی بباتە چەمچەماڵ".

عەلی ڕەتیکردەوە براکەی کێشەی لەگەڵ کەسدا هەبووبێ و گوتی: "هیچ کێشەیەکی نەبووە، بە تایبەتی کێشەی کۆمەڵایەتی، بەدڵنیاییەوە ئەگەر کێشەیەکی هەبوایە لەلای ئێمە باسی دەکرد، بۆیە ئێستا ناتوانین کەس تۆمەتبار بکەین".

ئەو ڕۆژەی عەباس کوژراوە لە دەوام نەبووە، دوایین کەسیش کە قسەی لەگەڵ کردووە هاوژینەکەی بووە. بەڵام عەلی دەڵێت هاوژینەکەی لەو ڕۆژەوەی هەواڵی مەرگی عەباسی زانیوە، باری دەروونیی تێکچووە و هیچ قسەیەک ناکات و بەردەوام دەگری.

عەلی دەڵێت: "بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی پۆلیس بە ئێمەی داوە، ئەو کەسانە پێشتر عەباسیان کوشتووە، پاشان خستوویانەتە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و دەرگایان لەسەر داخستووە".

عەلی پێیوایە براکەی لە ژێر چاودێریدا بووە، کاتێک لە ماڵ دەرچووە دوای کەوتوون و کە زانیویانە کەسی لەگەڵ نییە، کوشتوویانە.

هاوڕێیەکی عەباس کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە (ڕووداو)ی گوت: "عەباس هەر کێشەیەکی هەبوایە لەلای من باسی دەکرد، شەوی پێش ئەوەی بکوژرێ، تا نزیکەی سەعات 11:30ی شەو پێکەوە یاری پەبجیمان کرد، من خەوم هات و ڕۆیشتم. ڕۆژی دواتر هەواڵی کوژرانی ئەوم لە فەیسبووک خوێندەوە، تووشی شۆک بووم، چونکە عەباس کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو".

# د.بەرهەم ساڵح لەنێوان یەکێتی و هاوپەیمانیدا



مامۆستا جەعفەر

**چەنێک خزمەتی داری پەڵکم* کرد**
**لەکۆتاییدا هەر بۆ خەڵکم کرد**

((فۆلکلۆری گەرمیان))

(ئەم نووسینە تەنیا پاژێکە لە مەلەفی سیاسی د. بەرهەم و مەلەفەکانی تریشی ئامادە کراون و پاژپاژ بڵاودەکرێنەوە و هەر هەمووشی پێکەوە ڕەوانەی (پەرلەمانی کوردستان) و (ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق) دەکرێن.

## پرسیار

ئایا د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، کە ئێستا جێگری دووەمی سکرتێری گشتی (ی. ن. ک) و سەرۆک کۆماری عیراقە، دەستی لەچمکی کەوای بێگەردی بزاڤی (هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەروەری) بەرداوە و بۆ بن ساباتی سەوزی یەکێتی گەڕاوەتەوە، یان ئەو هێشتا هەر بە خشکەیی پەیڕەوی لە بەرنامەی (هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەروەری) دەکات و هەر بەڕووکەش خۆی بە یەکێتی دەزانێت؟

"باڵباڵێن و دەستەگەری لەسەر بنەمای پارێزگاری لە دەسەڵات و بەرژەوەندی دانراوە"

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، دەمەوێ بە ڕاشکاوانە ئەوە بنووسم: ئەم نووسینە شیکاریە سەبارەت بە (دیاردە)یەک نووسراوە و پەیوەندی بەتاوڵ و هۆبەی تەکتولات و فراکسیۆنسازی و دەستبادان و ملجەڕاندنی یەکترەوە نییە. باڵباڵێن و دەستەگەری لەسەر بنەمای پارێزگاری لە دەسەڵات و بەرژەوەندی دانراوە، نەک ململانێی فیکری و ئایدیۆلۆژی و چارەنووسی گەلی کوردستان.

ئامانجی سەرەکی ئەم نووسینە لێدوانە لەسەر (دیاردە)یەکی سیاسی سەرسوورهێنەر، هەر زۆر دوورە لە ژیاننامە و بیۆگرافی کەسایەتییە سیاسییەکان. تەنیا بڕگەیەکی زەمەنی لەبەرچاو گیراوە و بەشەکانی تری قۆناخەکە پشتگوێ خراون. ئەم جۆرە نووسینە لەجیهانی ڕۆژنامەگەریی وڵاتانی ئەورووپادا هەر زۆر ئاسایی و ڕێگەپێدراوە. دیاردەی ستایش و داشۆری ڕۆژهەڵاتی بەهیچ شێوەیەک بەرچاو ناکەوێت و کەسیش ئامادە نییە ئەو جۆرە گوتارە بەتاڵانە بخوێنێتەوە.

## ئایا د.بەرهەم بڕوای بە ڕێبازی یەکێتی هەیە؟

من لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا (ئایا یەکێتی بیری هەیە؟) دەربارەی بیری یەکێتی و سۆسیال — دیموکرات و لیبراڵیزمی نوێ، چەند دێڕێکم بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات. بەڵام من لەبەر دڵی بەشێک لە خوێنەرانی ئازیز، هەر زۆر بەکورتی؛ دووسێ دێڕ لەسەر پێناسەی لیبراڵیزمی نوێ دەنووسم.

یەکێتی، بەگوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامی سێیەمین کۆنگرە بێت: ڕێکخراوێکی سۆسیال ـ دیموکرات و مارکسیە. سکرتێری گشتیی ئەم حزبە، جێگری سەرۆکی (Si) بوو. ڕاستە ی. ن. ک هەر لەسەرەتاوە ڕێگری نەکردووە لەهاتنە ناوەوەی شێخ و مەلا و ئاغا و سۆفی و دەروێش، بەڵام بۆ ئەندامێتی (م.س) و سەرکردایەتی هەر ئەوکاتەش نیشانەی پرسیاری لەسەر دادەنرا! شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆک هۆز، نەیاندەتوانی نیشانەی پرسیار بخەنە سەر ئایدیۆلۆژیای یەکێتی و کۆمەڵە!

تێزەکانی د. بەرهەم، بە بیر و ئایدیۆلۆژیا، ڕێک پێچەوانەی بیر و ئایدیۆلۆژیا و پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتییە! ڕاستە لەناو (ی.ن.ک) کەس لەسەر بیروباوەڕ دادگایی نەکراوە، بەڵام ئەم جێگری دووەمی سکرتێری گشتی و کەسایەتیی ژمارە یەکی حزبەکەیە.

ئەو بڕوای بە پەیڕەو و پرۆگرامی (ی.ن.ک) نییە، کەسێک بەهیچ شێوەیەک بڕوای بە کرۆک و ڕێبازی حزبێک نەبێت و هەزار جنێویشی بەو حزبە دابێت، خێرە ئێستا لە لووتکەی هەرەمەکەیە و هەر دەبێ کەسایەتی ژمارە یەک بێت و پاچ و خاکەنازی وێرانکردنی حزبەکەشی لەسەرشان دانابێت؟

د. بەرهەم یەکێکە لەوانەی بڕوای بە (لیبراڵیزمی نوێ) هەیە و هەر لەیەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی بۆ ئەم خاک و نیشتمانە کار بۆ برەودان بەم ڕێبازە فیکری و ئەخلاقیە دەکات و ئەمەش لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەودا ڕەنگی داوەتەوە.

جیاوازیی نێوان (لیبراڵیزم) و (لیبراڵیزمی نوێ) ئەوەیە: لیبراڵیزم: ڕێبازێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیە: بڕوای بە بازاڕی ئازاد و مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادیی تاک و ئازادیی بازرگانی و .. تاد. هەیە.

لیبراڵیزمی نوێ: ڕێبازێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەخلاقیی نوێیە، بڕوای بە هیچ بەهایەکی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی نییە. تەنیا بڕوای بە سەروەت و سامان و پارە کۆکردنەوە هەیە (تاڵان و بڕۆ، سەرانە، بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ گیرفان پڕکردن و دەست تێکەڵاوکردن لەکاری بازرگانی و... تاد.) نە حزب لای گرنگە، نە مافی مرۆڤ، نە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نە ناسنامەی نەتەوەیی... تاد.

ئەم دوو (دید) و تێڕوانین و جیهانبینی و تێگەیشتنە، پێچەوانەی یەکترن و دژی یەکترن و هیچ ڕایەڵێکی هاوبەش لەنێوان هەردووکیاندا نییە. دۆناڵد ترامپ دەزانێ بۆ نابێتە سەرۆکی حزبێکی سۆسیال ـ دیموکرات. جیمی کۆربن لە بەریتانیا ناتوانێت ببێتە دەمڕاستی پارێزگاران یان هەر حزبێکی ڕاستڕەو. تەنیا لەناو (ی.ن.ک) دەرگا بۆ باخچەیەک خراوەتە سەرپشت، هەموو گوڵەکان دەتوانن بپشکوێن. با لە کۆنگرەی داهاتوودا لەبەر خاتری د.بەرهەم و هاویدەکانی پەیڕەو و پرۆگرام بگۆڕن و فەلسەفەیەکی جیاواز بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

## ناوەندی بڕیار و باڵی زۆرینە

هەرچی خوتبە و گوتار و لێدوان و گفتوگۆی تەلەفزیۆنیی د.بەرهەم هەیە، لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی 2018/5/12 بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا و ڕاگەیاندنی لیستی (هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەروەری)، ئەوە من لای خۆمەوە بەردێکی زلی لەسەر دادەنێم. تا ئەمڕۆش لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گوتار و قسە شیرینەکانی ئەو بەسەرکردایەتی (ی.ن.ک) نەسڕاوەتەوە. ئەو هەرچی لە فەرهەنگی سیاسی داشۆری سیاسی و ناسیاسی بەردەستی دەکەوت، بە تەپڵەسەری سەرانی یەکێتیدا دەکێشا، ئۆباڵی بەگەردنم قسووری نەکرد و دایک ڕۆڕۆی بۆ نەکات. ئێستا کەسێک بەناوی خۆیەوە، هەمان قسەکانی ئەو بەرامبەر سەرکردایەتی یەکێتی بکاتەوە، ڕەنگە جەنابیان بە لەشکری میرزا و قەڵەمبەدەستانی خۆی بڵێت: لەهەر چوار لاوە پەلاماری بدەن و پەتپەتێنی دونیای وەسەر بهێنن!

من نامەوێ لێرەدا لەسەر (هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەروەری) بنووسم، چونکە ئەوە چەند نامەیەکی دکتۆرای دەوێت و کاری ئەم نووسینە سادەیە نییە! ناوهێنان تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوەیە، ئەگەر وەبیرهێنانەوە سوودێکی مابێت. لای پاژێک لەسەرانی (باڵی زۆرینە) لیستی هاوپەیمانی و باڵی ناوەندی بڕیار، دوودیوی یەک دراون: کاری یەکتر بە خشکەیی تەواو دەکەن.

هەرکە لیستی هاوپەیمانی ڕاگەیێنرا، گوڵە ژاکاوەکانی گۆشەیەکی باخ و چەمەنی (ناوەندی بڕیار)، بارانی ڕەحمەت بەسەریدا باری و سەرلەنوێ بووژایەوە و لە هەر چوار لاوە گوڵ و وەنەوشە باری. سەرانی (ناوەندی بڕیار) ڕۆژانە پێیەکیان لای بارەگای هاوپەیمانی و پێیەکەی تریان لە ماڵ و باخ و سەیرانگاکانی دەرەوەی شار بوو. برا و کوڕ و خزم و خۆیش و یاوەرانیان پاڵیان بە د.بەرهەمەوە دا! ئەمەیە فرمسێک هەڵوەراندن بەسەر تەرمی ساردوسڕی یەکێتی ناو یەکێتی!

تاکتیکی ئەو قۆناخەیان بەم شێوەیە بوو: ئەگەر هاوپەیمانی (40) کورسی هێنا، ئەوە ئەمان بەلێشاو بۆ لای شۆڕە سوارانی هاوپەیمانی دەڕۆن و یەکێتی هەڵدەوەشێنەوە. بە پێچەوانەوە، ئەگەر هاوپەیمانی لەهەڵبژاردندا شکستی هێنا، ئەوە ئەمان بەکەرناڤاڵێکی گەورەوە، د.بەرهەم بۆ ریزەکانی یەکێتی دەهێننەوە. ئەم تەکتیکە،



"ئەوەی د.بەرهەم بەرامبەر یەکێتی و هاوپەیمانی و پارتی کردی، گەورەترین گاڵتەجاڕیی ئەم سەردەمەیە"

تەکتیکێکی زیرەکانە بوو، ئەم سەرکردە و کادرانە پلە و پۆست و ئیمتیازاتی حزبی خۆیان نەدۆڕاند و دەزگاکانی خۆیان کردە ئامرازێک بۆ ئەوەی هاوپەیمانی زۆرترین دەنگ بدوورێتەوە و ڕۆژانە کۆسپیان بۆ چالاکیی (ی.ن.ک) دروست دەکرد، بە مەبەستی ئەوەی یەکێتی بدۆڕێت و هاوپەیمانی براوەی هەڵبژاردنەکان بێت.

ئەندامێکی (م.س) لە تەلاری هونەر و چەند شوێنێکی تر و لەبەردەم کەناڵە ئاسمانییەکاندا، بەدەنگێکی زوڵاڵ گوتی: (هەر کەسێک لە هەر پلە و پایەیەکدا بێت و لەسەر هەر لیستێک خۆی کاندید کردبێت، جگە لە لیستی (162) بێبەریە لە لیستی (ی.ن.ک) و ئەم دەربڕینە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو...

## وێنای خۆی و وێنای ئەوەکان

پاش نەخۆشکەوتنی مام جەلال بە ماوەیەکی زۆر کورت، سەردانی د.بەرهەمم لە ماڵەکەی خۆی کرد و هەر بەڕاستیش لەدڵەوە حەزم دەکرد ئەو سەرکەوتن وەدەستبهێنێت. ئەو گوتی:

(کاک نەوشیروان باشی کرد، کادری نوێی هێنایە پێشەوە و سەرکردە کۆنەکانی لە لووتکەی بەرپرسیارێتی دوورخستەوە و هیچیان بەدەست نییە.. تاد) ئینجا یەک بە یەک ناوی سەرکردەکانی یەکێتی هێنا (....) و (....) گوتی: (ئەم سەرکردانە یەکی بیست سێ ساڵە ئەندامی سەرکردایەتین و هیچ توانایان نەماوە و دەبێ دووربخرێنەوە و گەنجان جێگایان بگرنەوە..) من گوتم: (لادانی ئەم سەرکردانە ئاسان نییە و بەتایبەتی ژمارەیەک لەسەرکردە دیارەکان! ئەو هێزی بەدەستەوەیە و ئەم کارە لەم قۆناخەدا ئاسان نییە..) ڕۆژگار سەلماندی ئەو پیاوی ڕۆژانی سەخت و ئاڵنگاری نەبوو. دوو تەقەی لێنەکرا. هاتە بەردەم حوسێنییەکە و بەزاری شیرینی خۆی گوتی: (من ئەم پلە و پۆستەی هەمە بە خۆمی ڕەوا نابینم.. تاد). پێیوابوو هەر یەکسەر خۆپیشاندن و مانگرتن و قوڕپێوانی سەرانسەری ڕوودەدات!

ساڵی 2014 سەرلەنوێ من و شێخ میقداد سەردانمان کرد و من پێمگوت: (تۆ خۆت بۆ سەرۆک کۆمار کاندید کردووە، دڵنیابە بەم

"تێزەکانی د.بەرهەم، بە بیر و ئایدیۆلۆژیا، ڕێک پێچەوانەی بیر و ئایدیۆلۆژیا و پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتییە"

شێوەی تۆ کاری بۆ دەکەیت دەرناچیت: یەکێتی سێ کاندیدی هەیە. ئەمە سەرلێشێوان دروست دەکات. با کۆنفرانسێک بکرێت لە 900 کادری پێشکەوتووی یەکێتی، ڕەنگە 800 کادر دەنگ بەتۆ بدەن.. تاد) ئەو گوتی:

(مامۆستا جەعفەر! تۆ ئەمە نازانیت! ئەمە بە تەوافق ئەکرێت!) شیکارییەکانی هەڵە دەرچوون و ئیدی منیش بڕیارم دا قسەی خێر بۆ هیچ کەسێک نەکەم و کارەکەم ڕادەستی ڕەشەبای ڕێکەوت کرد.

## جەماوەر و هەڵبژاردنی 12/5/2018

د.بەرهەم زۆر بڕوای بەخۆی بوو، بڕوای بەنزیکترین هاودیدی خۆیشی نەبوو. هەڵەی بەدوای هەڵەدا دەکرد و ئەمە جەماوەری یەکێتی لێی تەکاندەوە! ئەو پێیوابوو (جەماوەر) لە یەکێتی توڕاوە و بەهۆی ئەوەوە جەماوەر دەنگیان بە یەکێتی داوە. ئەم ئەگەر خۆی کاندید بکات، لافاوی دەنگەکان بۆ سەر ناوی ئەو دەچێت. ئەوەندە دەنگ دەهێنێت کورسی سەرۆک کۆمار بەبێ ڕکابەر بۆ ئەم دەبێت. کورسی سەرۆک کۆماری دەستەبەر کرد، ئەوکاتە هاوپەیمانی و ناوەندی بڕیار یەکدەگرنەوە و یەکێتی دەپلیشێنێتەوە و دەبێتە ئاردی ناو دڕک!

من هەر زۆرم بەلاوە سەیرە، ئەم پیاوە ماوەیەک ئەندامی م.س و جێگری سکرتێری گشتی و سەرۆک وەزیران بوو، کەچی نەیتوانیبوو وەرەقەکانی دەستی یەکێتی لەبن چاویلکەوە، بە وردی بخوێنێتەوە. تەنانەت ئەو پەیامەی لەولاوە بۆی ڕەوانە کرابوو: (دووبەرەکی نانەوە! لاوازکردنی یەکێتی لای ئێمە بە هێڵی سوور و سنووربەزاندن دادەنرێت..) ئەمە هەڕەشەیە و چاوسوورکردنەوەیە و دەبێ مرۆڤ پەیامەکە بەجوانی تێبگات!

ئەو گرەوی لەسەر (جەماوەر) و کەسایەتی خۆی و سندوقی دەنگدان کردبوو، کە نائومێدی ناکەن. شەوی 2018/5/12 سەتڵێک ئاوی سارد سارد، لە خەونێکی زۆر خۆش بەئاگای هێنایەوە.

ئەو لەم هەڵبژاردنەدا دۆڕاوترین دۆڕاو بوو. ئەگەر ژمارەی کورسی بە پێوەر دابنرێت: شاسوار عەبدولواحید لە ماوەی دوو سێ مانگی کاری سیاسیدا، ڕێک دوو ئەوەندەی ئەو دەنگی هێنا. خوای گەورە بەزەیی بە عەبدی خۆیدا دێتەوە و شاسوار داوای نەکرد ببێتە ئەندامی (ی.ن.ک)، ئەگینا دوو ئەوەندەی د.بەرهەم پۆستی پێشکەش دەکرا!

## هەلێکی زێڕین

لەماوەی نێوان (2012 تا 2018) د.بەرهەم سەرەتا لەلایەن خەڵکەوە جێگای هیوابوو، بازەکە خەریک بوو لەسەر سەری دەنیشتەوە، ئەو هەستی پێنەکرد و بازی داماوی هەڵفڕاند. بەڵام نەیتوانی وەکو سەرکردەیەکی سیاسی جیر و کۆڵنەدەر خۆی ڕابگرێت و وەکو بلدۆزەر، کۆسپ و مۆسپ هەمووی ڕابماڵێت. هێرۆخان سەد ئەوەندەی ئەو لە تاکتیکی سیاسی کارامەتر و خۆڕاگرتر بوو. هەر پاش چوار پێنج مانگ د.بەرهەم قوفڵ بوو، دەستێکی کەوتە ئەملا و دەستێکی کەوتە ئەولا.

پاش 5/12 بەهۆی باری تەندروستییەوە، هێرۆخان کەمتر بەشداری کۆبوونەوەی دەکرد. باڵی (زۆرینە) بەرە بەرە درز و کەلێنی تێکەوت. نەیانتوانی یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن و درێژە بە تاکتیکی پێشوو بدەن. یەک دوانێکیان، پاش قۆناخی دڕدۆنگی و سەنگەر لەیەک گرتن، دەستیان شل کردەوە و دەستیان خستە سەر شانی گرووپێک لە شۆڕەسوارانی (ناوەندی بڕیار) و باڵی زۆرینەیان داتەپاند.

بەشێک لە سەرکردەکانی (ی.ن.ک) بۆ سیناریۆکانی هەڵبژاردنی 2018/9/30 ی پەرلەمانی کوردستان، بەدوای قازێکدا دەگەڕان هێلکەی زێڕیان بۆ بکات! چاوی تەماعیان بڕیبووە دەنگەکانی هاوپەیمانی و بێلایەنکردنی د.بەرهەم.

د. بەرهەم بەڵێنی ئەوەی پێدرابوو، بۆ سەرۆک کۆمار کاندید بکرێت، بە مەرجێک: ئەگەر هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشداری نەکات. ئەو لەگەڵ پاژێک لە هەڤاڵانی ناوەندی بڕیار و بەشێک لە باڵی زۆرینە لەسەر مارەیی و شیربایی ڕێککەوتن و هاوپەیمانیی داماو بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بەشوودران.

کۆبوونەوەی ڕۆژی 2018/9/22 تەقەی تێکەوت، کاتێک بەشێک لە هەڤاڵانی باڵی (ناوەندی بڕیار) ویستیان د.بەرهەم بەهەر شێوەیەک بێت وەکو تاکە پاڵێوراو ڕەوانەی سەر شانۆ بکرێت.

ئەندامێکی م.س بۆی گێڕامەوە:

((دەستەیەک لە شۆڕەسوارانی ناوەندی بڕیار پێیان لەسەر ئەوە داگرت: دەبێ د.بەرهەم وەکو سەرۆکی هاوپەیمانی بمێنێتەوە و کاندیدی هاوبەشی هەموو هێزە کوردستانییەکان بێت. بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو یەکێتی یان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی بەدەستەوە بێت. چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی داوایان کرد کارەکە بەشێوەیەکی حزبی بەڕێوە بچێت! پێشنیارەکەی ئەوان بەم شێوەیە بوو: ئێوە هەر بە تۆپزی د.بەرهەم دەسەپێنن، با لە سەرۆکایەتی هاوپەیمانی دەست لەکار بکێشێتەوە و بە نووسراو داوای گەڕانەوە بۆ ناو (ی.ن.ک) پێشکەش بکات! پێداگری ئەوان ناچاریان دەکات د. بەرهەم، هاودیدەکانی خۆی لە بیابانی تەنیایی جێبهێڵێت و حەوت بەرد بە پشتیاندا بدات..))

## چاوەڕوانی و دەسکەوت

1. هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەروەری پاش سەنگەر گواستنەوەی سەرۆکەکەی خۆی هەڵنەوەشاندەوە. ئەوان وەکو هێزێکی سیاسی چالاکیی خۆیان دەکەن. ژمارەیەکی زۆر کەم لە هاودیدەکان ڕەدووی دکتۆر کەوتن.

2. سادەترین ڕێزی بۆ هاودیدەکانی خۆی دانەنا، ئیدی نە کۆنفرانس و نە پلینۆمی ماڵئاوایی. هەر ئەو ڕۆژەی سەرکردەکانی ناوەندی بڕیار کەوتنە بڕۆ هەڵتەکاندن، بەگەرمی بانگەشەیان بۆ کرد، نە پرس و نە ماڵئاوایی و نە داوای لێبووردن، بە چەند دەقیقەیەک هەمووی بڕایەوە.

3. هاتنەوەی د.بەرهەم، لەڕووی ژمارەی دەنگدەرەوە هیچ سوودێکی نەگەیاند و لە زۆربەی شوێنەکان لیستی (ی.ن.ک) بە هەزاران دەنگ لەوەی هەڵبژاردنی 5/12 کەمتری هێنا.

4. هاتنەوەی د.بەرهەم ڕیزەکانی یەکێتی تێکدا و سەدان کادری دڵسۆز تووشی نائومێدی و دڵشکان بوون.

5. هاوپەیمانی دوو ئەندامی هەیە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. ئەم دووانە هەرچەند سەر بە د.بەرهەمن، بەڵام هیچ پەیوەندیان بە فراکسیۆنی یەکێتیەوە نییە و تەنیا دکتۆر بە بەرپرسی خۆیان دەزانن.

6. هەر کەسێک دوو هەفتە نەبووبێتە هاوپەیمانی، لەناو ڕاوێژکارانی سەرۆک کۆماردا ناوی نییە. ڕەنگە یەک دوو کەسێک، کە وەکو پێشمەرجی ڕەزامەندی دەربڕین بۆ دانانی ئەو بە سەرۆک کۆمار، دانرابن.

7. پرسیاری کۆتایی و بنچینەیی ئەوەیە: ماوەی دە مانگی ڕابردوو سەرۆک کۆمار چی بۆ کەرکووک و شەنگال کردووە؟

ئایا دەتوانێت پووشێک لەسەر پووشێک بۆ کورد دابنێت؟

ئەگەر ناتوانێت ئەم هەموو بەزم و ڕەزمەی بۆ چی بوو؟

## ئەو بووە سەرۆک کۆمار و یەکێتی زیانی قورسی بەرکەوت

1. پەیوەندیی نێوان یەکێتی و هێزە کوردستانییەکانی تر بۆ ناو دۆڵی بەستەڵەک و سەهۆڵبەندان هەڵخلیسکا: بەتایبەتی گومان و دڕدۆنگی و خەرەندێکی قووڵ لەنێوان هەردوولا دروست بووە.

2. پێش 2019/10/2 لەنێوان چەند کەسێکی سەر بە یەکێتی، بەبێ ئاگاداری (م.س) و (سەرکردایەتی) لەگەڵ (م.س) ی پارتی ڕێککەوتنامەیەکی زارەکی، نەنووسراو، کرا. سەرۆک کۆمار بۆ پارتی، بەرامبەر بەم پۆستانە: چوار وەزارەتی حکومەتی بەغدا و چەند بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و دوو ساڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ یەکێتی و دوو ساڵ بۆ پارتی. لە بەغدا لەدواچرکەکانی دەنگدان، ژمارەیەک ئەندامی (م.س) و (سەرکردایەتی) پاشگەز بوونەوە.

3. د. بەرهەم هاتەوە و بووە سەرۆک کۆمار. ئەی دەسکەوتی یەکێتی لەم هەموو بێنەو بەردەو سەرئێشەیە چی بوو؟ ئەو بووە سەرۆک کۆمار و بەفڕۆکە سەردان دەکات و فەرشی سووری بۆ دادەخرێت؟

یەکێتی خۆی خستووەتە بیرێکەوە نازانێت چۆن دەربچێت!

## ئەنجامگیری

ئەم شیکاریە خێرایە، بەڕوونی ئەوە دەردەخات: د.بەرهەم نە لەمبەرە و نە لەوبەرە: نە بڕوای بە یەکێتی و خەبات و مێژووی ئەم حزبە هەیە، نە بڕوای بە هاوپەیمانی هەیە، کە خۆی دامەزرێنەریەتی. ئەو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بوو، لێی هەڵگەڕایەوە و بە ڕەگ و ڕیشەیاندا هاتە خوارەوە. ئەو ئەگەر بڕوای بە هاوپەیمانی هەبووایە جێینەدەهێشتن. واتە: هەردووی تەنیا وەکو ئامراز بەکارهێناوە و لەگەڵ کەس ڕاستگۆ نەبووە. گەمەی سیاسی و تاکتیک و سیاسەتبازی لە ڕۆژهەڵاتدا تا ڕادەیەک چاوپۆشی لێدەکرێت. بەڵام ئەوەی د.بەرهەم بەرامبەر یەکێتی و هاوپەیمانی و پارتی کردی، گەورەترین گاڵتەجاڕیی ئەم سەردەمەیە!

مرۆڤێک بەم شێوەیە بەشداری گەمە سیاسیە پێچاوپێچەکان بێت: شایانی ئەوە نییە بەناوی کوردەوە، سەرۆک کۆماری عیراق بێت. سەرۆک کۆمار دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە بەروێنە** (قدوە)ی نەوەی ئەمڕۆ و داهاتووی گەلانی عیراق بێت و نابێت ئەم هەموو پرسیارەی لەسەربێت.

---

***. داری پەڵک: دارێکە نە بەری هەیە و نە سێبەر، نە بەکەڵکی دارەڕا دێت و نە سووتاندن و نە ئاگرکردنەوە و نە ئاژەڵ دەتوانێت گەڵاکەی بخوات...**

**** بەروێنە: کاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە وەریگرتووە Vorbild، ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێکهاتووە (Vor) بەر (Bild) واتە: وێنە.**

## ڕۆژانە 27 کەس تووشی شێرپەنجە دەبن

# شێرپەنجە بەسرەی هەراسان کردووە

ڕووداو- هەولێر

سەرەتای ئەم مانگە، زەهرە بجاری، جێگری پارێزگاری بەسرە ڕایگەیاند کە نەخۆشیی شێرپەنجە بەشێوەیەکی بەرچاو لە پارێزگاکەیان بەرز بووەتەوە. هۆکارەکەشی بۆ پیسبوونی ژینگە بەهۆی بەرهەمهێنانی نەوت و تیشکی یۆرانیۆم گەڕاندەوە. شارەزایەک هۆشداری دەدات "هیرۆشیمایەکی نوێ" بەڕێوەیە.

ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) بە پشتبەستن بە داتاکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، ئاشکرای دەکات کە مانگانە 800 کەیسی نەخۆشیی شێرپەنجە لە پارێزگای بەسرە تۆمار دەکرێن و هۆکارەکانیشی زۆرن، لەوانە: "ئەو هۆکارانەی ژینگە پیس دەکەن" وەک ئەو گازانەی لە سووتاندنی نەوت بەرز دەبنەوە کە هەوا و ئاو و خاکی پارێزگاکەی پیس کردووە، جیا لەوەش "لێکەوتەکانی جەنگ"ی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق هێشتا لە ژینگەی پارێزگاکەدا کاریگەرن.

فالح خەزعەلی، ئەندامی پەرلەمان عێراق، لە دانیشتنی 20ی ئایاری ڕابردوودا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: "ئاو، هەوا و خاکی پارێزگای بەسرە هەمووی پیس بووە. 18 شوێن هەیە کە مادەی تیشکدانەوەی ئەتۆمی لێیە و هێشتا چارەسەر نەکراون، هەروەها گازی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانی نەوتیش چارەسەر نەکراوە. جیا لەمە پاشماوەکانی جەنگ لە کەناری ڕووباری شەتولعەرەب هەن و ئاوی ناوەندی بەسرەش پیس بووە".

کۆتایی ساڵی ڕابردوو جەواد عەلی، ژینگەناسی عێراقی و ئەندامی کۆمەڵگای شاهانەی فیزیاناسانی ئینگلتەرا، لە بابەتێکدا لە ماڵپەڕی (کاونتەر پانچ) دۆخی بەسرەی بە "هیرۆشیمایەکی نوێ" وەسفکرد. توێژەرە عێراقییەکە جەخت دەکاتەوە لەوەی "لێکۆڵینەوەکانی ئێمە دەریانخستووە ٪40ی دانیشتووانی دەوروبەری بەسرە تووشی شێرپەنجە دەبن". هۆکاری سەرەکیی ئەمەشی بۆ تۆزی ئەو یۆرانیۆمە گەڕاندووەتەوە کە ئەمریکا و بەریتانیا لە کاتی شەڕی یەکەمی کەنداو لە 1991 بەکاریان هێناون و هێشتا هەر لەناوچەکە ماون.



مانگانە 800 کەیسی نەخۆشیی شێرپەنجە لە پارێزگای بەسرە تۆمار دەکرێن

زەهرە بجاری بە ماڵپەڕی (ئەلمەعلومە)ی عێراقی ڕاگەیاندووە "ناوچەکانی دەوروبەری شەتولعەرەب و زوبێر و ناوەندی بەسرە بەرزترین ڕێژەی تووشبوون بە شێرپەنجەیان لەسەر ئاستی عێراق تۆمار کردووە".

بەگوێرەی ئەو داتایانەی دەست (ئەلمۆنیتەر) کەوتوون، تۆمارکردنی شێرپەنجە لە ساڵانی نێوان 2015 بۆ 2017 لە نێوان 400 بۆ 500 حاڵەتی نوێ لە یەک مانگدا بووە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لە ساڵی 2018 نزیکەی 200% بەرزبووەتەوە.

پارێزگای بەسرە نزیکەی سێ ملیۆن دانیشتووی هەیە. ڕاپۆرتەکەی (ئەلمۆنیتەر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر 800 کەیسی نوێی شێرپەنجە تۆمار بکرێن، ئەوە ساڵانە لە هەر 100 هەزار کەس 320 کەسیان تووشی شێرپەنجە دەبن. ساڵی ڕابردوو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە ڕێژەی شێرپەنجە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرزبووەتەوە. دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکە، دینا مایرد، سەرۆکی یەکێتی چاودێریی نێودەوڵەتیی شێرپەنجە ڕاگەیاند کە لە ساڵی 2012ەوە 555 هەزار حاڵەتی نوێی شێرپەنجە و 330 هەزار حاڵەتی مردن بەهۆی شێرپەنجە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تۆمار کراون و چاوەڕێ دەکەن لە ساڵی 2030 ئەو ژمارەیە دوو بەرامبەر بێ.

مەهدی تەمیمی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ بە ماڵپەڕەکەی ڕاگەیاندووە "زیاتر لە ٪90ی تووشبووانی شێرپەنجە دەمرن. پێشتر حکومەت ئامادە نەبوو ئاماژە بۆ ئەو کێشەیە و ڕێژەکەی بکات، بەڵام ئێستا چیدی ناکرێ ئەو کارەساتە بشارنەوە".

**پەرلەمانتارێکی بەسرە:**
**زیاتر لە 24 هەزار تووشبووی شێرپەنجە لە پارێزگای بەسرە هەن**

ساڵی ڕابردوو سەرۆکی یەکێتیی چاودێریی نێودەوڵەتیی شێرپەنجە ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە ٪70ی تووشبووانی شێرپەنجە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە دەمرن، ئەوە "پێویستی بە چارەسەری زانستی هەیە".

بە گوتەی تەمیمی "دەرمان هەیە، بەڵام بەدەستهێنانی ئاسان نییە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەک پێویست دەرمان بۆ هەموو نەخۆشەکان نییە، زۆر جار کەموکوڕی هەیە و ئەوەش ڕێگرە لەوەی خەڵکی تووشبووی شێرپەنجە چارەسەر وەربگرن و ناچاریان دەکات وەرگرتنی چارەسەر دوابخەن".

ئیکۆلۆجیستێک لە ناوەندی شێرپەنجەی بەسرە، بە مەرجی ئاشکرا نەکردنی ناوی بە ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە "وەزارەتی تەندروستیی لە بەغدا بەپێی ئەو خشتە کاتییەی دەمانەوێ دەرمانەکان نانێرێ. زۆربوونی حاڵەتەکانی شێرپەنجەش بووەتە هۆی ئەوەی بەکارهێنانی دەرمان بەرز ببێتەوە".

بەگوێرەی (ئەلمۆنیتەر)، لە بەسرە تەنیا یەک سەنتەری شێرپەنجە هەیە. هەرچەندە سەنتەرەکە 400 قەرەوێڵەییە، بەڵام تەنیا 200 قەرەوێڵەیان بۆ ئەوە دەبێ بەکاربهێنرێ. باڵەخانەی سەنتەرەکە کۆنە، کێشەی شێ و خزمەتگوزاریی هەیە و لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە بە دەست نەبوونی ستافی شارەزاوە دەناڵێنێ. سەنتەری شێرپەنجەی بەسرە ڕۆژانە 120 بۆ 150 نەخۆش ڕووی تێدەکات. ئەوە جگە لەو نەخۆشانەی لە شەوانی پێشتردا لە سەنتەرەکە خەوێنراون. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سەنتەرەکە سیخناخە لە نەخۆش و ئەوەش نەخۆشەکان ناچار دەکات لە ڕێڕەوی سەنتەرەکەدا بخەون.

سەفا بەندەر، ئەندامی لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە سەنتەرەکە ساڵانە چارەسەر پێشکەش بە 2500 نەخۆش دەکات. مانگی ئایاری ئەمساڵ عەبد عەون عەبادی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لە کۆنفراسێکی میدیاییدا ڕایگەیاند: "زیاتر لە 24 هەزار تووشبووی شێرپەنجە لە پارێزگای بەسرە هەن".

ئیکۆلۆجیستی سەنتەرەکە بۆ ڕاپۆرتەکەی ئاشکرا کردووە کە سەنتەرەکەیان سیستەمی گەڕانی پێشوەخت بەدوای خانەی شێرپەنجەیی نییە، ئەوەش هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان. ئیکۆلۆجیستەکە دەڵێ: "سەنتەرەکە لەگەڵ پێوەرە پێویستەکاندا یەک ناگرێتەوە، بێکەڵکە و لەڕووی خزمەتگوزارییەوە کەموکوڕی تێدایە".

ناوەڕاستی مانگی ئایاری ئەمساڵ، تووشبووان و خێزانی تووشبووانی شێرپەنجە خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم باڵەخانەی پارێزگای بەسرە ڕێکخست. کۆمەڵگای مەدەنی پارێزگاکەش هەڵمەتێکیان بەناوی "تەحەدات دەکەم ڕزگام بکەیت" بۆ پشتگیری لە تووشبووانی شێرپەنجە دەستپێکرد. بەگوێرەی ئەلمۆنیتەر حکومەت بەڵێنی چارەسەری ڕەوشەکەی پێداون، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هیچ نەگۆڕاوە.

بەسرە 85%ی سەرچاوەی بودجەی عێراق دابین دەکات، بەو حاڵەشەوە وەک زۆربەی پارێزگاکانی باشووری عێراق بەدەست کەمیی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنێ، لەوانەش کەمی و پیسیی ئاوی خواردنەوە و کەمیی کارەبا. کێشەی تەندروستی لایەنێکی نوێی کێشەکانی ئەو پارێزگایەیە کە ساڵی ڕابردوو خۆپیشاندانی بەرفراوانی لەدژی حکومەت تێدا بەڕێوەچوو.



# ئەسپرین کێشە دەخاتە نێوان بریکارێک و کۆگاکانی دەرمان

شکار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

خاوەنی کۆگا و دەرمانخانەکان دەڵێن ئەو کۆمپانیایەی بریکاری هێنانی دەرمانی ئەسپرینە بۆ کوردستان، بە دوو مەرج دەرمانەکەیان پێدەفرۆشێ: یەکێکیان ئەوەیە پارەی دەرمانەکە بە کاش بدەن و دووەمیش ئەوەیە کە لەگەڵ ئەسپرینەکە دەرمانێکی دیکەش بکڕن، ئەوان مەرجی دووەمیان قبوڵ نەکردووە و بەو هۆیەشەوە دەرمانی ئەسپرین لە دەرمانخانەکاندا زۆر کەم بووە.

خاوەن کۆگایەکی گەورەی دەرمان لە هەولێر کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی دوو مانگە دەرمانەکە لە بازاڕدا نەماوە، دەرمانەکە هی کۆمپانیای (بایار)ی ئەڵمانییە و دابەشکەری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیای (شەمس سورەیا)یە. نزیکەی مانگێکە دەرمانەکەی هێناوە، بەڵام ڕایگرتووە و دەڵێت بە دوو مەرج دەیدەم بە کۆگا و دەرمانخانەکان. یەکەمیان بە پارەی کاش و مەرجی دووەمیش دەبێت خاوەن کۆگا و دەرمانخانەکان لەگەڵ هەر پاکەتێک لە دەرمانی ئەسپرین، پاکەتێک دەرمانی گەدەش بکڕن".

خاوەن کۆگاکە لەبارەی مەرجی دووەم دەڵێت: "لە هیچ شوێنێکی دونیادا ئەمە نەبووە، وەکو ئەوە وایە بچیتە لای بەقاڵێک و داوای تەماتە بکەی، بڵێ ئەگەر خەیاریشم لێنەکڕی تەماتەکەت پێنافرۆشم، دەرمانیش وەکو خواردن نییە، ئەگەر پێویستت پێی نەبێت ناتوانی بەکاریبێنی".

خاوەن کۆگا و دەرمانخانەکانی هەولێر بڕیاریان داوە مەرجی کۆمپانیاکە قبوڵ نەکەن و دەرمانەکە نەکڕن، خاوەن دەرمانخانەیەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم کارەی کۆمپانیاکە دوورە لە ئەخلاقی کاری پزیشکی و بازرگانیش، بۆیە ئێمە بڕیارمانداوە بەو مەرجەی کۆمپانیاکە ڕازی نەبین و دەرمانەکەیان لێنەکڕین".

لە کوردستان داواکارییەکی زۆر لەسەر دەرمانی ئەسپرین هەیە، ئەوانەی نەخۆشیی دڵیان هەیە، یاخود تووشی جەڵتەی دڵ و مێشک بوون، دەبێ بە بەردەوامی ئەو دەرمانە بەکاربێنن.

سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان دەڵێ ئەوان ئاگاداری ئەو بابەتە نین و داوا لە خاوەن کۆگا و دەرمانخانەکان دەکات سکاڵا تۆمار بکەن، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەن. دکتۆر ئەمیر شێت، سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هیچ زانیارییەکمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام بەدواداچوون دەکەین و ئەگەر خاوەن کۆگا و دەرمانخانەکان سکاڵا تۆمار بکەن، ئێمە دەتوانین قسە لەگەڵ خاوەنی کۆمپانیاکە بکەین".

**ئەوە بازرگانییەکی ناشەرعییە و لێپرسینەوە لەگەڵ کۆمپانیاکە دەکەین**
**کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان**

سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازان ڕەتیکردەوە کە ئەوان بتوانن ئیجرائات لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە بکەن و گوتی "وەزارەتی تەندروستی مۆڵەت دەداتە کۆمپانیاکان، تەنیا وەزارەتی تەندروستی و کواڵیتی کۆنترۆڵ دەتوانن ڕێکاری یاسای بەرامبەر کۆمپانیاکە بگرنەبەر".

عیسا عەبدولڕەحمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان، ئەو کارەی کۆمپانیاکەی بە "نایاسایی" ناوبرد و گوتی: "ئەو کارە دەچێتە چوارچێوەی بازرگانییەکی نایاسایی و ناشەرعی، بۆیە ئێمە لەڕێگەی کۆگا و دەرمانخانەکان بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە دەکەین، ئەگەر کۆمپانیاکە کارێکی وای کردبێت بەدڵنیاییەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەین و ڕێکاری یاساییش لەدژی دەگرینەبەر، ناشبێت بەهیچ جۆرێک ئەم جۆرە مامەڵەیە دووبارە ببێتەوە".

کۆمپانیای شەمس سورەیا کە بریکاری سەرەکی هاوردەکردنی ئەسپرینە، قسەیەکی دیکەی هەیە. دکتۆر بڕیار حەمەد کە مۆڵەتی کۆمپانیاکە لەسەر ناوی ئەوە، دەڵێت: "ماوەیەک بوو دەرمانی ئەسپرین لە بازاڕ نەبوو، ئێستا خواستێکی زۆری لەسەرە، بۆیە کۆمپانیای شەمس سورەیا ئۆفەرێکی هەیە، ئەگەر خاوەن کۆگا و دەرمانخانەکان 100 پارچە دەرمانی ئەسپرین بکڕن و 20 پارچە دەرمانی (ڕەنی) تایبەت بە نەخۆشیی گەدەشی لەگەڵ ببەن، 8% داشکاندنیان بۆ دەکات. ئۆفەرەکەش ناچاری نییە و دەتوانن بەبێ ئەو دەرمانەش ئەسپرین بکڕن، بەڵام ئەوکاتە داشکاندنیان بۆ ناکرێ".

دکتۆر بڕیار دەڵێت زۆر کۆمپانیا "بازرگانیی نایاسایی و ناشەرعی" دەکەن: "لە سەرەتای مانگی ڕەمەزان چەند کۆمپانیایەک دەرمانێکی دیکەی گەدەیان بەناوی (لیبراکس) هێنابوو کە خواستی لەسەر بوو، بەو مەرجە بە کۆگا و دەرمانخانەکانیان دەفرۆشت چەند جۆرە دەرمانێکی هیندیشیان لێبکڕن کە خواستیان لەسەر نییە و زۆر بە کەمی لە دەرمانخانەکان دەفرۆشرێن".

گوتیشی: "ئێستا زۆربەی کۆمپانیاکان ئەو بازرگانییە دەکەن کە بازرگانییەکی ناشارعی و نایاساییە، لەگەڵ دەرمانێکی باش کۆگا و دەرمانخانەکان ناچار دەکەن دەرمانی خراپیشیان لێ بکڕن".



# ئەو ڤیتامینانەی بۆ نینۆکەکان پێویستن

ڕووداو- هەولێر

نینۆکەکان بەشێکی گرنگی تەندروستی پێکدەهێنن، هەر گۆڕانکارییەک لە ڕەنگ و شێوەیان لەوانەیە دەرخەری گرفتێکی تەندروستی بێت. هەندێکجار کەمیی هەندێ لە ڤیتامینە گرنگەکان هۆکارن بۆ زوو شکانی نینۆکەکان، گۆڕانی ڕەنگ و شێوەیان، بۆیە بەردەوام دەبێت گرنگی بدرێت بە خواردنی ئەو خۆراکانەی بەم ڤیتامین و کانزایانەی خوارەوە دەوڵەمەندن:

### کالیسیۆم

جگە لەوەی ئێسک و ددانەکان پتەودەکات و مەترسی شکانیان کەمدەکاتەوە لەهەمانکاتدا بۆ سەلامەت مانەوەی نینۆکەکان گرنگە، بۆیە ڕۆژانە بایەخبدە بە خواردنی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی کالیسیۆم لەوانەش شیر و بەرهەمەکانی دیکەی شیرەمەنییەکان، کاڵەک و شەربەتی فرێشی پرتەقاڵ.

### ئاسن

چوکلێتی تاڵ، گۆشتی سوور، پاقلەمەنییەکان سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئاسنن. ئاسن ڤیتامین نییە، بەڵکو کانزایەکی پێوستی جەستەیە، هۆکاری سەرەکی گۆڕانی نائاسایی ڕەنگ و شێوەی نینۆکەکان لە خانماندا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئاسن لە جەستەدا.

### ڤیتامین B12

یارمەتی هەڵمژینی ئاسن دەدات لەلایەن ڕیخۆڵەوە، هەروەها ئەم ڤیتامینە پێویستە بۆ دروستبوونی خڕۆکە سپییەکانی خوێن، کەمبوونەوەی ئەم ڤیتامینەش دەبێتەهۆی شین هەڵگەڕانی نینۆکەکان، سەرچاوە دەوڵەمەندەکان بەم ڤیتامینەش بریتین لە ماسی سەلەمون، هێلکە و بەرهەمە شیرەمەنییەکان.

### ڤیتامین B9

یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن، کە دەبێتە هۆی گەیشتنی بڕێکی باشتری ئۆکسجین بۆ نینۆکەکان کە ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر تەندروستیی نینۆکەکان، بەڵام بەگشتی بۆ زوو درێژبوونەوەیان پێویستە. سەرچاوەکانی دەوڵەمەند بەم ڤیتامینەش بریتین لە: سپێناخ، پاقڵە و نیسک.

### ڤیتامین A

ئەم ڤیتامینە گرنگە بۆ دابەشبوونی خانەکان، کەمی ئەم ڤیتامینەش هۆکارە بۆ تەنکبوونی نینۆکەکان، زوو شکان و ڕەنگ گۆڕانیان. ماسی و هێلکە بەو ڤیتامینە دەوڵەمەندن.



# بەغدا ئێران هەڵدەبژێرێ یان ئەمریکا؟



«ئەگەر عێراق ناچار بکرێ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا لایەنێک هەڵبژێرێ، زەرەرمەندەکە واشنتن دەبێ»

ڕووداو - هەولێر

لە بەدرەین وڵاتانی عەرەبی لە ئاست ئیسرائیل بێدەنگ بوون

# ترەمپ کۆتایی بە خەونی دەوڵەتی فەڵەستین دەهێنێ

ڕووداو - هەولێر



بەدێوکردنی ئیسرائیل لە پێناو هێورکردنەوەی دانیشتووانی وڵاتانی عەرەبی هێزی جارانی لەدەستداوە






# پلانەکەی بن سەلمان لە وەبەرهێنانی دەرەکی نائومێد دەبێ

ڕووداو - هەولێر

«پلانی ڕوئیای 2030 تەنیا پڕۆژەیەکی ئابووری نییە، بەڵکو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیی سعودیەش ڕێکدەخاتەوە»

# گۆڕینی دیمۆگرافیا... ئامانجە درێژخایەنەکەی ئەسەد لە ئیدلب

ڕووداو - هەولێر



هێرشی ئەسەد بۆ سەر ئیدلب قوربانییەکی زۆر و دەستکەوتێکی کەمی هەبووە



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئامانجی تورکیا تەنیا پەکەکەیە؟

کورد وەک نەتەوە بەگشتی، توانای بیرکردنەوەمان لە داهاتوو لاوازە. نوخبە و حیزبە سیاسییەکانیش کە پێویست بوو پلان و ستراتیجی دوورمەودا دابڕێژن و ئاراستەی کۆمەڵگە بەو ئاقارە بەرن، ئەوانیش هەر لەناو بازنەی ڕابردوودا دەخولێنەوە. ئەوەندەی دامەزراوە و ناوەندی یادەوەریمان هەن بۆ تۆمار و هەڵسەنگاندنی ڕابردوو، یەک لە سەتی ئەوە دەزگای ستراتیجیمان نییە بۆ داهاتوو بیربکاتەوە. هەربۆیە ئەو قسەیە دروستە کە تورکەکان دەڵێن: خۆزگەمان بە عەقڵی کورد، لە دوای ڕووداوەکان.

لەبەر ئەوەی خۆمان ستراتیجیانە بیر ناکەینەوە و بە پلانی ستراتیجی کار ناکەین، بۆیە توانای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ستراتیجی نەیارەکانیشمان نییە، وا دەزانین ئەوانیش وەک ئێمە هەر مامەڵە لەگەڵ ڕۆژ دەکەن. بۆیە زۆرجار تووشی هەڵەی گەورە دەبین لە جۆری مامەڵەکردنمان لەگەڵ ڕووداوەکان، بەو هۆیانەشەوە هەمیشە قوربانی و باجێکی زۆرمان بەخشیوە. ئێمە لە مێژوویەکی دوورەوە بەو جۆرە هاتووین و پێدەچێ بۆ داهاتوویەکی دوورتریش وا بمێنینەوە.

لە عێراقدا، ساڵی 1963 تا 1991 پێنج جار میللەتەکەمان جینۆساید کراوە، (پاکتاوی ڕەگەزیی کوردە فەیلییەکان، کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان، ئەنفال و هەڵەبجە). ناتوانین ئەمە وەک خۆی بخوێنینەوە و بیبەستینەوە بەو ستراتیجەوە کە دەوڵەتی عێراقی لەسەر دامەزراوە. خۆمان دەخەینە بەردەم پرسیار و لۆمەی ئەوەی (ئەگەر کورد شۆڕشی نەکردایە، ئەو ڕووداوانە ڕوویاننەدەدا). ناپرسین ئەی لە بنەڕەتدا شۆڕشی کورد بۆ هەڵگیرسا؟

تورکیا لەشکری هێناوەتە سەر باشووری کوردستان و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جوگرافیای داگیرکارییەکەی فراوان دەکاتەوە، زۆر کەس دەڵێن کێشەکە وجودی پەکەکەیە لەو ناوچانە. لە خۆمان ناپرسین ئەی لە بنەڕەتدا پەکەکە بۆچی هەیە؟ یان داگیرکردنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە دەبەستنەوە بە وابەستەیی کوردی ڕۆژئاوا بە پەکەکەوە. یان خەڵکانێکی کورتبین داگیرکردنی کەرکووک و جینۆسایدی خورماتوو دەبەستنەوە بە (ریفراندۆمەوە). ئەمە نیشانەی ئەوەیە کورد میللەتێکە توانای خوێندنەوەی ستراتیجی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی نییە، لەبەر ئەوە هەمیشە پاساو بۆ ڕەفتارە داگیرکارییەکانیان دەهێنینەوە و ئۆباڵەکەشی دەخەینە ئەستۆی کورد خۆیەوە.

هەرێمی کوردستان وەک دیفاکتۆ و دەرئەنجامی شەڕی کەنداو، بەهۆی مانەوەی سەدام وەک هەڕەشە و مەترسییەک لە ناوچەکە، قبووڵ کرا. وەک پێویستییەکیش بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ڕاگرتنی هاوسەنگی و جوگرافیایەک بۆ قۆناغەکانی داهاتووی سیاسەتی ئەمریکا، هەرێمی کوردستان سەرباری ئەوەی لە ناوخۆشدا چەند ساڵێک خەریکی شەڕی براکوژی بووین، بەڵام بەپێوە ڕاگیراین. پەیڕەوکردنی جۆرێک لە سیاسەتی دروستکردنی بەرژەوەندی بۆ هەریەک لە ئێران و تورکیا، هەروەها دەستەبەرکردنی سەقامگیری لەناوخۆی وڵاتەکانیان بەهۆی هەرێمەوە، ئەوەی لێکەوتەوە کە ئەم جوگرافیایە لە دەرەوەی دەسەڵاتی عێراق قبووڵ بکەن. هەروەها بەهۆی دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا وەک پێویستییەکی سەقامگیریی ناوخۆیی، کورد لە باکووری کوردستانیش زۆر چوونە پێش. شانبەشانی ئەوەش بەهۆی دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی و دواتریش سەرهەڵدانی داعش لە سووریا و عێراق و بەستنەوەی کورد بە سەقامگیریی جیهانییەوە، کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بناغەی خۆبەڕێوەبەرێتییەکیان دانا. ئەم دوو پێشهاتە بوونە هۆی باڵاکردنی کورد و کێشەکەی، بە ئەندازەیەک کە دەبێت جیهان وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بیر لە هەڵوەشانەوەی سایکس پیکۆ بکاتەوە.

ئەم باڵاکردنەی کورد لە ناوچەکە، هەڵوەستەی بەریتانیای وەک داڕێژەر و ئەندازیاری نەخشەی ناوچەکە و وڵاتانی سەردەستەی بەدوای خۆیدا هێنا. هەریەک لە تورکیا و ئێران بە نوێنەرایەتی سووریا و عێراقیش، سەرباری بوونی کێشە و ناکۆکیی زۆر لە نێوان خۆیان، سەرەڕای جیاوازیی ستراتیجیان و مەترسیی هەریەکیان لە هەژموونی ئەویتر، کێشە و ململانێکانی خۆیان هەڵپەسارد و کەوتنە داڕشتنی پلانی هاوبەش بۆ ڕێگری لەو باڵاکردنەی کورد و بچووککردنەوە و لەقاڵبدانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان. لە دوو ساڵی ڕابردوودا دیدارەکانی نێوان خامنەیی و ئەردۆگان، کۆبوونەوەی چەندبارەی سوپاسالاری هەردوولا، کۆبوونەوەی بەردەوامی دەزگا هەواڵگرییەکانیان، دواتریش کۆبوونەوەی سێ قۆڵی و چوار قۆڵیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، هەمووی بۆ داڕشتنی پلان و نەخشەی لێدان لە کورد بوو.

ئۆکەی و چاوپۆشیی تورکیا وەک پشتکردنە (پارتی) لە داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن ئێران و عێراقەوە بە ڕەزامەندیی بەریتانیا بۆ بێدەنگکردنی ئەمریکا و ئەوروپا. ئۆکەی و چاوپۆشیی ئێران و سووریا وەک پشتکردنە (پەکەکە و پەیەدە) لە داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە. لەشکرکێشیی تورکیا بە ڕووکەش بۆ لێدان لە پەکەکە لە قووڵایی هەرێمی کوردستان بە بەرچاوی بەغداوە، بردنی حەشدی شەعبی بەناو خاکی ئێراندا لە سنووری عارەبستانەوە تا ناوچەی سێ سنوور لە پشتی حاجی ئۆمەرانەوە بۆ قەندیل، هەموو ئاماژەی بوونی هەماهەنگیی زۆر گەورەن لەنێوان هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان و ئامانجەکەش چوونەوە سەر ئەو ستراتیجەیە کە نابێت ڕێگە بە باڵاکردنی کورد بدرێت لەژێر هەر ناوێکدابێت.

بۆیە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت، ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان و دواتر بۆ قەندیل، بێدەنگیی بەغدا لە پێشێلکردنی سەروەریی خاکەکەی، ئاسایی نییە. پێویستە بە یادی خوێنەرانی بهێنمەوە یەک ڕۆژ دوای داگیرکردنی کەرکووک، واتا لە 17ی ئۆکتۆبەر، کە بەهۆی بەرژەوەندیی ئابووری لە کەرتی نەوت، بێدەنگیی تورکیا لە داگیرکردنەوەی کەرکووک وەک شۆکێک وابوو، عەبادی گوتی ئێمە و تورکیا هەماهەنگیمان هەیە بۆ نەهێشتنی تیرۆر لە هەر شوێنێک بێت و لە داهاتووشدا پێکەوە لەناویاندەبەین.

چەندبارەبوونەوەی دیداری لوتکەی تورکیا و عێراق و کۆبوونەوە نهێنییەکانی دەزگا سەربازی و هەواڵگرییەکانیان لە شەش حەوت مانگی ڕابردوو، هەروەها لەهەمان ئاستدا لە نێوان عێراق و ئێران، دەبێت گەلی کورد بزانن تەنها بۆ پەکەکە نییە، پەکەکە تەنیا پاساوەکەیە. ئەگینا پلان و بەرنامەکە بۆ پەکەکە و بۆ بزووتنەوەی کوردییە لە کوردستان، بۆ لەقاڵبدانی هەرێمی کوردستان و بچووککردنەوەیەتی لەم قۆناغەدا، پێکەوە ئەم پەلامارانەی تورکیا و گوشارەکان لە بەغدا بۆ ئەوەی نەوت لەدەستی هەرێم دەربێنن، کە هەرێم چەند داهاتی دەستکەوتووە لە نەوت، لەوە زیاتر وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتان لە کوردستان بەکاری بردووە، هەروەها هەوڵی دوو لایەنەی عێراق و تورکیا بۆ کردنەوەی دەروازەی تری پەیوەندیی ئابووری کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان عێراق و تورکیا پێکەوە ببەستێتەوە، ئامانجەلێکی ڕوونن بۆ لەقاڵبدانی هەرێمی کوردستان و لە داهاتووشدا بۆ نەهێشتنی قەوارە دەستوورییەکەی.

بۆیە پێویستە هەر کوردێک کە لە خەمی ئایندەی نەتەوەکەیەتی، لەوە بەئاگابێت پیلانێکی گەورەی هەرێمایەتی لەدژی کورد لەئارادایە و لە هەر جێگەیەک ئەم پیلانە ڕابگیرێت، لە بەرژەوەندیی کوردە. ئەمەش بەو مانایەی دەبێ بێگوێدانە ئایدیۆلۆجیا و بیری سیاسی، یەکهەڵوێست و بە یەکگرتوویی بەگژیدا بچینەوە. ڕەنگە بۆ هەلومەرجێکی وەک ئێستاش باشترین ناوەند و گۆڕەپان بەکاربردنی ناوەندەکانی ئەوروپا بێت کە ڕەوەندی کوردی پێکەوە بۆ بەئاگاهێنانەوەی جیهان لەم پیلانگێڕییە خۆپیشاندنی گەورە ڕێکبخەن.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# ڕۆژهەڵاتی ناوداران!

بەڵێنە کۆنگرەی ڕێزگرتن لە "ناودارانی کوردستان" لە شاری سنەی ڕۆژهەڵات، بەڕێوەبچێ. ئەو هەواڵە ژاروژەنگی خستووەتە ناو ڕای گشتیی ڕۆژهەڵاتەوە. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە ڕێگەدان بە بەڕێوەچوونی ئەو جۆرە چالاکییە پردەنگ و هەرایانە چ پەیامێک بە دەوروبەر بەگشتی و، بە خودی کورد بەتایبەتی بدات؟ کۆماری ئیسلامی چی لە کۆنگرەیەکی ئاوا دەماشێتەوە و بەدوای چ دەستکەوتێکی کۆنکرێتەوەیە؟ ئەو پرسیارانە و گەلێ ئەمما و ئەگەری دیکەی لەو شێوە، پشت بەو پێشگریمانە سادەیە دەبەستێ کە بڵێین؛ هەرچی لە ڕۆژهەڵات دەکرێ پلان و بەرنامەی زانایانەی کۆماری ئیسلامییە و هەموو ئەوانەی لەوێ کاردروستی بۆ ئەو جموجوڵە فەرهەنگییانە دەکەن، تەنیا کۆمەڵێ کارپێکخەری بێ ئیرادەی گوێلەمستی کۆماری ئیسلامین. لەجێدا ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە حاکمی موتڵەقی ئێران هەرکەس و لایەنێک بێ، حاکمی ڕەهای ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیدارەی ئیتلاعات و ناوەندە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامین. دەستووری نەنووسراوە ئەوەیە کە هەموو جووڵەیەکی بواری کارگێڕی و هەموو بڕیارە هەستیارەکان لە ژێر چاوەدێری و دوای تەئیدیان لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانەوە دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەمە ڕاستییەکە، بەڵام هەموو ڕاستییەکە ئەمە نییە.

ڕاستییەکی تر ئەوەیە کە لە ناوەندە ئاکادیمییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بزاڤێکی کولتووری و ڕۆشنبیریی بەهێز لەئارادایە. چەقی ئەم چالاکییانە لە پارێزگای کوردستان و لە شاری سنە و بە دیاریکراوی لە زانکۆی کوردستاندا جێگیرە. تەبارێک توێژینەوە و چالاکیی کوردستانناسی و خوێندنی باڵای زمانی کورد، ئەگەر بە ئیزنی ناوەندە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیش بەڕێوە بچن، بەڵام بە ئیرادەی بەشێکی بەرچاو لە زانا و ئاکادیمیسیەنە بەتوانا و دڵسۆزەکانی کوردستان جێبەجێ دەبن. دەکرێ لەسەر چۆنایەتی و چەندایەتیی ئەو چالاکییانە هەر جۆرە بۆچوونێکمان هەبێ، بەڵام حاشا لە بایەخی ستراتیژیکی ئەو جۆرە چالاکییانە، هیچ نەبێ لە ڕوانگەی پەرەسەندنی کولتووریی کوردستانەوە ناکرێ. ئەم ئاڕاستە زانستییە لە خزمەت بە چاند و کولتووری کوردی، درێژەیەکی سروشتی و بگرە هێمای هەنگاوێک پێشڤەچوونە لەو ڕەوتە خۆبەخش و نەریتییەی خزمەت بە کولتوور و ئەدەبی کوردی کە پێشتر، زۆرتر وەک هەوڵێکی تاکەکەسی لە کوردستاندا باو بووە. لەم ڕوانگەیەوە دەشێ بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ناودارانی کورد لەلایەن زانکۆی کوردستان لە سنە، نەک وەک پیلانێکی زانایانەی کۆماری ئیسلامی، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە، بە یەکێک لەو هەوڵانەی چالاکە ئاکادیمیکەکانی زانکۆی کوردستان بزانین کە دواجار توانیویانە کاربەدەستانی حکومەتیش قانع بە پاڵپشتیکردن یان هیچ نەبێ ڕێلێنەگرتنی بکەن. بەبڕوای من ئەمە ژیرانەترین گریمانەیە.

هەم چالاکە فەرهەنگییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات، هەم ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات، خەریکی قومارێکن لەگەڵ یەکتر: بەڕێوەبەرانی ئەو چالاکییانە دەیانەوێ خزمەتێکی گەورە بە بزاڤی کولتووریی کورد لە ڕۆژهەڵات بکەن و شایستەیی نەتەوەیی کورد بە چاوی دەسەڵاتدارانی ئێراندا بدەنەوە و هاوکات وا لە حاکمانی مەملەکەت بگەیەنن کە ئەمە بە قازانجی هەموو لایەکە و دواجار سومعەی کۆماری ئیسلامیشی پێ بەرزدەبێتەوە. حاکمانی مەملەکەتیش ڕێ بە چالاکیی سنووردار و چاوەدێریکراوی ئەوتۆ دەدەن بۆ ئەوەی لە لایەکەوە ئەو پەیامە پۆزەتیڤە بە خەڵکی کوردستان بدەن کە کۆماری ئیسلامی بەچاوی ڕێزەوە سەیری کەسایەتی و زاناکانی کورد دەکا و، هاوکات ئەو پەیامە ئاوەکییە بە دنیای دەوروبەریش بدەن کە؛ نە کۆماری ئیسلامی کێشەی لەگەڵ کورد هەیە و نە کوردیش لە ئێراندا کێشەی هەیە! لە هەمووشی لۆژیکتر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بیەوێ لەڕێی ڕێزگرتن لە "ناودارانی کورد"ەوە، دڵی کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. لەهەرحاڵدا یەک شت ڕوونە: ئەوەی لە ئارادایە دانـ و ستانی دوولایەنەیە و، هەردوو لایەنی گەمەکەش دەستیان لەسەر دڵیانە بزانن لەم قومارە ڕیسکاوییەدا قازانج سەری مایەیان لێ نەخوات!

یەک شتی تریش کە حاشای لێ ناکرێ، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی زۆر بە ڕوونی دینامیزمی پرسی کورد گەیشتووە و بۆ خۆی چاک دەزانێ قەرزێکی گەورەی کوردی لە ئێران بەلاوەیە. کۆماری ئیسلامی ئەوەندە خومار نییە نەزانێ پرسی کورد یانی چی و سنوورەکانی ئەو پرسە تاکوێ دەکشێن. خۆلێگێلکردنی کۆماری ئیسلامی لە ڕووکاری ئەو پرسە لە نەزانییەوە نییە. گرفتی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە زەرفیەتێکی ئایدیۆلۆژیکی سنوورداری هەیە و ئیسلامی، لە نێوان ئەو دوو ڕێکارەی سەرەوەدا بەدوای ڕێکارێکی سێهەمدا بگەڕێ، ڕێکارێ کە لەلایەکەوە وەڵامدانەوەیەکی لانیکەم بێ بە ویستە مێژووییەکانی کورد لە ئێراندا (بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی ڕوولەهەڵکشانی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد لە چوارپارچەی کوردستان) و لەلایەکی تریشەوە، نەبێتە هۆی ئەکتیڤتربوون و قووڵتربوونەوەی کەلێنە ئێتنیکییەکانی ناوخۆی ئێران. ئێمە کە لە گۆشەنیگای کوردییەوە سەیری ڕووکاری پرسەکە دەکەین، کێشەیەکی سادە و مافێکی ڕوون و ڕەوای لێزەوتکراو دەبینین و بەس. بەڵام ئەگەر ساتەوەختێ لە گۆشەنیگای کۆماری ئیسلامییەوە سەیری هەمان پرس بکەین، کێشەیەکی یەکجار ئاڵۆز و کۆمەڵێک داوای کەڵەکەبووی لێڵ و ترسناک دێنە بەرچاو. دەمەوێ بڵێم، بێ ئیرادەیی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵهێنانەوەی هەنگاوی جددی بە ئاقاری چارەسەرێکی هیچ نەبێ لانیکەمی کێشەی کورد لە ئێراندا، پێش ئەوەی ڕیشەی لە ئاڵۆزیی پرسی مافخوازیی کورد یان هەر کەمەنەتەوەیەکی تردا بێت، ڕیشەی لە گرفتی ئەو گۆشەنیگایەدایە کە کۆماری ئیسلامی لێیەوە دەڕوانێتە دنیا. ئەو گۆشەنیگایەش پێش ئەوەی بەرهەمی کۆماری ئیسلامی خۆی بێت، میراتێکی بەجێماوی سەد

"ناشێ تاهەتایە ڕۆژهەڵات گیرۆدەی خەباتێکی کاردانەوەیی بکرێ و، لە قاوغی بەرخۆدانکارانەی قوربانییەکی لانەوازدا، هەر خەریکی لستنەوەی برینەکانی بێت"

لەو چوارچێوەیەشدا پارادایمی مێژوویی زاڵ بۆ چارەسەری پرسی کورد پارادایمێکی ئەمنییە نەک ماف ـ تەوەر. زاڵبوونی تێڕوانینی ئەمنیەتی وای کردووە کۆماری ئیسلامی لەخشپەی مارومێروو بسڵەمێتەوە. ئەقڵیەتی کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیەیە کە بەجێی ئەوەی بڵێ "چۆن زۆرترین ماف بۆ کەمەنەتەوەکانی ئێران دابین بکەین تا کەمترین گلەییان هەبێ" دەپرسێ "چۆن کەمترین مافیان پێ ببەخشین تا کەمترین ژانەسەرمان بۆ دروست بکەن"! ئاشکراشە ڕێکاری یەکەم پێویستی بە کرانەوەی دیمۆکراتیک و گەشەپێدانی حاکمیەتی یاسا هەیە، لە کاتێکدا ڕێکاری دووهەم - کە تائێستاش ڕێکاری زاڵە - تەنیا هەوڵێکە بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی کێشەکان بەدوو شێواز: "حیلەی شەرعی" و سەرکوتی بێڕەحمانە.

هێندێ هێما و نیشانە وای دەردەخەن کۆماری ئیسلامی لە شکستی پرۆژەی دەوڵەت نەتەوەسازی لە ئێراندا، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ڕەنگاوڕەنگ و موزایکی کولتووری و ئێتنیکی ئێران.

لەو ناوەدا پرسیار ئەوەیە کە کوردی ڕۆژهەڵات چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە هەنووکەییەی سەرەوە بکا؟ ڕەنگە ئەم وتارە جێی کردنەوەی هەمەلایەنەی ئەو بابەتە نەبێ. بەڵام سەبارەت بە بۆنەی نووسینی ئەم بابەتە و بەشداریی کەسایەتی و بژاردە کوردەکان لە کۆنگرەی ناودارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆچوونی من ئەوەیە کە کورد نابێ چاو لە کۆماری ئیسلامی بکا. کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا دیارە دەستەوستانە و گیرۆدەی قەیرانێکی پاڕادیگماتیکە. لەبەرامبەردا، کورد پێویستی بە ستراتیژێکی کولتووریی ڕوون و چالاکانە و چاونەترسانە هەیە. چەکی کولتوور-کولتوور بە مانایەکی فراوان و فرەئاست- بەهێزترین و شارستانیانەترین چەکە کە کورد توانایی و زەرفیەتێکی ئینسانیی باڵای بۆ پەرەپێدانی هەیە. تەنیا لە بواری خەباتێکی کولتوورییشدایە کە هەر پارچەیەکی کوردستان دەتوانێ مەکینەی چوارپارچە لەخۆی ببەستێ! ئەمە بەمانای داشکاندنی خەباتی نەتەوەیی کورد بۆ خەباتێکی کولتووری نییە، بەڵکو بە مانای کەڵکوەرگرتنی هەرەباش (ئۆپتیماڵ) لە بەهێزترین چەکی بەردەستە. خەباتێکی شێلگیرانەی ئەوتۆ دەتوانێ وێنایەکی بەبرشتتر، کاریگەرتر و حاشاهەڵنەگرتر لە کەسایەتیی نەتەوەیی ئێمە بخەملێنێ. هەر ئەمەش دەتوانێ زەمینەیەکی ئاشتیخوازانە و پایەدار بۆ دانوستانێکی سیاسیی بەرابەرانەتر و بەرهەمدارتر لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەریدا برەخسێنێ. ناشێ تاهەتایە ڕۆژهەڵات گیرۆدەی خەباتێکی کاردانەوەیی بکرێ و، لە قاوغی بەرخۆدانکارانەی قوربانییەکی لانەوازدا، هەر خەریکی لستنەوەی برینەکانی بێت!



دەیڤید ڕۆمانۆ*

# دەبێ پیرۆزبایی لە ئاکپارتی بکەین

پارتی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنی دووبارەی سەرۆکایەتی گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵ تووشی شکستێکی قورس بوو. ئەکرەم ئیمامئۆغلو، کاندیدای پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بە جیاوازیی 775 هەزار دەنگ بەسەر بینالی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی پێشوودا سەرکەوت.

دۆڕانەکە بۆ ئاکپارتی تاڵ بوو، چونکە چەندین ساڵ لەمەوبەر ئەردۆغان خۆی گوتبووی "هەر کەسێک ئیستەنبوڵ بەرێتەوە، تورکیای بردووەتەوە". لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆن جەژنیانە، جەماوەری ئەو پارتە هیوادارن شکستی ئاکپارتی لە گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵ پەیامێکی پۆزەتیڤ و دڵخۆشکەر بێ و ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەوەی کۆتایی بە نزیکەی دوو دەیە هەژموونی ئاکپارتی بهێنێ. ڕاستیتان دەوێ نووسەری ئەم گۆشەیە چاوەڕێی نەدەکرد ئەردۆغان و پارتەکەی ڕێگە بدەن ئۆپۆزیسیۆن لە ئیستەنبوڵ بیباتەوە.

هەر دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵ خۆی کارێکی نامەشرووع و بەهۆی گوشاری سەرۆک ئەردۆغان لەسەر دەستەی هەڵبژاردنی تورکیا بوو، بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکەی پێشتری جەهەپە لە هەڵبژاردنی ئادار پووچەڵ بکەنەوە. من بۆ گۆشەیەکەی ڕۆژی 10ی نیسانی خۆم لە ماڵپەڕی (ڕووداو) ئەو ناونیشانەم هەڵبژارد: "تورکەکان دەتوانن دەنگ بدەن ـ مادام دەنگەکەیان بۆ ئاکپارتی بێ".

لە گۆشەی نیساندا نووسیم: "کەمپینی هەڵبژاردنەکان هەموو کات پڕە لە هەرا و تووڕەیی، ئەگەرچی ئەو هەرایە ئاماژە بۆ هیچ شتێکیش نەکات... بەهۆی هەموو کارە نایاساییەکان، میدیای ژێردەستی حکومەت کە دەکرێ بڵێین هیچ دەرفەتێک بە ئۆپۆزیسیۆن نادات، جووڵاندنی هێزێکی زۆری ئەمنی بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر ناوچەکانی دەنگدان (کە هێزە ئەمنییەکانیش دەنگی تێدا دەدەن) و هەموو مانۆڕەکانی دیکە، سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن موعجیزەیەکی بچووکە، موعجیزەیەک کە لە کاتی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە حوزەیران ڕێگەی بەردەوامیی پێنادرێ".

ئێستا کە هەڵبژاردنەکە سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی ئۆپۆزیسیۆنی لێکەوتووەتەوە، من بە دڵێکی خۆشەوە دان بە هەڵەکەی خۆمدا دەنێم. دیموکراسی هێشتاش لە تورکیا ترپەی دێ. هیوادارم لە داهاتووشدا ئاوها هەڵە دەربچم، لەوانەش لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تورکیادا کە زۆر لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکان گرنگترە.

هەرچەندە دامەزراوەکانی تورکیا لەلایەن بەڕێز ئەردۆغانەوە لە جەوهەری خۆیان بەتاڵکراونەتەوە، هەرچەند حکومەتی ئاکپارتی ٪95ی میدیای تورکیای کۆنترۆڵ کردووە، سەرەڕای ئەوەی سەربەخۆیی دامەزراوە دادوەرییەکانی تورکیا بەتاڵکراونەتەوە، ئەگەرچی سەدان هەزار دژبەری سیاسی دەستبەسەر و بەندکراون، بەڵام هێشتاش سێبەری دیموکراسی بەسەر تورکیاوە ماوە.

بۆ ئەوەیان دەبێ پیرۆزبایی لە بەڕێز ئەردۆغان و پارتەکەی بکرێ. زۆر ڕاشکاوانە بڵێم، ئاکپارتی لێگەڕا ئۆپۆزسیۆن سەرکەوتنێکی گرنگ بەدەستبهێنێ و بەهۆی ئەمەوە داهاتووی تورکیا پرشنگدارتر دەبێ. کەمێک دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان، ئەردۆغان و یڵدرم شکستەکەیان قەبووڵ کرد. ئەردۆغان لە تویتەری خۆی نووسی: "پیرۆزبایی لە ئەکرەم ئیمام ئۆغلو دەکەم کە بەپێی ئەنجامە بەراییەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە".

ئێستا حکومەتەکەی ئاکپارتی دەبێ بیر لە چاککردنەوەی سیستەمی یاسایی تورکیا و کۆتاییهێنان بەو یاسایانە بکاتەوە کە بۆنی پێشێلکاریی سیاسییان لێدێ، هاوکاتیش بیر لەو ڕۆژە بکەنەوە کە ڕەنگە ئەوان چیدی دەسەڵاتداری وڵات نەبن. بۆ ئەوەی سیستەمێکی دیموکراتیکی هەڵبژاردن بە تەندروستی بمێنێتەوە، ئۆپۆزیسیۆن پێویستی بە گەرەنتییە کە ڕووبەڕووی تۆقاندنی نەگونجاو نابێتەوە.

ئاکپارتی پێش هەموو شتێک دەبێ یاسا تەمومژاوییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی "بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندی تیرۆریستی" لە کۆڵ بکاتەوە. ئەردۆغان ئەو یاسایانەی بەکارهێناون بۆ بەندکردنی سەدان هەزار دژبەر. ئەگەر بێینە سەر باسی کوردیش، ئەوە هەزاران کەسیان لەسەر داوای کۆتاییهێنان بە هێرشەکانی سەر عەفرین لە سووریا بەندکراون، لە کاتێکدا دەزگا ئەمنی و دادوەرییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو کوردانە، بانگەوازەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دووبارە کردووەتەوە و لەوێشەوە "پڕوپاگەندەی تیرۆریستییان بڵاوکردووەتەوە".

چەند ڕۆژێکی کەم پێش دەنگدانەکەی 23ی حوزەیران لە ئیستەنبوڵ، میدیای نزیک لە حکومەتی تورکیا و بەرپرسانی باڵای حکومەت باسی نامەیەکیان دەکرد کە ئۆجەلان لە گرتووخانەوە نووسیویەتی و داوای لە لایەنگرە زۆرینە کوردەکانی کردووە لە هەڵبژاردنەکەی ئیستەنبوڵدا لای هیچ کەس نەگرن. ئەوە پێچەوانەی بەیاننامەی سەلاحەددین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتیکی گەلان بوو. دەمیرتاش داوای لە لایەنگرانی کردبوو دەنگ بە بەربژێرەکەی جەهەپە بدەن.

پێدەچێ بە ئاماژەدان بە بەیاننامەکەی ئۆجەلان لە پێناو بەهێزکردنی وێنەی خۆیان لە ئیستەنبوڵ، ئەردۆغان و ئاکپارتیش تاوانبار بن بە "بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی تیرۆریستی"، وەک هەموو ئەوانەی لەسەر ئەم تاوانە بەندکراون. بۆیەش ئێستا دەتوانن یاسا جێبەجێ بکەن و خۆیان دەستگیر بکەن، یانیش با ئەو یاسایە هەڵوەشێننەوە و ئەو بێهەژمار بەندکراوە سیاسییەی تورکیا ئازاد بکەن.

ئەگەر ئاکپارتی ڕێگەی دووەم بگرێتەبەر، ئەو حزبە لە کاتی ئۆپۆزیسیۆنبووندا ڕۆژگارێکی ئاسوودەتری دەبێ، هەڵبەت ئەگەر ئەو ڕۆژە بێ کە ئاکپارتی تێیدا ئۆپۆزیسیۆن بێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# منداڵێک عەرشی ئەردۆغانی هەژاند

## 1

دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی 31ی ئاداری گەورە شارەوانیی ئیستانبوڵ لە 23ی حوزەیران و ئەو شکستە دراماتیکییەی کە حزبەکەی ئەردۆغان تووشی بوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەندین گەورە شاری وەکو ئیزمیر، ئانکارا و ئەنتاڵیاشی لەدەستدا، سەرەتای کۆتایی حزبەکەی ئەردۆغانە. منداڵێک، (بەرکای گەزگین) دوای ئەوەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن لە تورکیا بڕیاری دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵی دا، هاتە پێش پاسەکەی ئەکرەم ئیمامئۆغڵو و هاواری کرد: "کاک ئەکرەم، هەموو شتێک زۆر جوان دەبێ"، ئەو ڕستەیە بوو بە دروشمێکی سەرتاسەری و سۆشیالمیدیای تەنییەوە. بوو بە دەربڕینێک دژی حزبی حاکم و هێندە کاریگەر بوو کە حزبی حاکم (ئاکەپە) نەیانزانی بۆ هەڵمەتی دووبارەی هەڵبژاردن چ دروشمێکی لەدژ بەرز بکەنەوە! تەنانەت ویستیان لاساییشی بکەنەوە و وشەی (زۆر)ەکەیان دەرهێنا و دەیانگوت: "هەموو شتێک جوان دەبێ"! دوایی بۆیان نەچووە سەر و گۆڕییان.

دروشمی منداڵێک قەدەری شارێکی گۆڕی، بەڵام هەڵوێستی نەگۆڕی HDPیش لە دەنگدان لەدژی ئەردۆغان، کۆتایی بە 24 ساڵ حوکمڕانیی نەپساوەی ئەردۆغان و حزبەکەی هێنا کە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون ئەو شارە ڕادەستی هیچ لایەنێکی دیکە بکەن. 48 سەعات پێش هەڵبژاردنەکان ئاکەپە هەموو هەوڵێکی دا و نامەیەکی ئۆجەلانی لە ئاژانسی ڕەسمیی دەوڵەتەوە بڵاوکردەوە کە داوای دەکرد کورد بێلایەن بن، بەوەشەوە نەوەستا و عوسمان ئۆجەلانی برایان هێنایە سەر تەلەڤزیۆنی TRT Kurdi و ناڕاستەخۆ داوای کرد ئەگەر دەنگ بە ئاکەپەش نادەن، دژی نەوەستن! قسەکانی هەردوو ئۆجەلانی برا، نەک هەر سوودیان نەبوو، بگرە وایکرد نەتەوەپەرستەکانی ناو ئاکەپە و مەهەپە، لە دژی دووفاقییەتی سیاسەتی هاوپەیمانیی (جمهور) بێنە دەنگ. تا دوێنێ ئاکەپە داوای لە هەدەپە دەکرد لە بن عەبای پەکەکە و ئۆجەلان بێنەدەر و سیاسەت بکەن، کەچی چەند سەعاتێک بەر لە هەڵبژاردن داوای دەکرد هەدەپە واز لە سیاسەت بێنێ و بە قسەی ئۆجەلانەکان بکات! دروشمی تیرۆریزەکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و بەکارهێنانی وەکو هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ ئاکەپە کۆتایی هاتووە و سەرەتای سەردەمێکی نوێیە لە هاوپەیمانیی هەدەپە بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەردۆغان.

## ئەردۆغان چی دەکات؟

## 2

باری نالەباری ئابووری و سەرگەردانیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و، هاوکات کێشمەکێشی دەسەڵات لەناو ئەوانەی ڕۆژانێک ئاکەپەیان دامەزراند، ئەردۆغانی خستووەتە گۆشەیەکەوە. قەیرانسازی و هەڵبژاردنی یەک بەدوای یەکدا لە 17 ساڵی ڕابردوو خاڵی بەهێزی ئەردۆغان بوون، بەڵام هەڵبژاردنی ئیستانبوڵ نیشانی دا کە کارتەکانی دەستی ئەردۆغان خەریکە کۆتاییان دێت و بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئاکەپەدا، ئێوارەی 23ی حوزەیران تەنها هەڵبژاردنێک بوو کە ئەردۆغان نەچووە سەر تارمە و نەعرەی سەرکەوتنی لێنەدا. ئەڵبەتە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن بەو ئامانجە بوو کە بیبەنەوە، بەڵام دۆڕاندنەکەی خۆیان وا وێنا کرد کە دیموکراسی لە تورکیا بردوویەتیەوە. چونکە لەوەتەی سیستەمی فرەحزبی لەسەرەتای پەنجاکانەوە هەیە و هەڵبژاردن دەکرێ، هیچ کاتێک بەقەدەر ئەو چەند مانگە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن لە تورکیا شەرعییەتی خۆی لەدەست نەدابوو. حزبە تورکەکان کە هەمیشە غەدریان لە کورد کردووە، قەت باسی تەزویریان نەدەکرد، نەوەکا بیانوو بدەنە دەست کورد، بۆیە هەمیشە مەدح و سەنای ئەو دامەزراوەیەیان دەکرد. لە ماوەی ڕابردوودا ئەردۆغان بە توندترین شێوە پەلاماری ئەو دامەزراوەیەی دا و تەنانەت بە دز، حیلەباز و ساختەکار تۆمەتباری کردن. ئەو ئەنجامە هەوڵێک بوو بۆ گەڕاندنەوەی ئیعتیبار بۆ ئەو دامەزراوەیە. چونکە وڵاتانی ئەورووپی پێشوەختە لەو باوەڕەدا بوون کە ئەردۆغان بە فێڵ دەیباتەوە، بەڵام ئەردۆغان بۆ پاراستنی شەرعییەتی خۆی، ئیستانبوڵی پێشکەشی ئۆپۆزیسیۆن کرد.

ئەگەرچی ئەردۆغان پیرۆزبایی لە سەرۆکی نوێی شارەکە کرد، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو بەرژەوەندی و ڕانتەی کە لە 24 ساڵی ڕابردوودا بۆ ئاکەپە هاتووەتەکایەوە، ئاستەمە ڕێگە بدات سەرۆکی نوێ وا بە ئاسانی حوکم بکات.

ئێستا ئەردۆغان (چونکە ئەمجارەیان خۆی لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەش بەدوورگرت) لە هەوڵی ئەوەدایە کە بڵێت ئەوە دۆڕانی حزبەکەی بووە نەک هی خۆی و خەتاکە بخاتە ئەستۆی ئەوان. خۆی وەکو مەرجەعێک لێ بکات و لە حزبەکەشی دوور بکەوێتەوە، لەوەشیاندا تەنها چاوی لە دووبارە هەڵبژاردنەوەیەتی لە 2023.

## ئیتیفاقی ئیستانبوڵ

## 3

سەرکەوتنی ئەکرەم ئیمامئۆغڵو، بەرهەمی هاوپەیمانیی میللەت نەبوو بە تەنها، بگرە هاوپەیمانییەکی ڕانەگەیەندراوی دیکە بوو بە ناوی ئیتیفاقی ئیستانبوڵ لە دژی ئاکەپە و مەهەپە. کارەکتەرەکانی ئیتیفاقی ئیستانبوڵ (جەهەپە، هەدەپە و ئیی پارتی) خاوەنی ڕوانگای چەپ و بنچینەی نەتەوەیین، بەڵام ڕەنگبێ بەرفراوانترین و کاریگەرترین هاوپەیمانی بووبن لە دژی ئاکەپە لە 20 ساڵی ڕابردوودا.

ئاکەپە هەمیشە سوودی لە پەرتەوازەیی ئۆپۆزیسیۆن بینیوە و کاری لەسەر تێکدانی بەرەی بەرامبەری خۆی کردووە. ئێستا کە ئاکەپە لەگەڵ مەهەپەدا گەڕاوەتەوە سەر ئەسڵی نەتەوەپەرستیی خۆی و قەبارەکەی بچووک دەبێتەوە (بەتایبەتیش کە بڕیارە تا پاییزی ئەمساڵ دوو حزبی لێ جودا ببنەوە) شانسی بەرفراوانبوون و درووستکردنی دیدگای بنچینەیی بۆ چارەسەری کێشەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە بە دیموکراسیکردن و پارستنی مافی پێکهاتەکان لە ڕێگەی دەستوورەوە، گەلێک بەهێزە.

مێژووی سیاسیی تورکیا نیشان دەدات کە زۆربەی حزبەکان (جگە لە جەهەپە، هەدەپە و تا ڕاددەیەکیش مەهەپە) حزبە نوێیەکان دوای لەدەستدان یان کەمبوونەوەی قەبارەیان پارچە پارچە دەبن. لە چەند دەیەی ڕابردوودا، چەندین حزب کە حکومەتیشیان بەدەستەوە بووە، دوای دۆڕاندن لە هەڵبژاردن، ناویشیان نەماوە و چوونەتە مێژووەوە. ئاکەپەش لەبەردەم ئەو مەترسییەدایە ئەگەر ئیتیفاقی ئیستانبوڵ ببێ بە ئیتیفاقی تورکیا.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# تونێلی ڕۆژئاڤا

وڵاتانی ئەورووپایی هاوپەیمانی ئەمریکا کەوتوونەتە گفتوگۆ لەسەر پێشنیازێکی ئەمریکی بۆ جێگیرکردنی هێزی هاوبەشی سەقامگیری- پارێز لە باکووری سووریا (کە ڕۆژئاوای کوردستانیش دەگرێتەوە و بەدەست کوردەوەیە). ئەو وڵاتانە هەم وەک ئەندامی ناتۆ و هەم وەک ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەدژی داعش و هەم چەند دانەیەکیان وەک دەوڵەتی هاوسۆز لەگەڵ کوردی ڕۆژئاوا، دوودڵن لە ڕازیبوون بەو پێشنیازەی ئەمریکا و دەڵێن کاتی خۆی لەڕێگەی تویتێکی ترەمپەوە زانیویانە ئەمریکا دەیەوێت لەو ناوچانە بکشێتەوە، بۆیە ئێستاش متمانەیان بە پلانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە نییە، بەڵام ناشیشارنەوە کە دڵخۆشن بەوەی ئەمریکا دەیەوێ هاوپەیمانەکانی لەو ناوچەیە لە دژی ئەسەد و هێزەکانی دیکە بپارێزێ.

ئەوەی کە دیارە، لە کۆتاییدا ئەو وڵاتە ئەورووپییانە ڕازی دەبن و لەگەڵ ئەمریکا هێز لەو ناوچانە دادەنێن. هەروەها ئەوەش ڕوونە کە شەڕەکانی نێو سووریا ئەمساڵ تەواو نابن و چاوەڕوان دەکرێ لە هەندێک ناوچە ئاڵۆزتریش ببن. بۆنموونە لە ئیدلب چاوەڕوان دەکرێ تورکیا و هێزەکانی سەر بە تورکیا جووڵەی زۆرتریان هەبێ و ئەمەش پێچەوانەی ئەو پلانەیە کە دیمەشق، بە هاوکاریی مۆسکۆ و تاران بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانە و گێڕانەوەی سوپای سووریا بۆی دایاننناوە. ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی پێکدادانی هێزە پرۆکسییەکانیان و تەنانەت تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێرانیش. چاوەڕوان دەکرێ ئیسرائیلیش لە نیوەی دووەمی ئەمساڵەوە پەلامارەکانی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئێران لە سووریا چڕتر بکاتەوە. ئەمریکاش بە پاساوی بەهێزبوونەوەی داعش لە هەندێک ناوچەی سووریا و بەتایبەتیش لە هێڵەکانی تەماس لەگەڵ باکووری سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان، ڕەنگە هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ ئەو شوێنانەی بەدەست سوپای سووریاوەن، بەڵام هێز و ڕاوێژکاری ئێرانیی لێن، چڕتر بکاتەوە.

لەو نێوانەدا ڕۆژئاوای کوردستان و ئیدارەکەی شانسی ئەوەیان هەیە کە کاتێکی دیکەی زیادکراو وەردەگرن هەم بۆ دانوستاندن لەگەڵ دیمەشق و هەم بۆ پێگەیەک لە سووریای ئایندەدا (کە زۆر دوورە جارێ ئەو سووریای ئایندەیە دروستبێت). ئەو کاتە درێژکراوەیە دیار نییە تا کەیە، بۆیە نابێ کوردی ڕۆژئاوای کوردستان دەستیان بخەنە ژێر سەریان و بێخەم لێی بنوون. بەتایبەتیش پەکەکە دەبێ پەندی لە ڕووداوەکانی ماوەی ڕابردوو وەرگرتبێ و بزانێ لەو زۆنەدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کاتین و ئەوانەی دەمێننەوە ئەوانەن کە لە ناوچەکەدا لەگەڵیان دەژین. بۆیە وەکچۆن قۆستنەوەی هەموو دەرفەتێک بۆ دەستپێکردنی دانوستاندن لەگەڵ دیمەشق لەسەر مافەکانی کوردی ڕۆژئاوا پێویستییە و شەرمیشی ناوێ کە بکرێ، ئاواش ڕەواندنەوەی هەڕەشەی تورکیا لەسەر سنوورەکان و دروستکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەی سەرەتا هەبوون و دواتر تێکدران، بەشێکی دیکەی قۆستنەوەی دەرفەتە و شەرمیشی تێدا نییە ئەگەر بکرێ. بەشێکی گرنگی ئەمەش بەوە دەبێت کە نێوماڵی پەرتەوازەی ڕۆژئاوای کوردستان یەکبخرێتەوە و ئەو ئیدارەیەی کە هەیە بۆ هەمووان بێت و بەهاوبەشی بەڕێوەببردرێت، تا تورکیاش بیانووی هەڕەشەی کەمتر بێت.

شانسێکی دیکەی زێڕین کە لەم کاتە زیادکراوەدا کوردی ڕۆژئاوا هەیەتی، بوونی نێچیرڤان بارزانییە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەو پێشینەیەکی هەیە لە لێکنزیککردنەوەی پەکەکە و ئەنقەرە و جووڵاندنی پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان و تورکیا. لە ماوەی ڕابردووشدا هانی کوردی ڕۆژئاوای دا کە لەگەڵ دیمەشق بکەونە گفتوگۆ. بۆیە دەتوانێ لەم ماوەیەدا ڕۆڵی هەبێ و هاوکار بێت بۆ دەرچوونی ڕۆژئاڤا لەو تونێلەی هێشتا دیوەکەی دیکەی دیار نییە.



ئازاد وەڵەدبەگی

# تارمایی جەنگ لە کەنداو

پاش کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لە 8ی ئاياری 2018، گەڕێکی نوێ لە ململانێی چل ساڵەی نێوان ئێران و ئەمەریکا دەستیپێکرد و دۆخەکە بەپێی هەڵسوکەوتی هەردوو لایەنی کێشەکە و ئاخاوتنی بەرپرسانی هەردوو وڵات، ڕۆژانە هەوراز و نشێو بەخۆیەوە دەبینێ. ترامپ وەک کاراکتەری یەکەم و کاریگەر لەم کێشەیە، بەگرتنەبەری سیاسەتی گورز و گێزەر و بە گوێرەی ستراتیژی وڵاتەکەی، دۆخەکە توند و شل دەکاتەوە. بەشێک لە چاودێران و شارەزایان باس لەوە دەکەن کە جەنگی سێیەمی کەنداو بەڕێوەیە و ئارایشتە سەربازییەکانی ناوچەکە، ئارایشتێکی جەنگییە زیاتر لەوەی کە مانۆڕێکی سەربازیی هەڕەشەئامێز بێت بۆ ترساندن و سڵەمینەوەی لایەنی بەرامبەر. ئەمەریکا ئامادەیی سەربازیی خۆی لە ناوچەکە زیاتر کردووە و ژمارەی دیپلۆماتە ناپێویستەکانی خۆی لە عێراق کەمکردووەتەوە و لە ئامادەباشیدایە و لە هەمان کاتدا وا خەریکە نەخشە جەنگییە کۆنەکان دەخاتەوە سەر مێز.

لە بەرامبەردا، ئێرانیش سیاسەتی نە جەنگ نە گفتوگۆی گرتووەتەبەر و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئایەتوڵڵا خامنەیی گوتی: "ئیمام گفتوگۆی لەگەڵ ئەمەریکا قەدەغە کرد و منیش قەدەغەی دەکەم". لە ڕوانگەی بەشێک لە سیستەمی فەرمانڕەوا لە ئێران، کێشەی ئێران لەگەڵ ئەمەریکا کێشەیەکی ئایدیۆلۆژی و بنچینەییە کە لە ڕێگەی گفتوگۆ و سازشەوە چارەسەر نابێت. پرسیارەکە ئەوەیە، دوو دەوڵەت کە کێشە و گرفت لە نێوانیاندا هەبێت، ئەگەر لە ڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکانیان چارەسەر نەکەن، ئاخۆ بە کردەوە بەرەو جەنگ هەنگاو نانێن؟ سیاسەتی نە جەنگ نە گفتوگۆ ڕەنگە تەنیا بۆ ماوەیەکی زەمەنیی کورت بڕ بکات و لە ئەگەری توندتربوونەوەی گرژییەکاندا ئیدی ناتوانێت کارایی هەبێت. لە سەردەمی جەنگی ساردی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، لە خراپترین دۆخدا، دەرگەی گفتوگۆ لە نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و هاوپەیمانەکانیان دانەخرا.

لە دۆخی ناسەقامگیری نە جەنگ نە گفتوگۆدا، هەندێ جار تەنانەت ئەگەر لایەنەکانی کێشەکەش نەیانەوێت، لەوانەیە بە پێچەوانەی خواستی ئەوان بەهۆی هەڵەیەک لە لێکدانەوە و حیساباتەکان یاخود بە بڵێسەیەک، ئاگری جەنگ خۆش ببێت.

بەگوێرەی ئامارەکان 6.56%ی سەرچاوەکانی نەوتی جیهان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، هەربۆیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ناوچەی کەنداو بە تایبەتی، بە یەکێک لەو ناوچانە دادەنرێت کە هەمیشە بارگاوییە بە جەنگ و ئاژاوە و گرژی. ئەگەر سەیرێکی مێژووی 70 ساڵی ڕابردووی ئەم ناوچەیە بکەین، دەبینین هەر 10 ساڵ جارێک یەک یا دوو جەنگی گەورە لەم ناوچەیە ڕوویانداوە. لە ساڵی 1961 جەنگی کورد-عێراق و لە ساڵی 1967 جەنگی عەرەب-ئیسرائیل، لە ساڵی 1973 جەنگی ئۆکتۆبەری نێوان عەرەب- ئیسرائیل و لە ساڵی 1975 جەنگی ناوخۆیی لوبنان، لە 1980 جەنگی هەشت ساڵەی ئێران- عێراق و لە ساڵی 1984 جەنگی کورد-تورکیا، لە 1990 جەنگی عێراق- کوەیت و ساڵی 1991 جەنگی عێراق- ئەمەریکا کە بە جەنگی دووەمی کەنداو ناسراوە، لە ساڵی 2003 جەنگی عێراق- ئەمەریکا، 2011 جەنگی ناوخۆیی سووریا، 2014 جەنگی داعش لە عێراق و سووریا و ساڵی 2015 جەنگی ناوخۆیی یەمەن و هاوپەیمانیی عەرەبی بە فەرماندەیی سعودیە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێستا ناوچەکە بە جەنگێکی دیکە ئاوسە و بەرەو جەنگی سێیەمی کەنداو هەنگاو دەنێت یان نا؟

سەرچاوەی بەشێکی زۆری جەنگەکان لە جیهاندا ئابوورییە، هەروەک فردریک باتیستا ئابووریزانی فەرەنسی دەڵێت: "ئەو سنوورەی کە کاڵاکان پێیدا تێپەڕ نەبن، سەربازەکان پێیدا تێدەپەڕن". یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئەوە بوو کە ئەمەریکا پاش ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێران، لەڕووی ئابوورییەوە هیچ قازانجی نەکرد و ئەوە کۆمپانیا ئەورووپییەکان بوون کە گەڕانەوە بازاڕی ئێران و لەڕووی ئابوورییەوە سوودمەند بوون، هەربۆیە ئەورووپییەکان تاکوو ئێستاش هەوڵ دەدەن بە چنگ و ددان ئەو ڕێککەوتنە بپارێزن و ئەمەریکا بگەڕێننەوە سەر مێزی گفتوگۆ. عەباس عەراقچی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران لە وتەیەکیدا لە ڤیەننا ئەمەی پشتڕاست کردەوە و گوتی کە جەنگی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران ئابوورییە نەک سەربازی.

لە دۆخی ئێستادا، دۆناڵد ترامپ لەبەر دوو هۆکار خۆی لە جەنگ دەبوێرێت، یەکەم: ستراتیژی گشتی و ڕاگەیەندراوی ترامپ ئەوەیە کە ئەمەریکا نەچێتە ناو هیچ جەنگێکی نوێوە و پێشتر ڕەخنەی لە جەنگی ئەمەریکا لە عێراق و ئەفغانستان و لیبیا گرتووە، هەرچەند ئەم تێزە لەناو هەردوو حیزبی کۆماری و دیموکرات نەیاری هەیە، بەڵام ترامپ بە توندی پێی لەسەر دادەگرێت.

دووەم: دەرئەنجامی جەنگ لەگەڵ ئێران ناڕوون و نادیارە و لەوانەیە ئەنجامی ترسناک و نەخوازراوی بەدواوە بێت. لە دۆخی ئێستادا کە ئەمەریکا بەرەو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەنگاو دەنێت، ترامپ هەوڵ دەدات دەست بەو خۆشەویستیە بەرزە جەماوەرییەی خۆیەوە بگرێت، هەربۆیە ئەستەمە ڕیسکێکی لەو جۆرە بکات و خۆی لە قەرەی جەنگێکی نوێ بدات کە حەسەن ڕوحانی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا وەکو سەدام حوسێن بە دایکی جەنگەکان ناوی برد.

هەرچەندە جۆن بۆڵتن و تیمی بی (B Team) جەخت لەسەر جەنگ دەکەنەوە، بەڵام لە دۆخی ئێستادا ئەگەرێکی کەم هەیە ترامپ دەستپێشخەری بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ بکات و لە خراپترین حاڵەتدا و لە ئەگەری ئیستفزازکردنی ئەمەریکا لە گورزی سەربازیی سنووردار تێناپەڕێت، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە بژارەی جەنگ بۆ هەمیشە بەلاوە نراوە، هەروەک ترامپ بۆ خۆی گوتی بژارەی جەنگ هەمیشە لەسەر مێزە.

هەربۆیە، دەتوانین بێژین لە دۆخێکی ناسەقامگیری لەم جۆرەدا، هەردوو لایەنی کێشەکە یاری بە کات دەکەن. ئەمەریکا دەیەوێت دەست بە سزاکانەوە بگرێت لە دژی ئێران و قۆناغ بە قۆناغ زیاتر و توندتری بکات بۆ ئەوەی کاریگەرییان باشتر و زیاتر بەدەربکەوێت و ئێران ناچار بکات ملکەچی داواکانی بێت، بەڵام هەتا کۆتایی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ساڵی 2020 هیچ هەنگاوێکی سەربازیی گەورە نانێت. لە هەمان کاتدا، ئێرانیش دەیەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان یاری بە کات بکات هەتا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا و ئۆمێدی خۆیان لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە ترامپ بۆ جاری دووەم کلیلی کۆشکی سپی وەرنەگرێتەوە و، لە ئەگەری هاتنەسەرکاری دیموکراتەکان ئیدی قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتی ئەمەریکا دەستپێدەکات کە ئەگەری ڕوودانی جەنگ کەم دەکاتەوە. لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، ئێرانییەکان پێیان خراپ نییە هەندێ کرداری سەربازیی ناڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ئەنجام بدەن کە ترامپ پەلکێشی پەرچەکردارێکی نەخوازراوی وا بکاتەوە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر خۆشەویستی ترامپ و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەبێت.

RÛDAW

# پەروین چاکار: 13 ساڵە کار لەسەر ئۆپێرای مەم و زین دەکەم

10 »




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0751 811 00 04 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net






